**ژن وەك دەریا لەدرزێکی قوڵدا**

گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی (جێندەر)

ئەرسەلان مەحمود.

دیزانی ناوەوە: AMK

بەرگ: ئیبراهیم ساڵح.

چاپی یەکەم.

چاپخانەی: کارۆ

تیراژ ١٠٠٠

ژمارەی سپێردراو:٢١٠٣

بەوانەی

شانازی بەلاوازییەکانیانەوە ناکەن، پێشکەشە.

# ژن وەك دەریا لەدرزێكی قوڵدا

گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی

ئەرسەلان مەحمود

# سەرباس

## ١

ئەوەی هات مەرجنیە بتوانێ ببێت بەنووسەر، بەڵام ئەوەی بیەوێ دەکارێ تەنانەت لەدەرەوەی بوارە ئەکادمیی و زانستیەکەیش ببێت بەڕۆژنامەوان و فێرە پرەنسیپەکانی کاری ڕۆژنامەوانی ببێت.

هەوەڵێنجار بەدیاریکراوی پاڵنەرە سەرەتاییەکە هەر دڵخواز یا پێویستیەکی هەنووکەیی ئەوسای ڕێکخراوەیی بوو، نازانم بەڵام ئەوەی لەیادمە سەرەتای کاری ڕۆژنامەوانیم وەك هەواڵنێرو ڕیپۆرتەر، لەنیوەی دووەم و کۆتایی ساڵی ١٩٩٤دەستپێکرد تا کۆتایی ٢٠٠٩.

ئەم چەند ساڵە، تا سەرەتای ٢٠٠٣ پچڕ پچڕو لەویشەوە بەفەرمی و کردەیی ئەرك و کاری زۆر جیاوازی ڕۆژنامەوانیم وەك هەواڵنێر، ڕیپۆرتەر، دەستەی نووسەران، بەڕێوەبەری کارگێڕی، بەڕێوەبەری نووسین و سەرنووسەر لەگەڵ دەیان ڕۆژنامەو گۆڤارو ماڵپەڕی ناسنامە دیارو جیاواز، مەیدانی و بەعیشقەوە ئەنجامدا، ئێستاش پتر لەهەر شتێك حەز دەکەم وەك ڕۆژنامەوان بناسرێم و دەربکەوم، نەك وەك ئەوەی بووە بەباو "ناونیشانی قەبەو جیاواز".

کاری ڕۆژنامەوانی، لەژینگەو دۆخێکدا تەموومژاوی بەستەم و ناهاوسەنگییە فەرهەنگییە کۆمەڵاتی و سیاسیەکە، لەگەڵیدا نەسازییە یاساییەکەو گیروگازە ئابورییەکەی وەك سەربار، نەك هەر ئاسان نیە، زۆرینەی جار مەترسیداریشە، یانی زۆرم نەوتووە گەر بڵێم وەك ئەوە وایە جەنگاوەرێکی ڕۆژنامەوان یا

ڕۆژنامەوانێکی جەنگاوەر بی و لەماڵەکەی خۆشتدا هەر لەبەرەکانی جەنگدا بیت!

سەرەڕاش بەدرێژایی ئەم دەیانساڵە چێژی زۆرم لەئەزمونکردن و بەخشینە ڕۆژنامەوانیەکانم وەرگرت، هاوتا باجی زۆر قورس و ناخۆشیشم دا، بەڵام ئیتر ئەمە ژیانە، ئەوەی بیەوێ خاکەڕاو خاوێن کار بکاو تێبگاو پێبگات، سروشت هەروا سادەو ئاسایی ناهێڵێ تێپەڕێ و قوتاری بێت، هەر شتێك شادی و ئازاری تایبەت بەخۆی هەیە.

کاری ڕۆژنامەوان، بێگومان ڕۆژنامەوانی سەرکەوتوو، لەڕاستیدا هەر گەیاندن نیە وەك ئەوەی ڕویداوە یا وەك ئەوەی ڕو ئەدات، بەڵکە بنکۆڵکارییە، چونکە لەهەر ڕوداوێك ڕوداوێکی تر، لەهەر دیارێکدا نادیارێك، لەهەر سازێکدا نەسازێك، هەر ئەنجامەو زیاتر لەهۆکارێك، هەر بەرکەوتەو پتر لەلێکەوتەیەك، هەر دەزوەو زۆر تر لەدرزێك، هەر نهێنییەو زنەی نهێنییەکی دی، لەهەر حەقیقەتێکدا ژان و پژانی حەقیقەتێکی تر هەیەو کنگڵێ ئەدات.

بنکۆڵکاری ڕۆژنامەوانی، لەکۆمەڵگەی تاك ڕەهەندگەراو بەفەرهەنگ داخراوەدا گرینگرتین ڕەگەزی کاری ڕۆژنامەوان و ڕۆژنامەوانییە، ئەز هێندەی توانستە عەقڵانی، ماریفی، تەکنیکی، تەکنۆلۆژی، جەستەیی، هەروەها ئەوەندەی هێزی لەتکردنی بەربەستە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوریەکانم هەبوو، تایبەت لەبوارە فەرهەنگییە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکەدا، نزیك و دور لەبوارەکانی بنکۆڵکاری بەئاڕاستەی پێشکەشکردنی زانیاری وردو نیشاندانی دیوی دووەم و ناوەوەی شتەکان هەروەها بەئامانجی هێنانە ئاراوەی پرسیارە جیددییەکان

لەزیهنیەتی تاك و بەتاك و هاونیشتمانی زیندودا، هەوڵمدا ئیزافەیەك بخەمە سەر خەرمەنی هەبوونی خۆم و هەمووان لەکوردەواریدا.

**ژن وەك دەریا لەدرزێکی قوڵدا**، زادەی بەشێك لەم هەوڵەو بژاردەی ناو دەیان کۆکاری تری لەم چەشنە دیدارو گفتوگۆو بەدواداچون و بنکۆڵکاریەی بواری جێندەرو هزری جێندەرییە لەدیدی چەند فیگەرێکی ژن و چەند گروپێك لەژنانی ڕێکخراو یا ڕێکخراوی ژنان/ـەوە.

بەڵێ، هەر یەکێك لەم دیالۆگانە لەوەختی خۆیدا بلاّوکراونەتەوە، بەلاّم بەکرۆك و لەناوەرۆکدا هێشتا سارد نەبوونەتەوە تا ئەگەر هەبێ وا وێناو ئیددیعا بکات کارەکە هەر کار گەرم کردنەوەیە، وێڕای بەردەوام هەبوونی خوێنەری نوێ، هێشتا زهنیەتە فەرهەنگی و جێندەرییەکەی دنیای ئێمە "کورد" سەرەتایەتی لەتەك هەڵکشان و هەڵزنانی بەباڵای وەها هزرینێکدا، لەبەر ئەوە باوەڕ دەکەم ئەم کۆکارە لەچەند تەوەرێکی نزیك لەیەکترو هەبوونی یەکەی هاوبەش و بابەتی لەنێوانیادا دەکارێ هێشتا وزە بەخش و کۆمەك بەخش بێت.

## ٢

جێندەرو هزری جێندەری، دەمێك ساڵە چەمکێك نەماوە روت یا تەموومژاوی و موجەڕەد، ئێستا پتر لەهەر کات و سەردەمێك دەرکەوتەو لێکەوتەی خۆی بەهاداری تایبەت بەخۆی هەیە، هێزی یەکانگری مرۆسەلارو ئازادیخوازان بەگشتی بەنداوێك نەماوە گەمارۆ دراو، وەك دەریا لەدرزێکی قوڵدا ڕاپسکاوەو دەیەوێ سەرکاو ئازاد بێت.

ئەوەی بیەوێ باشتر لەم هزرینە تێبگاو سودمەندبێ، وەك جاران قورس نیە، ئێستا بەدەیەها تیۆری بیریارو لێکۆڵەرە سایکۆلۆژیست و سۆسیۆلۆژیستەکان هەن لەهەمبەر ئەم باسە نووسراون و دەتواندرێ بەسێرچ و کلیك کردنێك بەردەست بخرێن.

راستە جیددیەتی ئەم جۆرە خێرا گەشە کردنەی هزری جێندەری، تورەیی و پرینگانەوەی زۆری جیهانی کۆنزێرفاتیفەکانی بەدوای خۆیدا هێناوە، بەلاّم ئیتر ئەمە ململانێیە لەپێناو خولانەوە لەڕابردودا یا هێنانە ئاراوەی هەبونێکی بەمانا تردا، سەرئەنجام کێ سەردەکەوێ، مەعلومە لەوەتەی مرۆڤ مرۆڤەو تا هاتووە تاك ڕەهەندگەرایی فەرهەنگی و فکری و فەلسەفی ڕەتکردوەتەوەو لەجێگەیدا ئازادی و جیاوازییەکانی لەدنیابینیدا بەرین و بەرینتر پێکردونەتەوە.

کۆنەپارێزان، نایانەوێ لەم حەقیقەت تێبگەن، بەئامرازی کۆنینەوە هەردەم لەبیانوێك زیاتر شك دەبەن تا ژیانی تاك لەبۆتەی یەکە دەستە جەمعییەکاندا گەمارۆ قانگ بدەن، هەر بۆیەش ترس لەجێندەرو هزری جێندەری، لەبنەمادا وەك ترس لەهەژموون و هەیمەنە کردنی هزرو ماریفەو فەلسەفەی مرۆ سەلار بەناو دەکەن.

کاتێك **سیمۆن دوبۆڤوار دەڵێت: هیچ مرۆڤێك وەك ژن و پیاو لەدایك نابێت** دەهەژێن، بێگومان ئەمە هەمان ئەو ئارگۆمێنتەیە جێندەرو هزری جێندەری لەسەر بونیادنراوە بەلاّم ئەمان ئەمە وەك ترس لە**دوبۆڤوار** بەناو دەکەن و نایانەوێ بکەونە دیالۆگ لەگەڵ وەها فکرینێکدا.

**راستییەکەی، مەسەلەی ژن بوون و پیاو بوون وەك چەمك، دوانەی بارهێنراوی فەرهەنگە کۆمەڵایەتییە ڕابردو خوازەکانە نەك ڕوانگەو ڕوانینە بایۆلۆژییەکە، تایبەتمەندی بایۆلۆژی نێرو مێر بوونە نەك ژن و پیاو بوون.**

بەمانایەکی دی، ئەوە گۆمەڵگەیە ئەم پێگەو ڕۆڵ و بەها بەخشینەی داوەتە مەسەلەی ژن بوون و پیاو بوون نەك ڕوانگەو ڕۆئیای بایۆلۆژی، هەر بۆیەش محافزکارەکان لەژێر ئاسمانی هەر ئاینێکدابن، لەهەر بەرگ و بەهەر ڕەگ و لەهەر ڕەنگێکدا بازۆن، ئەم هزرینە تورەیان دەکاو بەدژبەری دنیا داخراوەکەی خۆیانی دەزانن، چونکە چیتر ڕێگەیان پێنادا وەك پیاو، بپارێنەوەو سپاسی خودا بکەن لەبەرامبەر ئەوەی بەژن نەیخوڵقاندون، چونکە چیتر ڕێگەیان پێنادا وەك ژن، شوکرانەی خودا بکەن لەبەرامبەر ئەوەی بەهەشتی لەژێر پێداناون!

ئیدی حەقیقەتی نوێ ئەوەیە، **مرۆڤ مرۆڤەو دایکایەتی و باوکایەتیش سیفەن،** جێندەرو هزری جێندەری نە ئەلتەرناتیڤەو نەخۆیشی بەوەها بەدیلێك لەئایدیاو ئایدیۆلۆژیای ڕوت دەزانێت، ئەمە هزرین و مەسەلەیەکی زانستیە، کار لەسەر کاڵکردنەوەو سڕینەوەی ئەو جیاکاری و جیاوازیانە دەکات باوەڕی نەگۆڕو باو، فەرهەنگی جێماو، نەقڵ لەبری ئەقڵ سەپاندونی.

جێندەرو هزری جێندەری، نەوەك ئەوەی کۆنەپارێزان ئیدیعای دەکەن داوای هەڵوەشاندنەوەی خێزان دەکات، نەوەك ئەوەش نەیارە زیهنیەت تاریکەکان تەبلیغاتی لەسەر دەکەن باوەڕی بەهاوڕەگەز بازی و ئەم جۆرە تایبەتمەندیە کەسیانەوە هەیە، نەخێر هزرینێکە دژبەری چەوساندنەوەی مرۆڤە بەژێر لێوی پیابوون و ژنبوونەوەو ئەم بەجۆرو ژمارە چواندنەی مرۆڤ و مرۆڤایەتییە.

جێندەر، تێگەیشتنە لەچەمکی مێینەو نێرینەو قبوڵکردنی وەك خۆی لەمرۆڤدا، نەك لەڕێگەی تەوزیفکردنیانەوە بەسەر ژن و پیاو بووندا، تۆ پیاوی ئەمە ڕۆڵ و پێگەتەو تۆش ژنی ئەمە دەورو دەرفەتتە دەرهاویشتەی فەرهەنگی جڤاکی بۆماوەیخوازو هەڵخڕێنەرە، یەکەم هەنگاوی هەوڵی بونیادنان و هێنانە ئاراوەی مرۆڤ، سەرچاوەو سوژەکەی هەوڵ و پێگەو ڕۆڵی هاوبەشە لەنێوان مێینەی و نێرینەدا، ئامانجی ئەو جیاکارییە ڕەگەزییانەی بەدوای ئەم پرۆسەیەدا دێن، لێدانە لەپێگەو بەهای هاوسەنگی ئەم هاوکێشە سروشتییە مرۆ سەلارییە.

جێندەر، هزری بەماناکردنەوەی وەها بێمانایەك و هزری هاوسەنگخوازانەی ڕۆڵ و پێگەو هاوتاکاری ماف و بەربرسیارێتی و دەرفەتی یەکسانی مرۆییە. نەك وەك ئەوەی خەتێك لەفێمێنیستەکان تەبلیغاتی بۆ دەکەن بۆڵد کردنی ڕەگەزێك و کاڵکردنەوەی ڕەگەزەکەی تر، جێندەرو هزری جێندەری واتا پێدانی ماف و دەرفەتی یەکسان لەبەردەم مێینەو نێرینەدا، نەك وەك ئەوەی جڤاکگەران ئەم ماف و دەرەفەت و پێگە سروشتییە مرۆییە تەوزیفی ڕەگەزی دەکەن.

**هزری جێندەری، لەبری تەوزیفی جۆرایەتی، ئەم بەژێر بارو ئەو کردن بەسەر بار، لەبری ئاوالآ کردنی هێزو ئاوەزی ئەم و زیندانی کردنی وزەو هێزی ئەو، ئامرازی فراژاندنی منداڵانە بەئاڕاستەی دەرکەوتن و ئەزمونکردن و تەوزیفی توانستە شاراوەکانیان وەك ئەوەی هەن، وەك ئەوەی دەیانەوێ ئەزمون بکەن، وەك ئەوەی دەخوازن ئیزافە بخەنە سەر هەبوون.**

دیارە بەجیاوازی زۆرەوە، بەڵام ئەمڕۆ لەدنیای هەرە پێشکەوتوو بگرە تا بەکۆمەڵگەی خۆپارێزی خۆرهەڵاتی و لەمەڕ خۆمان دەگات، هەمووان هەموو

ساتێك نایەكسانی لەمافی منداڵانەوە بگرە تا بەگەورەكان دەگات دەبینن، ئەمە لەخێزانەوە بگرە تا خوێندنگەو شەقام و كۆمەڵگا، لەدەقی كتێبەكانەوە بگرە تا میدیاو ڕاگەیاندنەكان، كێ چاودێری كێ دەكات، كێ ئازادانە ئەزموون و كێ زەبوونانە ئەزبەر دەكات، ئاگادارییان لێ دەكات. كێ خۆی كردوە بەسەرچاوەی داهات و كێ كراوەتە مشەخۆر، كێ دادوەرو كێ بڕیاردەرە، ئەمانەو دەیەها سەرنجی بەجێ و لەجێتردا ناهاوسەنگی و نایەكسانییەكی بێشوماری ڕوحكوژیان خولْقاندوە. ئەوەی باجەكە ئەدا مێینەیە بەدیاریكراوی بەڵام لەبنەمادا مرۆڤبوون و مرۆڤایەتییە، ئەوەی بەرهەمی ئەم باجەش دەخوا نێرینەیەكە شاخدارو جەنگەڵێ.

ئەركی منداڵ نانەوەو كاری ماڵداری بەسروشت هاوبەشە، كەچی ئاگاداری منداڵ و جێبەجێكردنی ئەركی ماڵداری لەزۆرینەی هەرە زۆری كۆمەڵگەكان و كۆمەڵگەی خۆرهەڵاتی بەتایبەتی بەتەنها ئەرك و كاری ژنە، هۆكارەكە مەعلومە بێگومان ئامانجەكە نادیدەگردنی پێگەو ڕۆڵی هاوبەشی مێینەو سنوردار كردنی ماف و دەرەفەتی خستنە ڕوی توانست و ئەزمونكردنی ئازاد ژیانكردنیەتی.

لەكاتێكدا، گرێنتی كردنی هاوسەنگی و یەكسانی پێگەو ماف و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی هاوبەش و هاوپشك تایبەت بۆ میللەتانی لەمەڕ ئێمە لەئاوی حەیات گرینگترە بێگومان لەزۆر ڕوانگەو ڕوی بابەتی و فەرهەنگی و مرۆییەوە، بەپێچەوانەوە جڵەوكاری پێگەو ماف و بەرپرسیارێتییە مرۆییەكان لەلایەن هەر ڕەگەزێكەوە بێت، ژیان هێندەی دی دەخاتە دۆخێكی سنورداری تەنگەبەرو بێدادەوە.

بەداخەوە، بەدرێژایی ئەم ڕۆژگارە ئەگەر نەوتریٚ ڕۆژنییە هەواڵێکی خودکوژی و خۆسوتانی مێینەیەك ویژدانمان نەهەژێنیٚ، ئەوە بەڕەهاییەوە هیچ هەفتەیەك نییە توندوتیژی هەمەکی هەر لەتەحەڕوشەوە تا خنکاندن نەکرێتە سەر هاوبەشەکانمان، ئەمە هەر لەناوخۆدا نا، ئەوەتا ڕاپۆرت و ئاژانسە جیهانیەکان و شارەزایانی بواری فیزیکی یان سێکسوالّی لەتازەترین بەلاغ و بلاْوکردنەوەدا دەلّێن: یەك لەپێنجی مێینەی تەمەن ١٥–٤٩ سالّی، ڕۆژانە توندوتیژی جۆراو جۆریان بەرامبەر دەکرێت. هەروەکچۆن بەپێی ئاماری ٢٠٢٠ی یونسێف نزیکەی١٣ ملیۆن کچی تەمەن ١٥ و ١٩ساڵی واتا یەك لەپێنجی کچان ڕوبەڕوی دەستریٚژی سێکسی بوونەتەوە.

ئەرسەلان مەحمود



## کازیوە ساڵح:

## بۆ ئەوەی پیشتگیری لەژنان بکەیت پێویست ناکات ئەنتی پیاو بیت

**کاك ئەرسەلان سڵاوو حورمەت، ببورن وەڵامدانەوەی پرسیارەکانت ئەوەندە دواکەوت، ئەم ماوەیە بەهەندێ کێشەی تایبەتیدا تیپەڕیم کە ئەم بارودۆخە نوێیەی کەنەدا بۆ هەموانی خولقاندووە، ئەو کاتەی بۆ وەڵامدانەوە تەرخانم کرد ناچار بووم بۆ ئەو دۆخەی نوێیەی تەرخان بکەم. ئەم هەفتەیە لەماڵەوەم، بفەرموون با بەر لەهەمووان وەڵامی پرسیارەکانی جەنابت بدەمەوە.**

**کازیوە ساڵح**

**ئەرسەلان مەحمود:** زۆر سپاس، بەهیوای ئەوەم ئیتر باش بێتە پێش. کەواتا باهەر لەمەوە بڕۆینە ناو باس و گفتوگۆکەمان، خۆتان ئەزانن نزیك بەساڵێکە چاوەڕوانی ئەم دەرفەتەم لەگەڵ ئێوەدا، گوتتان بەدرێژایی هەموو ئەم ماوەیە وڵامی ڕۆژنامەنووسانت نەداوەتەوە، کار یا ئەم پڕۆژەو ڕێنامانە چین و کامانەن کازیوەیان ئەوەندە بەخۆیەوە سەر قاڵ کردووە؟

**کازیوە ساڵح:** دو هۆکار هەن ئەمە دیاری دەکەن.

**یەکەم:** هاوکات لەگەڵ ئەوەی دەخوێنم، کاریش دەکەم، هەروەها دو برای خۆشم پەروەردە کردوەوە، ئەمە ئاسان نییەو کاتێکی ئێجگار زۆری لێگرتووم.

**دووەم:** دیاریکردنی هێڵی جوڵانەوەی خۆم لەگەڵ ڕاگەیاندن، ئەمە بەو مانایەی دەمەوێ بەشێوەیك بێت بگونجێت لەگەڵ دۆخ و هەڵویستم ناجێگری نەبێت.

**ئەرسەلان مەحمود:** واتا چۆن؟

**کازیوە ساڵح:** بەنموونە، پێم وایە ئەو ڕۆژنامەنووسەی بەبێ سەرخانێکی مەعریفی گفتوگۆو دیدارو قسەکردنی ئەم و ئەوی کردوە بەوەسیلەیەك بۆ نان پەیداکردن بەجۆرێ چەند پرسیارێکی نەرێتی نووسیوەو لەیەك کاتدا دەینێرێت بۆ دەیان کەس بەبێ ڕەچاوکردنی پرۆفشن سەبارەت بەکارو بوارو نووسینی هەر یەك بەراورد بەو پرسیارانە، بەبێ خوێندنەوەی نووسەر هەروەها بەبێ ڕەچاو کردنی ئاست و هەڵوێست و مێژوی ئەو کەسانەی پرسیارەکانی بۆ دەنێرێت سەبارەت بەلێکچون و نزیك کردنەوەیان، گەر وەك لایەنی مۆراڵی مەعرفیش نا لانیکەم وەك متمانەی خوێنەر، **ڕۆژنامەنووس ناتوانێت خوێنەر بەلای بابەتەکەیدا کێش بکات گەر وەك چێشیتی مجێوری لێکردو هێلێکی فکری و ئاستی لەناو کارێك و کارێکی تردا نەبوو،** ئەمە بۆ خۆی جۆرێکە لەتەمبەڵی هزری و گەندەڵی فکری، **نووسەر دەبێت خۆی بپارێزێت تێوەگلان و شەرو مێژوپەك کەخەون و خولیاو مێژوی ئەو نین،** بەڵام بەداخەوە لەو باخچە دڕکەدا گوڵە نیانەکانیش دادەپۆشرێن و ئێمە ناتوانین لەم دورەوە بەئاسانی ڕۆژنامەنووسە باشەکان جیا بکەینەوە.

**ئەرسەلان مەحمود:** هیوادارم سەرنجەکانت بگەن و کۆمەك بەخش بن.

وەك پیشەگەر ژمارەی ئەو ژنە نوسەرە جدییە کوردانەی لەچەند بوارێکدا دەنووسن زۆر کەمن، ئایا ئەمە هۆکارێکی دیاریکراوی هەیە؟ دەمەوێ لەئەزمون و تێگەیشتنی خۆتانەوە کەمێك سەبارەت بەو باسە بۆمان بدوێیت.

**کازیوە ساڵح:** کاری جیددی و فکری، پەروەردەکردنی بەهرە، ئیرادە، متمانە، هۆشیاری و کاتی دەوێت، ئایا دۆخی ژنی کورد دۆخێکە بتوانێ ئەم ئامانجانەی تێدا بپێکێت؟ ئایا ژینگەی کوردی ژینگەیەکی بەپیتە بۆ بەهرەی ژن؟!

ئێمە هەر لەمنداڵیەوە وا فێر کراوین زەوی تەختە، کەچی هەر کە جورئەتی رۆشتنیشمان کرد لەکەنارەوە دەکەوینە خوارەوە. لەکۆمەڵی ئێمەدا ژن تەنها گرووپێکە بۆ هەمیشە کۆنتراکتی لەگەڵ چەوساندنەوەدا بەستووەو شکاندنی ئەو کۆنتراکتەش شەرم بۆ ژن و زرەرمەندی بۆ پیاو دەهێنێت!

لێرەوە ئەم ئازارەی بۆ کراوە بەسرروشتی ژیانی و وەك کولتورێکی سروشتی وەریئەگرێت، ژنێکی بێئیرادەی نێو کۆمەڵێکی بێئیرادەو نالۆژیکی وەك ئەوەی خانمە نووسەری ئەمەریکی لویس وەیس وەسفی دەکات **"پیاو داوای لێبوردن لەلاوازیەکانی دەکات، ژنیش لەبەهێزیەکانی"** ئێمە لەکاتێکدا هێزو هزرو ئاوەز، شەرم و نەنگی و لاسەنگی بێت، نەفامی و بێباکیش ڕەوشت و بەهرەو دانایی بێت، چاوەڕوانی چی لێ دەکەیت!؟

هەر مرۆڤێك بەهرەیەکی تێدایە، هەموو بەهرەیەکیش پێویستی بەپێشەنگێکە بەرەو ئەو شوێنەی بەرێت لێوەی پێدەگات، **ئەم خەسڵەتەی خێزانە کوردەکان هەندێ جار بۆ کوڕەکانیشیان باوەڕیان پێی نیە چجای کچەکانیان**، پاشان کێ دەزانێت کاری جدی ژنان لەناو کورددا بوونی هەیە یان نا، کوان ئەو بایەخ و خوێندنەوانەی بەکاری ژنان دراون لەکۆمەڵی ئێمەدا، تەنانەت بەوانەیشەوە خۆیان بەپیاوێکی فیمینسیت دەزانن!

**ئەرسەلان مەحمود: هۆکارەکە چییە؟**

**کازیوە ساڵح:** بەنمونە بۆچونم هەبووە لەسەر ئەنفال، دو ساڵ بەر لەپیاوێکی نووسەر گوتومە، بەڵام کەس نەیگووت وەك کازیوە ساڵح ئەڵێت، کەچی پیاوە نووسەرەکە هەمان بۆچوونی منی دووبارە کردوەتەوە، نەك پێی نەگوتراوە تۆ

بۆ بۆچونی کەسێکی دیکەت مۆنۆپۆل کردوە، بەڵکە بەدەیان کاکە ئەڵێن وەك کاك فلان ئەڵێت. ئایا تۆ بەم حاڵەوە دەتەوێ لەم کۆمەڵگەیەدا ژنی جیددی و بەهرەمەندت هەبێت؟

**ئەرسەلان مەحمود:** حەز دەکەم هەر خۆتان وڵام بدەنەوە.

**کازیوە ساڵح:** دەی دەبا سەرەتا لێکۆڵینەوەیەك لەسەر کاری هەندێ لەپیاوە بەرهرەمەندو جیددیەکانمان بکرێت و بزانین چەندی کاری ژنەکانە براوەو بردویانە، ئینجا با باسی داهێنان و جیددیەت لەجیهانی ژنی کوردیدا بکەین.

**ئەرسەلان مەحمود:** وڵامێکی بەجێیە. دەی با بچینە سەر پرسیارێکی دی، لەئێستادا دوو ئاڕاستەی جودا لەفێمینیزم دەبیندرێ، ئامانجی یەکێکیان پاراستنی یەکێتی ڕەگەزییەو ئەوەی تریان پتر جەختکردنەوەیە لەبەها مرۆییە جێندەریەکانی ژن، یانی خوازیاری ئەوەن کۆمەڵگەیەك بهێننە دی تەوەرەکەی ژن بێت، دەمەوێ تێگەیشتینی کازیوە ساڵح سەبارەت بەم باسە بزانم.

**کازیوە ساڵح: ئاراستەکان هەر چییەك بن، پێناسی فیمینیست دواجار هەر ئەوەیە کە ژن مرۆڤەو ژیانێکی مرۆڤانەی بۆ هەموار بکە.** کۆمەڵی کەنەدی کۆمەڵێکە تەوەرەکەی ژنە، یەکەم ماف مافی ئافرەتە، دووەم مناڵەو سیهەم پیاوە، بەڵام لەناواخن و ژیانی رۆژانەدا هەوڵ بۆ یەکیەتی ڕەگەزی دەدرێت، چونکە لەگەڵ ئەوەی یەکەم مافی هەیە هێشتا ڕوبەڕوی چەوساندنەوەو کێشەی زۆر دەبێتەوە.

**کۆمەڵگەی مرۆیی ڕۆژئاوایی تەنانەت کاتێك کەبانگەشەی کۆمەڵێکیان دەکرد تەوەرەکەی ژن بێت، چەمکەکان و گەلێ زاراوەی ڕۆژانەی خۆیان کە ناوی**

**پیاوی لەگەڵ دەهات گۆڕیان بۆ زاراوەو چەمکێك بۆ مرۆڤ گونجاو بێت و تۆنی ڕەگەزی تێدا دەرنەکەوێت.**

**ئەرسەلان مەحمود:** باوەڕی ئێوە بەدیاریکراوی لەسەر ئەم دوو هێڵەیە؟

**کازیوە سالّح:** باوەڕم بەکۆمەڵگەیەکە ئاراستەو ئامانجەکەی یەکیەتی ڕەگەزی بێت، بەڵام بۆ ئەوەی پیاو دەست لەڕۆحییەتی توندوتیژ هەڵگرێت، بێگومان لەڕوی زانستیەوە دەرکەوتووە پیاو تونوتیژ ترە، هەتا ڕادێت لەسەر ئەم دۆخەی چەندین سەدەیە پەسەندی نەکردوە، پێویستە ماف و هاوکاری یاسایی زیاتر بۆ ژنان بەرقەرار بکرێت.

**ئەرسەلان مەحمود:** مەسەلەن وەك چی و چۆن؟

**کازیوە سالّح:** بۆ ئەوەی پیشتگریی لەژنان بکەیت پێویست ناکات ئەنتی پیاو بیت. بەڵام پێویستە خوێندنەوەت بۆ پیاوی کۆمەڵگەکەی خۆت هەبێت. تەنها پێویستە سەیری کۆمەڵگەی خۆت بکەیت، والێك بدەیتەوە تۆ نەك دو ڕەگەز بەڵکە دوو عەشرەتت هەیە، یەکیان باوەڕی بەهزری شارستانیەت و گفتوگۆ هەیە، لاکەی تریش بەچەك و زۆرداری، ئەم دوجیاوازیەش کۆمەڵێ مەترسی ڕوبەڕوی کۆمەڵەکەت کردوەتەوە. مامەڵەی پێویست بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆ بۆ ئەوەی یەکسان بیت لەگەڵ ڕەوتی جیهان ئەگەر حکومەتێکی عەشرەتگەریش بیت پێویستە لەڕوی یاساییەوە بەرگری لەچینی یەکەم بکەیت و یاساکانت بەشێوەیەك ڕێك بخەیت ئەو مەترسیانە لەکۆمەڵەکەت بەدور بگرێت.

**ئەرسەلان مەحمود:** بەلەبەرچاو گرتنی جیاوازییەکان لەشوێن یا وڵاتێك بۆ شوێن و وڵاتێکی دی، چەوساندنەوەی ژنان ڕیشەیەکی قوڵی مێژویی هەیە، ئایا ئەوان بۆ دەچەوسێندرێنەوە؟

**کازیوە ساڵح:** چەوساندنەوەی ژنانی ڕۆژئاوا تەواو جیاوازە، من پێشتر گووتومە لەزۆر ڕوی کۆمەڵایەتیەوە وەك جیاوازی کوالێتی دو قەفەزە، یەکیکان لەزێڕ دروستکراوە ئەوەکەی تریان لەئاسن، بەڵام دواجار قەفەز هەر قەفەزە.

ئەمەش لەڕاستیدا ئێمەی پەناهەندە دروستمان کردوە، **بەپێی ئەو ئامارانەی لەسەنتەرەکانی توندوتیژی لێرە دەست دەکەون لەسەدا نەوەدی ئەوانەی ڕوبەڕوی توندوتیژی دەبنەوە خەڵکی وڵاتەکە نین و پەناهەندەن.**

**ئەرسەلان مەحمود:** بەم عیبارەتە، کێشەکە بوعدێکی کەلتوری هەیە.

**کازیوە ساڵح:** دەی دروست ئەوەیە. ئێمەی ڕۆژهەڵاتی لەزۆر ڕووەوە کولتوری ئەوانیشمان ناشرین کردووە، **هەر یەکەمان دەوڵەتێکی خۆمان لەماڵەکەنماندا دامەزراندووە**، ئەو بەشەی تری ژن کە ڕوبەڕوی چەوسانەوە دەبێتەوە داواکانی جیاوازن، ئەو پێی وایە پرۆفیشناڵە کار دەکات، دایکەو کاری ناوماڵیش بەشی خۆی دەکات، بۆیە **نابێت پیاو بیەوێ پیشلەیەکی چرنوکاوی و نەرمی سێکسیش بێت** و ڕوبەڕوی گلەیی یان خیانەتی بکاتەوە کە توندوتیژی مەعنەویە. هەروەها توندوتیژیەکانی تر گشتین، ئەم جۆرە توندوتیژیانەن کە ئەمرۆ ڕوبەڕوی کۆمەڵگە دەبێتەوەو قوربانیەکانی زیاتر ژن و منداڵن بەگشتی، وەك کوشتن و لاقەکردن یان بەکارهێنانیان وەك باندی سێکس فرۆشی و مادەی بیهۆشکەر پێفرۆشتن، ئەم جۆرە توندوتیژیانە سیستمی سەرمایەداری بەدوی

خۆیدا ئەیهێنێت و ڕێژەکەی زۆر بەرزبووەتەوە. بەڵام بەجیددیش کاری بۆ دەکرێت چ لەڕوی دەسەڵاتی حکومەت و ئاسایش، چ دەسەڵاتی ڕاگەیاندن کە بەڕاستی کاری زۆر باش دەکەن لەم بوارانەدا، ئەکید دەسەڵات و خەڵکانی خۆبەخشیش سەبارەت بەلێکۆڵنەوەو بەدواداچوون لەو کەیسانە کاری باش دەکەن. ئەمەش دوو جەمسەری پێچەوانەی هەست بەلێپرساوێتی کردن دەر دەخات لەنێوان ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتدا.

**ڕۆژهەڵات خۆی بەلێپرسراو دەزانێت ئاگای لەهەموو کێشە کەسییەکان بێت و دەست بخاتە ژیانی تاکە کەسێتییەکانەوە** بەڵام کە گەیشت بەکێشەی گشتی لێپسراویەتیەکانی خۆی لەبڵاوکردنەوەی تۆمەت و دەنگوباس دەبینێتەوە تا چارەسەر بۆ کێشەکەو "سەری نایەشێ بۆچی بیپێچێ" فەلسەفەیەتی.

بەلأم **ڕۆژئاوا ئەوەی بەکاری خۆی نازانیت تەدەخولکردنی ژیانی کەسی تاکە،** بەڵام لەکێشەکاندا خۆی بەهاوبەش و هاوکاری دۆزینەوەی چارەسەر دەزانێت. بەواتایەکی دی کۆمەڵگە دروستی و دروستی کۆمەڵگە بەبەشێك لەئەرکی خۆی دەزانێت، دیارە ئێمە قسە لەسەر ڕێژە دەکەین نەك ڕەها.

لێرەدا دەگەڕێمەوە بۆ خاڵی سەرەتاو ئەڵێم هەموو کێشە جیاوازەکانی کۆمەڵی ئێمە، کێشەی هەستنەکردنە بەلێپسراوێتی و چاوەڕوان کردنی ژیانێکی تەمەڵانەو بەتاڵ لەکۆشش، ئەرك، خود پێگەیاندن و هەرزانە، هەرزە بەواتای تەمەن ناڵێم هەرزەی فکر.

**ئەرسەلان مەحمود:** با بڕۆینە سەر باسێکی جودا تر، ئایا پێتان وایە ئاریچەی کۆی پەیوەندییە ئینسانیەکان سێکس بێ، ئایا ئەوەی لەنێوان ژن و پیاوێکدا

ڕو ئەدات، دەشێ وەك ئاوێنەیەك بۆ هەموو پەیوەندییە ئینسانیەکان ئەژمار بکرێ؟

**کازیوە ساڵح: ئەو تاکەی هاوڕێ نەبێ لەگەڵ خۆیدا، ناتوانێ ببێت بەهاوڕێ لەگەڵ ژیانیشدا**، کە هاوڕێ نەبوی لەگەڵ ژیاندا دەبیت بەمرۆڤی جەنگەڵی. مرۆڤی جەنگەڵی، باوەڕی بەپەیوەندیە مرۆییەکان نیەو چێوەی بۆ پەیوەندیە جیاوازەکانیش نیە. جەنگڵییەکان هەموو شت لەغەریزەدا دەبیننەوەو ژنیش تەنها وەك ئامرازی دامرکاندنەوەی غەریزە.

جگە لەفلتەرە نامرۆیەکانی نیچە کەپێی وابوو ژن تەنها ماشینیزمی سێکسییە! چەندین ڤایرۆسی وەك "ئەگەر ژن بەدوای خوێندەواریدا گەڕا ئەوا ئامێری سێکس کردنەکەی شکاوە" یان دەڵێت" کاتێك ژن ڕو لەزاست دەکات کێشە لەچانسی سێکس کردنیدا هەیە" ئەمانەو زۆر وتەی نابەجێی دی سەبارەت بەچینە کۆمەڵایەتیەکان، کەهیچی لەناو کۆمەڵدا جێگری نەبوون.

**ئەرسەلان مەحمود:** ئەگەر ئەمە ڕونتر بکەیتەوە.

**کازیوە ساڵح:** بەنموونە نەك وەك مەسەلەیەکی ئایدیاڵی. هیچ زاناو فەیلەسوف و کۆمەڵناس و دەروناسێك شك نابەم ئەم پێوەرە نامرۆییەی نیتچەی کردبێت بەفاکتی مانەوەو پێکەوە ژیانی هیچ کۆمەڵگەیەك. لێرەوە ئەگەر بیرکردنەوەی نیچە وەك فەیلەسوفێکی نازی سەردەمی نازیەتی ئەڵمانی بەراورد بکەین بەکۆمەڵی کوردی کەڕێژەیەکی ئێجگار بەرزی هەمان باوەڕی هەیە، ئەوە شوناسی کۆمەڵێکی نازی و فاشی بۆ کۆمەڵی خۆمان دەستنیشان ئەکەین.

دەکرێ بەبیانووی ئەوەی ئێمە کۆمەڵی پاش کۆلۆنیالیزم و حوکمی فاشین هەموارکردنی ئەو شوناسە بەکۆمەڵێکی دواکەوتوو ئاڵۆدە بەگرێیەکانی چەپاندن واتە لاویش کە وەك سەنتەری گۆڕانکاریەکان دێتە هەژماردن، ئنتمای لاویەتی لەڕوی فکری و قۆناغە سروشتیەکانی خواستەوە دۆڕاندوە.

**هەر کاتێ پەیوەندی سێکسی بکرێ بەپێوەری مرۆڤایەتی، ئەوە ئەم ساتەیە تیایدا نەپەیوەندی مرۆڤایەتی بوونی هەیەو نەتێگەیشتنیش لەمرۆڤایەتی.** هەر پەیوەندیەك لەسەر بنەمای سێکس دارێژرا گارەنتی خەسارەتە، لەپەیوەندی خۆشەویستیشدا **ئەو پەیوەندیەی لەسەر جێگاوە دەست پێدەکات هەر لەسەر جێگایشەوە بەکورتی ئارەزو کردنی مرۆڤ بۆ مانەوە لەجێگادا کۆتایی دێت،** ئەم ڕاستیەش ئەمڕۆ ژمارەیەکی بەرچاوی تاکی ڕۆژئاوایی لێی تێگەشتون و پراکتیکی ئەکەن.

با ڕونتر پێت بڵێم، من باوەڕی زۆرم بەهاوڕیەتی هەردو ڕەگەزە، بەتایبەت لەنێو ئەو کۆمەڵانەی وەك کورد بەبێ بڕینی شارستانیەت باز ئەدانە قۆناغی سەرمایەداری.

**هاوڕیەتی، نهێنیەکە کۆدی ڕکە شاراوەکان دەکاتەوە بۆ تێگەیشتن، بەتایبەت بۆ ئێمە کە کێشەی هەڵاواردنی ژنمان هەیە. هەمیشە هاوڕیەتی ناوبڕی ڕێگە دورەکان ئەکات، هاوڕێیەتی لەگەڵ ڕەگەزی جیاوازدا سەرکەوتوو ترە هەتا یەك ڕەگەزی،** بێگومان گەر هاوڕێیەتی بێت لەپێناوی هاوریەتیدا. کە ئەم کۆدە کرایەوە، کۆدی بینین بەدڵنیاییەوە وەك ئەوەی کەهەن نەك ئەوەی پێشبینی یەك ئەکەن، کۆدی خودناسی و لەوێشەوە کۆدی بەرامبەرناسیش دەکرێتەوە کە گرینگرتین هۆشیاری زاتیە بۆ گۆڕینی جەنگەڵە سەپێندراوەکان.

**ئەرسەلان مەحمود:** ئەی سەبارەت بەپێگەی ژن لەئایینە ئاسمانیەکاندا ڕاتان چییەو دەتانەوێ چی بەمن و بەخوێنەریش بڵێن؟

**کازیوە ساڵح: ئەنیشتاین وتەیەکی زۆر جوانی هەیە دەڵێ: خودا دۆمینە ناکات.** بەڵام ئاین پێچەوانەی خودا دۆمینەو شەترەجنیشی کرد لەگەڵ جیهاندا، ئاین هەموو مرۆڤە بەرهەم هێنەرەکانی کوشت، سەرەتا بەزانست و فەیلەسوفەکان دەسیتپێکرد پاشان بەژن، دیارە **لەتیوری ئاییندا هەر ژن دەبێت بچەوسێتەوە چونکە لەئاینەکاندا ژن لەبەرهەم دانابڕێت.**

**ئەرسەلان مەحمود:** باشە دەتوانی پێم بڵێی مرۆڤەکان بۆ ئەوەندە وابەستەی ئاین و ئایدۆلۆژیەتەکان بوون، ئایا ئەوان مرۆڤیان دڵنیاترو بەختەوەر ژیاوتر کردوە یان پێتان وایە دەبێ چ ئاڕاستەیەك وەربگرن؟

**کازیوە ساڵح:** وابەستە بوونی مرۆڤ بەئاین و ئایدۆلۆژیاوە، جەدەلێکی زۆر ورد هەڵدەگرێ، یانی بەدەرە لەمەودای دیدارییەکی وەها ڕۆژنامەوانی، مەسەلەن وەك جەدەلی تایبەت نەبوون و سەنترالٚ بوونی ئاین، جەدەلی تێکدەرو ڕێکخەری کۆمەڵایەتی، جێگۆڕکێ و پەناگەری لەگەڵ سیاسەت، ئابوری و میکانیزمی ژیانی کۆمەڵە جیاوازەکان، پەیمانی کۆمەڵایەتی و وابەستە بوونی کولتوری و سیۆسیۆلۆژی و هۆشیاری کۆمەڵایەتی، هێرمۆنیتکاو متمانەی مێژوو دەیان جەدەلی دی کە هەر یەکەیان هەڵوەستەو لەسەر وەستانی زۆری دەوێت.

بەڵام من پێم وایە لەهەموو ئەمانە کاریگەرتر خەیاڵ و کاریگەری فەنتازیایە لای مرۆڤ. مرۆڤ لەبنەمادا بوونەوەرێکە ئارەزوی گەڕانی بەدوای نادیارەکاندا

لەهەموو مەیلێك تیادا زیاترو باڵاترە، بریکردنەوەش لەنادیارەکان جوانترین و ترسناکترین و بێوەڵامترین و سەرسامترین خەیاڵی پێ بەخشیوە. ئەم خەیاڵانە زۆر جار بیانوی جەدەلەکانی دیکەیشی بەخشیوە. چونکە بەهەموویان متمانەو ئاسایشی دەرونی بۆ ئەوانە گەڕاندوەتەوە هەڵگری هۆشیاری و بەرخوردانێك نیە پێی بەخشێت.

**سەیرکە، سروشت بۆ خۆی فەنتازیایەکی گەورەو خەیاڵی نادیاری بەخشیوەتە مرۆڤ کە هەمیشە بەلای بریکردنەوە لەخودا دەیبات، خوداش بەلای ئایندا، لەکاتێکدا وەك گاندی ئەڵێت: خودا ئاینی نیە.**

**ئەرسەلان مەحمود:** مرۆڤی کورد لەمنداڵییەوە تا گەورەیی لێوڕێژ کراوە لەبیرو باوەڕو وێناگەلی باو، چون بتوانێت لەدۆزینەوەی خۆی و گێڕانەوەی کەسێتی بێشوناسی خۆیدا سەرکەوتوبێ، بەمانایەکی دی چۆن ئەو دۆخە بناسێ و بسازێنێ بنەماکانی ناباوگیر ژیاوی لەسەر بەندن؟

**کازیوە ساڵح:** ئەزانی ئەوە وەك چیە؟

**ئەرسەلان مەحمود:** ئەکید دەمەوێ بزانم.

**کازیوە ساڵح:** وەك ئەو هونەرمەندەی بەهەموو تۆن تەمەنی هەر گۆرانی باوو تراديشنالی گوتوە بەڵام پاش ئەوەی ئەبینێت گوێگر زیاتر ئارەزوی گۆرانی مۆدێرن دەکا ئیدی هاتووە تواناکانی خۆی لەگۆرانی مۆدێرندا تاقیکردوەتەوەو چەند گۆرانییەکی زۆر باشیشی گوتووە.

ئەم توانایە بەر لەوەی تونایەکی دەنگی بێت، توانایەکی عەقلی و ئیدراکییە، ئنتما بۆ بەرژەوەندی هونەری و جەسارەتی بڕیاردانە. ئەم نموونەیە تەنها

پێمان نالێت مرۆڤ لەتوانایەك زیاتری هەیە، پێشمان ئەلێت مرۆڤ لەگەڵ دیوە تاریکەکاندا دیوی ڕوناکیشی هەیە، بەڵام ئەو نایەوێت پیشانی بدات، چونکە:

**یەکەم:** هێشتا بەر فشارێکی وا نەکەوتوە هۆشیارییەکەی ڕاچەنێنێت.

**دووەم:** لەگەڵ ئەنشتاین ئەلێم: زۆر کەمن ئەوانەی بەچاوی خۆیان دەبینن و بەدڵی خۆیان هەست ئەکەن.

**مرۆڤی کورد بۆ ئەوەی بەدڵی خۆی هەست بکاو بەچاوی خۆی ببینێت تا تەنها هەر ڕوە تاریکەکەی خۆیمان نیشان نەدات، پێویستی بەهەمواری ژینگەیەکی لەبارترە**، ئەمە بۆچی؟ بێگومان تا ئەم جورئەتەی تیادا بەرهەم بێت، ئەویش هەبوونی ئازادی و هۆشیاری دورکەوتنەوەیە لەتەدەخولکاری شتە تاکە کەسییەکان و تایبەتیەکانی یەکتری.

**ئەرسەلان مەحمود:** باشە، ئێستا دەمەوێ کەمێك دورتر لەم باسە لێت بپرسم، ئایا ئەو نوسەرانەی جێگەی بایەخپێدانی کازیوە بوون تایبەت لەبواری ئەدەبدا کێن، کامانەن؟

**کازیوە ساڵح:** ژمارەی ئەو نووسەرانەی جێگەی بایەخ پێدانم بوون و ڕۆمانەکانیانم خوێندونەتەوە زۆرن، زۆربەشیان گەر نەلێم هەموویان، ئەوا نووسەرانی سەردەمی شۆڕشی فەرەنسی و نووسەری ڕۆژئاوایین.

پێویستە ئەوەش بڵێم دیارە من مەیلی زۆرترم بۆخوێندنەوەی فەلسەفەو زانستی دەرونی و کۆمەڵایەتی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی ئێجگار زۆری قوتابخانە جیاوازەکان بەرهەمەکانیان جیگەی بایەخم بوون بۆ خوێندنەوە.

کۆمەڵێك نووسەری کوردیش ئەگەر بەرهەمەکانیانم بەردەست نەکەوتبێ و نەخوێندبێتنەوە، هێشتا هەموو هەواڵی بالأوکردنەوەی هەر بەرهەمێکی نوێیان هەڵکشانێك بۆ بەختەوەری و تەمەنی من ئەگەیەنێت. بەڵام هەندێ جار ڕو ئەدا نووسەرێك ئەوەندە نزیکە لەڕۆحتەوە، یا هێندە دێتە ناو نەستتەوە هەرچیەکی دەخوێنیتەوە، واتێگەی و وا هەستدەکەی دوەمجارە خوێندوتەوە یا کەسێك ڕۆحی نووسیویتەوەو تۆش دووبارە خوێندوتەوە، چونکە تا ئاستێکی زۆر کۆکە لەگەڵ بیرکردنەوەت. هەروەها ئەو نووسەرانەی دەتوانم بەدیاریکراویش ناویان بهێنم کە بۆمن زۆر گرینگن ئەمانەن"گابریل گارسیا مارکیز، ئەنشتاین و ئەریك فرۆم".

**ئەرسەلان مەحمود:** کازیوە وەك نووسەرو لێکۆڵەر، ئەم کاتانەی چاو بەدوێنێی خۆیدا دەخشێنێتەوە چ هەستێکی لادروستدەبێ، ئایا دەکرێ پێمانبلێ ئەوەی دەبوایە بینیبای و بیکردبایە چیبوون؟

**کازیوە ساڵح:** دوێنێم لەم چرکەیەی پێنووسم گرتە دەست ژیانم بوو بەئازار، هەرچی نارەحەتیم و نیگەرانیم هەبوو لەژیاندا پێنووس بۆی هێناوم. **ئەوەی دەبوو بیکەم و کۆمەڵێکی نەهلیست دەیخنکاند،** لەبەر ئەوە ئەوەی دەبوو بیکەم و بیبینم ئەزمونکردنی هەموو ئەو بەهرانەی هەمە، حەزدەکەم هەمووی تاقی بکەمەوە لەژیامندا.

**گەورە ترین تاوان ئەوەیە بەهرەی مرۆڤێك بکوژیت**، ئەوەیە مرۆڤێك کە گۆرانی بێژ بوو پێی بڵێت تۆ لەبەر ئەوەی گۆرانی بێژی نەنگییە، منیش خاوەنی کۆمەڵێ بەهرەی جیاوازم و دەمتوانی کاریان لەسەر بکەم، بەڵام نەنگیە

زۆرەکانی کۆمەڵی کوردی تەنانەت بۆ تەنها پێنوسێکی گۆشەگیریش خەریك بوو سەری خۆشم بخۆن!

پێمخۆش بوو ئێستا لەبری ئەوە بڵێم دەبوو ئەوە بکەم لەگەڵ خانمە نووسەری ئەمەریکی ئێرمابۆبێك بڵێم: **کاتێك لەبەردەم خودا وەستام، خوازیارم تەنها یەك بەهرەشم تێدا نەمابێ و بتوانم بڵێم هەموو ئەوانەی پێت بەخشیبووم بەکارم هێناو ئەزمونمکردن.**

**ئەرسەلان مەحمود:** بادوا پرسیارم ئەوەبێ ئاخۆ ئێوە گوزارشت کردنێکی تایبەتیتان لەسەر نوسین هەیە، بەمانایەکی دی ئایا کازیوە خۆی دەنوسێتەوە یان شتێکی تر؟

**کازیوە ساڵح:** تۆو ئەوان و خۆم دەنووسمەوە، هەر بۆیەش بواری جیاواز، زمانی جیاواز، ئاستی جیاوازم هەیە لەنووسیندا، چونکە نەهەمیشە بۆ گشتی دەنووسم نە هەمیشە بۆ نوخبە، کە ئەو دەنووسمەوە زۆر جار زمانێکی شیاوی ئەو یان ئاستی ئەوی بەرانبەر هەڵدەبژێرم، دواجار **نووسەر ناتوانێت بەرانبەر بنووسێتەوە گەر نەبێت بە بەشێك لەخۆی،** کە نەشتوانێت خۆی بنووسێت لەئەوی خۆی بەرانبەر ناگات. بەڵام کە ئەم تێگەشتنە هەبوو نووسین نووسەر دەنوسێتەوە.

**ئەرسەلان مەحمود:** زۆر سپاس، ماندوم کردن.

**کازیوە ساڵح:** سپاس بۆ ئێوەش. تکایە دوای بڵاوبوونەوە، لینك بنێرە.



## ئەڤین عەزیز:

## گەر خاوەن بزوتنەوەیەکی ڕاستەقینەی فێمێنیزمی بووایین دەبوو بەلۆری لەعابەی سێکسیمان لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان هەڵبڕشتایە!

**ژن بەبێ پیاو لەکۆمەڵی ئێمەدا بوونی نیە، هەتا بەشداری هەبێ لەپۆستی وزاری و پەرلەمانتاریدا، چونکە هەموو بونییەی ژنان لەکوردەواریدا، لەچۆك یان گونی پیاو یان چەند لەگەل پیاو دەخەوێ پێناسە دەگرێ و دەکرێت!**

**ئەڤین عەزیز**

**ئەرسەلان مەحمود:** لێکۆڵینەوە یان بابڵێم نوسینێکی شیکاری ئێوەم خوێندەوە، پێداگری زۆر دەکەن سەبارەت بەوەی کورد بڕواتە سەر ئاینی ئێزدی، مەبەستت لەمە چییە، یان پێتان وایە کورد دەکرێ لەسەر بناغەی ئەم دەقانە چ جۆرە پرۆژەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی و دنیابینی نوێ بونیاد بنێت؟

**ئەڤین عەزیز:** بێگومان پاراستنی ڕەچەڵەك و کەلتوری هەر گەلێك هەروەها ڕێگری لەبەتەفروتوناکردنی لەلایەن زۆرداران و نەیارانیەوە، خزمەتە بەشوناس و ناسنامەی نەتەوەیمان لەلایەك لەلایەکی دیکەشەوە بۆ مەسەلەی سیاسی و بەرەوپێش چوونی مەسەلەی نەتەوەیمان میتۆلۆژیای ئاینی گەلێك بریتیە لەکۆڵەکەیەك لەکۆڵەکانی کەلتوری ئەو گەلەو دواجاریش کەلتور یەکێکە لەو هۆکارانەی کە گەلێکی پێدەناسرێتەوە.

**هەموو نەتەوەیەك سەرباری کەڵك وەرگرتن لەئەزمونە نوێیەکانی جیهان، بیر لەئەزمونە مێژوییەکانی خۆی دەکاتەوە، بەڵام ئێمەی کورد ئەمەمان نەکردووە،** لەکاتێکدا بنەمای زۆربەی هەرە زۆری ناسیونالیزمی دنیا لەسەر میتۆلۆژیا بونیاد نراوەو دروست بووە، ئەم میتۆلۆژیاو کەلەپوورانە لەڕێی گەشەپێدانی

زمانی ئەو نەتەوەیەوە بووەتە بەشێك لەبنەماكانی دەسەڵاتی سیاسی و یاسایی ئەو وولاّتە. هەروەها زیندو كردنەوەی میتۆلۆژیاو كەلەپوورو سمبولە مێژوییەكان بەگشتی بناغەیەكی سەرەكین بۆ گشت تیۆرەكانی ناسیونالیزم. لێرەدا دەكرێ بپرسین ئایا بەبێ ئاینی ئیسلام و جولەكە چۆن دەمانتوانی شوناسی دوو نەتەوەی وەك عەرەب و جوولەكە دیاری بكەین و بناسین؟

**ئەرسەلان مەحمود:** ئایا مەبەست ئەوەیە چۆن جولەكە خاوەن ئاینی خۆیەتی و ئیسلامیش عەرەب خاوەنیەتی، هەروەها بەبێ ئاین هیچ نەتەوەیەك ناتوانێ ببێت بەخاوەن شوناس و بناسرێت؟

**ئەڤین عەزیز:** دروست ئەوە، **ئاین هەمیشە وەك ناسنامەی زۆرێك لەنەتەوەكانی دنیا بووەو هەیە**، گەر سەرنج لەمیتۆلۆژیای یۆنانیەكان بدەین، دەبینین كە ئەمە تایبەتمەندیەكە بۆ ناسینەوەی نەتەوەی یۆنان، یان ئاینی ڤیكینگەكان لەنوردێن Norden كەسوید یەكێكە لەو ولاّتانە دوو مەسەلەی گرێدراوی یەكن.

**لەئەورووپا ئاینی زەردەشتی بەمیتۆلۆژیای ئێرانیەكان ناسراوە، ئاینی ئێزدیش بەمیتۆلۆژی كورد ناسراوە، كەچی ئێمەی كورد خۆی هیچ لەوە بەئاگا نیەو نازانێت!**

یانی ئەورووپیەكان زیانیاری زیاتریان هەیە لەسەر ئێمەی كورد تا خۆمان وەك كورد، من هەر لێرەش ئاشنایەتیم بەوەها حەقیقەتێك سەبارەت بەمیتۆلۆژیای ئاینی كورد پەیدا كرد، هەرچەندە **ئێران ئەمڕۆ ولاّتێكی ئیسلامییە بەلاّم**

**هەرگیز شوێنەوارو بیرو باوەرەکانی زەردەشتیان لەناو نەبردوە وەك ئەوەی کە ئێمەی کوردی نەزان کردومانە.**

**کەعبەی ئێمە، مەکە نیە بەڵکە لالشە**، دەبێ ئێمە بۆ رەچەڵەکی بوونمان بگەرێینەوە کەبوونی کورد لەکوردستانی ئێستادا هاوکاتە لەگەڵ بوونی سۆمەریەکان لەعیراقی ئێستادا، یانی بەر لەوەی نەتەوەی عەرەب و تورك هەبن ئێمەی کورد هەبووین لەسەر ئەم خاکە.

**ئەرسەلان مەحمود:** مەبەست لەزیندو کردنەوەی ئەم هاوکێشەیە بەدیاریکراوی چییە، یانی بابەتەکە پاڵنەرە نەتەوەیی و نیشتمانییەکەیە یا دەتانەوێ لەم ڕێگەیەوە بگەنە ئامانجێکی دی؟

**ئەڤین عەزیز:** لەزیندوو کردنەوەی ئەم مەسەلەیەدا دوو ئاماجنم هەیە.

**یەکەم:** کورد وەك نەتەوەکانی تر خاوەنی میتۆلۆژیای خۆبەخۆی خۆیەتی، بۆ دەبێت ئاینی ئیسلامی عەرەبی جێگەی بگرێتەوەو ببێتە راستیەکی رەهای کۆمەڵگەکەمان و تەنانەت دەسەڵاتی سیاسی و یاسایمانی پێوە گرێ بدەین!

**دووەم:** چۆن عەرەب و جولەکە ئاینەکەیان کردۆتە سەرچاوە بۆ دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی، کوردیش بەهەمان شێوە دەتوانێ ئەو ئاین و میتۆلۆژیایە خۆماڵییەی خۆی وەك ڕەهەندێکی کەلتوری زیندوو بکاتەوەو بنەمایەکی سیاسی و فەرهەنگی نوێیی لەسەر دابنێت.

ئەمە لەکاتێکدا **ئاینی ئێزدی بەتەواوی ئاینێکی سکولارە، چەند جێگەی داخە بۆ ئێمەی کورد چەندان ساڵ بەر لەئەوروپیەکان خاوەنی بیرۆکەی سکولاریزم**

**بوین کەچی هەرگیز نەمانتوانیوە لەئاستی دەسەڵاتی سیاسی و یاسایماندا سودی لێ وەربگرین.**

**ئەرسەلان مەحمود:** کورد بەر لەئەوروپییەکان خاوەن بیرۆکەی سکۆلار بووە ؟

**ئەڤین عەزیز:** بەڵێ، لەئاینی ئێزدیدا دوو دەسەڵات هەیە، یەکێکیان دەسەڵاتی ڕۆحانیەو تایبەتە بەکاروباری ئاینی کە هەرگیز خۆی لەکاروباری سیاسی و یاسایی وڵات وەر نادات، ئەوەی تریشیان سەرکردایەتی ئیداری و سیاسیە کە بەپێی ئەقڵی سەردەم دەبێ وڵات بروا بەرێوە.

**ئەم دەسەڵاتە سیاسیەی ئەمڕۆ ئێمە هەمانە، زیاد لەپێویست گرێدراوی ئاینی عەرەبی ئیسلامییە، زیادەرەوی نیە گەر بڵێم کورد ئەم سامانە خۆماڵیەی خۆی بەکار بهێنابوایە لەمەسەلە سیاسیەکاندا، پێم وایە لەمێژ بوو خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی دەبوو.** کوردی ئێزیدی تایبەتمەندی زۆری هەیە لەوڵاتانی ئەوروپاو ئەمەریکا، ئەسڵەن **خودا لەبنەرەتەوە کوردە، ئتر بۆ دەبێ بەعەرەبی قسەی لەگەڵدا بکەین؟!**

**ئەرسەلان مەحمود:** وەك دەگوترێ ئەم نیقاشە تولێ دەکێشێت، هەم ئاڕاستەو ئامانجی گفتوگۆکەیشمان دەگۆڕێت، لەبەر ئەوە با بیخەینە دەرفەتێکی ترو تایبەت کراو. دەمەوێ سەرنجتان بەلای بابەتێکی تردا کێش بکەم، ئەڤین عەزیز باوەڕی بەچ بنەمایەکی جێندەری هەیە، یەکێتیی ڕەگەزی یان ژینگەیەکی کۆمەلایەتی تەوەرەکەی تەنها ژن بێت؟

**ئەڤین عەزیز:** ڕاستە لەهزری فێمێنیزمدا دوو ئاراستەی وەها هەن، فێمێنیستی جیاوازوsärartsfeminister فێمێنیزمی یەکسانLikhetsfeminister هەریەکێك لەم ڕوانگانەیش تیۆری خۆی لەپشتەوەیە، بۆ نمونە:

فێمێنیزمی یەکسان زیاتر ئەو ڕوانگەو بۆچوون و فاکتەرانە لەبەر چاو دەگرێ لەکۆمەڵگەدا هەن سەبارەت بەچەوساندنەوەی ژنان. مەسەلەن مارکسیست فێمێنیستەکان کە سەر بەفێمێنیزمی یەکسانن، سەرتاپای پلە هاوتایی ژنان بەبەشداری ژن لەبەرهەمێناندا دەبینێتەوە، دیارە لەکۆمەڵگەیەکی بێ چیندا، یان ئەگەر ژن بەشداربێ لەکاروباری گشتیدا وەك خوێندن و کار، ئەوا دەبێ بەشداریکردنێکی یەکسان و بێهاوتای وەك لیربال فێمێنیستەکان ئاماژەی پێ دەکەن. بەڵام لەڕاستیدا ئەمە وانیەو مێژوش ئەوەی سەلماندوە.

**فێمێنیزمی یەکسان نایەوێ تەنانەت قسە لەسەر جیاوازیە بایۆلۆژیەکانی نێوان ژن و پیاوانیش بکات**، لەڕاستیدا ئەم جیاوازیانە بەهۆی هۆکاری بابەتییەوە لەکۆمەڵگەدا بوونەتە هۆکاری دروستبوونی هەموو ئەو ڕوانگەو بەهایانەی هەن سەبارەت بەژن و پیاو.

من لام وایە کێشەکە ئەوەیە لەبنەرەتەوە تیۆری سیاسەت و دەروونناسی و زانست جیاوازیەکانی نێوان ژن و پیاوی قبوڵ نەکردوە، بۆیە دەرئەنجام ژن و پیاو لەکۆمەڵدا کەوتونەتە ناو پەیوەندیەکی دروستکراوی دیکۆتۆمی dikotomi دابەشبوونی ڕەگەزی پیاو بەسەر پیاوو ژندا، وەك ئەفسانەی دروست بوونی ئادەم و حەوا، کە ئادەم یەکەم جار دروست دەبێ و پاشان ژن لەپەراسوی چەپی ئەو!

لەتیۆری سیاسی کلاسیکیشدا بەهامان شێوە ژن دەکرێ بەکۆپیەك لەپیاو یان پیاوێکی ناتەواو، کەئەمڕۆ حاشا لەبوونی لەش بکرێ وەك ڕاستیەکی ڕەهای ژیانی ئێمەی مرۆڤ. بەڵام ئەمڕۆ لەفێمێنیزمدا مشتومڕی چەمکێکی تازە هەیە بەناوی Intersktionalitet ئەم چەمکە یارمەتی شیکردنەوەی کێشەکانی ناو کۆمەڵگە ئەدا کە مرۆڤ دەبێ لەچەندین ڕوانگەوە بوونی کێشەیەك لەکۆمەڵگەدا ببینێت بەنمونە: **کێشەی ژنان تەنها مەسەلەی چینایەتی یان تەنها کێشەیەکی ڕەگەزی یان سێکسی ڕوت نیە، بەڵکە سەرجەم ڕەهەندەکانی ناو ئەو کۆمەڵگەیەیە ژنی تێدا دەژی.**

**ئەرسەلان مەحمود:** وێڕای توندوتیژی و مەسەلەکانی دیکەی پەیوەست بەچەوساندنەوەی ژنان لەکوردستان، زۆریش باس لەپێشکەوتنەکانی ئەم بوارە دەکرێت، دەبینین بەدەیان ژن لەپۆستی ئیداری و کارگێری و وزاری و پەرلەمانتارن، ئێوە بەوە ڕازین؟

**ئەڤین عەزیز:** بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ئاماژە دەکەم بەیەکێك لەو قۆناغانەی کە داگیرکردنی ژنی پیادا تێپەڕیوە لەلایەن پیاوەوە کە بەفەلۆکراتیزم ناوزەد دەکرێت.

**فەلۆکراتیزم یانی بەسەروەر ڕاگرتنی چۆك یان گونی پیاو.** ئەم قۆناغە پێش دەست پێکردنی پاتریاکی بوو، یانی لەو کاتەوە دەستپێکردوە کە پیاو هەستی کردوە دەوری چیە لەمنداڵ بووندا، لەو کاتەوە چۆکی پیاو دەبێتە تەوەرێکی سەرەکی و سەرجەم مەسەلەکانی دیکەی لەدەور دەسورێنەوە ئەمە بەبوونی ژنیشەوە، لەو کاتەوە چۆکی پیاو بووە بەفاکتەرێکی سەرەکی چەوساندنەوەی ژنان لەڕوی سوننەتیەوە.

تۆ سەرنج بدەرە **ئەو جنێوانەی ئەمڕۆ پیاو لەکاتی شەڕدا بەیەکتری ئەدەن یان ئەو جنێوانەی ژن بەیەکتری ئەدەن لەکۆمەڵگەی ئێمەدا، هەموی لەچۆکی پیاوەوە دەست پێدەکات بۆ زێی ژن**، یان لەڕوی یاساییەوە هەبوونی فرە ژنی، قەدەغە بوونی لەبار بردنی منداڵی ناخواستە، لێدانی ژنان، نشوز کردنیان ئەمانە هەمووی پاشماوەی قۆناغی فەلۆکراتیزم و بنەڕەتی یاساکانیەتی کە لەکۆمەڵی ئێمەدا ماوەتەوە.

ژن بەبێ پیاو لەکۆمەڵی ئێمەدا بوونی نیە، هەتا بەشداری هەبێ لەپۆستی وزاری و پەرلەمانتاریدا، چونکە هەموو بونییەی ژنان لەکۆمەڵی ئێمەدا، لەچۆك یان گونی پیاوە یان چەند لەگەل پیاو دەخەوێ پێناسە دەکرێ و دەکرێت، **لەمەڕ ژن لەکۆمەڵگەی ئێمەدا چوار واژە هەیە: کچ، ژن، قەیرە، بێوەژن، کچ ئەو کەسەیە هێشتا لەگەل پیاو سێکسی نیە، ژن ئەو کەسەیە لەپرۆسەیەکی بەردەوامی سێکسدایە لەگەل پیاو، قەیرە ئەو کچەیە تەمەنی چۆتە سەرەوە بەڵام تا ئێستا پیاوی دەست نەکەوتووە لەگەڵیدا بخەوێ، بێوەژنیش ئەوەیە ئیتر پیاوەکەی نەماوە تا لەگەڵی بخەوێ**، ئێستا دەکرێ لێرەدا تۆ بەمن بڵێیت ئەم ژنە سەربەخۆیانە کێن وەك دەڵێیت بەشداریان هەیە لەپۆستە ئیدارو حکومیەکاندا؟

**ئەرسەلان مەحمود:** من پرسیار دەکەم، ئەمانە کێن!

**ئەڤین عەزیز:** دەی تۆ لەوە گەڕێ پێوەرە ناودێر کراوەکانی هەر یەکێك لەم چوار واژەیە چۆکی پیاوە، بەڵام سەرئەنجام ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە زۆرێك لەژنان و **هەندێ لەژنانی ئەندام پارلمانی کوردستان فرە ژنی بەسوکایەتی کردن بەخودی ژنان تێناگەن، بەڵکە پاساو بۆ چالاکی گونی پیاوان دەهێننەوە**

**لەمەسەلەی سێکسدا، یانی خۆیان بەتەواوی دەکەنە ئاوەڵ کردار objekt لەپرۆسەی سێکسدا نەك بکەر** subject کەواتا ئەمرۆ لەکۆمەڵگەی ئێمەدا تەوەری بیری ژنانیش لەدەوری بەرز ڕاگرتنی چۆکی پیاودا دەسورێتەوە، دەنا دەرکردنی یاسایەکی لەجۆری فرە ژنی لەکۆمەڵگەدا لەلایەن هەندێ لەژنانەوە هێندە پاساوی بۆ نەدەهێنرایەوە تا پاساوی عورفی بۆ بهێننەوەو ڕەوایەتی یاسایی پێبدەن. لەڕاستیدا گەر ئێمە بزوتنەوەیەکی ڕاستەقینەی فێمێنیزممان هەبووایە دەبوو بەلۆری لەعابەی ئۆتۆماتیکی سێکسیان لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان هەڵبرشتایە، چونکە یەکێك لەپاساوەکانی ئەوان بۆ مەسەلەی فرە ژنی ئەوەیە کە ژمارەی ژن زیاترە لەپیاو لەکوردستان.

**گەر پێوانەی ژن بەپێی گونی پیاو بێت ئەوا زۆر لەعابەی سێکسی ئۆتۆماتیکی هەیە کە زۆر لەو پیاوانە باشترن بۆ ژن کە باوەریان بەفرە ژنی هەیە. ڕەنگە ژن لەرێی ئەو لەعابەیەوە باشتریش بەپلەی ئۆرگاسم بگات تا ئەو پیاوەی ژن دەکاتە کۆیلەی خۆی و لەشی بەکار دەهێنێت بۆ مەسەلەی سێکس.** بۆیە دواجار لەولاتێکدا کە ژن خاوەنی لەشی خۆی نەبێ، ئەبێ چۆن ژنی وەزیرو پەرلەمانتارمان هەبێ.

**ئەرسەلان مەحمود:** کەواتا ڕازی نیت؟

**ئەڤین عەزیز:** من نەك هەر بەمە رازی نیم، من وەك ئافرەتێك بەڵکە سەد کورسی وا دەخەمە ژێر پێم کە من لەپۆستێکی ئیداریدا یان پەرلەمانی بم بەڵام هەموو پێوانەی بوونی من وەك ئافرەت لەمەڕ یاساکانی فەلۆکراتیزم بێت.

**ئەرسەلان مەحمود:** ئایا ئێوە لەو بروایەدان ئاریچەی هەموو پەیوەندیە ئینسانیەکان لەپەیوەندیە سێکسیەکاندا بدۆزرێتەوە؟ ئەوەی لەنێوان ژن و پیاوێکدا روئەدات دەکرێ وەك وێناو ئاوێنەی کۆی پەیوەندیە ئینسانیەکان سەیر بکرێ؟

**ئەڤین عەزیز: دەتوانم بڵێم مەسەلەی سێکس تەوەرێکی گرنگی ژیانی مرۆڤە،** کێشەکە ئەوەیە هەموو مرۆڤەکان خوازیاری مومارەسەی سێکس هەن، بەڵام کاتێ کە دێیتە سەر قسە لەسەرکردنی بەشێوەیەکی کراوە لەکۆمەڵی ئێمەدا ئەوا روبەروی بەگژدا چوونەوە دەبیتەوەو بەشتێکی تایبەتی دێننە ئەژمار کردن!

خۆم وەك کەسێکی فێمێنیست زۆر باوەرم بەو وتەیەی رادیکالّ فێمینیستەکان هەیە کە دەڵێ"ئەوەی تایبەتیە سیاسیە"و پێدادەگرن لەسەر ئەوەی **گەر بمانەوێ کۆمەڵگەکەمان یەکسان بێت، دەبێ لەژوری نوستنەکانەوە دەست بکەینە دیموکراتیزە کردنی کۆمەڵگە.**

**ئەرسەلان مەحمود:** مەبەستت لەمە چییە؟

**ئەڤین عەزیز: دەبێ ئێمە بزانین چی لەسەر سیسەمەکانی ژوری نوستن رو ئەدات، دەبێ بزاندرێ ئەوە کێیە بریاری ئەوە ئەدات سێکس چۆن بێت و کێش بریارەکان بەجێدەهێنێت.**

**ئەرسەلان مەحمود:** بەلاّم ئەمە بۆچی؟

**ئەڤین عەزیز: چونکە ناکرێ مرۆڤەکان تەنها لەسەر سیسەمەکان یەکتریان خۆشبووێ و لەوێ بەناو یەکسانی هەبێ بەڵام هەر کە لەژۆری نوستن هاتنە دەرەوە، پەیوەندیەکان شێوازێکی دیکە بەخۆوە بگرن.**

ئەوەی کە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەیە بەناوی خۆشەویستیەوە ئامانج لێی تەنها سێکسەو ئامانجیش لەسێکس بەرهەمهێنانی منداڵە، بۆیە دواجار ژن لەو پرۆسەیەدا تەنها کێڵگەی تۆوی پیاوەو هیچ خواست ئارەزویەکی لەبەر چاو ناگیرێ. **زۆر جار لەکۆمەڵگەی ئێمەدا روانگەی پیاو لەسەر ژن ئەوەیە کە"نا"ی ژن بۆ سێکس لای پیاو بەبەڵێ بۆ سێکس لێکدەدرێتەوە، چونکە بێدەنگی بەردەوامی ژن لەمەسەلەی سێکسدا ئەو روانگەیەی لای پیاو بەرهەمهێناوە کەژن حەز بەسێکس دەکات بەڵام روی نایەت داوای بکاو قسە بکات بۆیە گەر ژن خوازیاری سێکس نەبێ، پیاو وای تێدەگات کە شەرم دەکات.** دوای ئەوەش مەسەلەی سێکس پەیوەندیەکی مرۆیەیەو مەرج نیە هەر لەنێوان ژن و پیاوێکدا هەبێ و ڕو بدات. Heterosexualitet

**ئەرسەلان مەحمود:** ئەمەیان واتا چۆن؟

**ئەڤین عەزیز:** ئەمرۆ پەیوەندیە سێکسیەکانی نێوان ژن و ژن Lesbisk پیاوو پیاو Homosexuell هێندەی مەسەلەی هێرتۆ سێکسوالیت گرنگە، یا ڕەنگە بۆ هەندێ کەس مەسەلەی سێکس تەنها Annoni لەڕێی عادەی سریەوە بەئۆرگاسم بگات، ڕەنگە ئەمە ڕاستییەکی ڕەهای کۆمەڵگەی ئێمە بێت کە مەسەلەی سێکس تەنها بەژنێك و پیاوێکەوە دەبەستنەوە، هێرتۆنۆرماتی Heteronorm پێدەڵێن، واتا هەموو مرۆڤەکان بەزۆرو ئیجباری پەیوەندیە سێکسیەکانیان

دەبێ لەنێوان ژن و پیاوێکدا بێت، بەلأم لەراستیدا ئەمە روانگەیەکی تەواو خێڵەکیانەو دیکاتۆریانەیە لەمەسەلەی سێکسدا.

**ئەرسەلان مەحمود:** ئایا وەك ئەوەی دەگوترێ نهێنی کەسێتی هەر تاکە کەسێك لەڕەفتارە سێکسییەکەیدا ئاشکرا دەبێ، ئەمە تا چەند وایەو ڕاستە، بۆچی؟

**ئەڤین عەزیز:** من پێم وایە ئەو قسەیەی تۆ راستیەکی زۆر تێدایە، بەڵام بۆ ئێمەی کورد زۆر زەحمەتە بزانین چی لەو دیوی دەرگەی ژۆری نوستنەکانەوە رو ئەدات، لەبەر ئەوە ژن و پیاو بەئاشکرا ناتوانن باس لەگرفتە سێکسیەکانیان بکەن بەشێوەیەکی کراوە لەکۆمەڵدا.

ئەبێ تۆ باش بزانی تەنها کەسێك کە لەکۆمەڵی ئێمەدا خوازیاری سێکس بێت پیاوەو ژن بەپێی ئەو نۆرمەی کۆمەڵگە خۆی لەم پرۆسەیە دەدزێتەوە یان ژن خوازیاری سێکس نیە، لەکاتێکدا ژنی ئەورۆپی گەر بەپلەی ئۆرگاسم نەگات لەگەڵ هاوسەر یان هاورێکەی جگە لەوەی راوێژ بەپسپۆرانی سێکس و دکتۆرەکان دەکات بەدەیان لەعابەی سێکسیش تاقی دەکەنەوە بۆ راهێنانی لەشی خۆی بۆ گەشتن بەپلەی ئۆرگاسم، بێگۆمان لەمەداو لەزۆربەی حاڵەتەکاندا پیاوەکەی یان هاورێکەی یارمەتی دەریەتی.

**ئەرسەلان مەحمود:** مەگەر رێگەی تر هەیە؟

**ئەڤین عەزیز: کردنی عادەی سری بۆ ژنان زۆر باشە، چونکە لایەنی سێکسیان بەهێز دەکات بەڵام بەپێچەوانەوە ئەمە بەشتێکی خراپ و گوناح لەکۆمەڵی ئێمەدا لێکدەدرێتەوە!**

تۆ دەزانی گەشتن بەپلەی ئۆرگاسم ئێستا بۆ مرۆڤ وەك دەرمان یان چارەسەر بەکار دەهێنرێ بەتایبەت ئەو ژنانەی کە بەژانی منداڵ بوونەوەن لێرە دکتۆر پێشنیاری عادەی سریان پێدەدات چونکە هەم ڕەحمیان دەکرێتەوەو هەمیش ژانەکانیان هێواش دەبێتەوە، یان ئەو کچانەی کە لەسوری مانگانەدان و ئازاریان هەیە کردنی عادەی سری ئازارەکەیان ناهێڵێ.

**ئەرسەلان مەحمود:** ئێوە لەدوا وتارتان سەبارەت بەفرە ژنی واتێگەشتم بتانەوێ بڵێن پیاوی کورد غەریزە سێکسیەکانی بەتەواوی زاڵە بەسەر ئاوەزیدا، ئێوە ئەو گشتاندنە بەدەربرینێکی زۆر شمولی نازانن؟ یان ئەگەر وایە هۆکارەکان چن؟

**ئەڤین عەزیز:** نەخێر من نامەوێ ئەوە بڵێم. من لەویادا ئاماژە دەکەم بەبەشێك لەو کۆرسەی کە لەزانکۆ خوێندومانە سەبارەت بەمێژوی سێکس و ڕەگەزو ڕوانگەی کەمە نەتەوایەتیەکان سەبارەت بەم مەسەلەیە جێندەر تەنها بەشێکە کەتیشك دەخاتە سەر مەسەلەی ڕەگەزو سێکس و ڕوانگەی کەمە نەتەوەکان، من لەویادا ئاماژەیەك دەکەم بەو تیۆریەی کە ڕۆژئاوایەکان هەیانە سەبارەت بەپیاوی لای ئێمە.

پیاوی ڕۆژئاوایی خۆی بەبنەمای هەموو پەیوەندیە مرۆیی و ئاوەزیەکان دادەنێ بەڵام پیاوی ڕۆژهەڵاتی باککگراوندو نائاوەزی دەهێننە ئەژمار، پیاوی ڕۆژئاوایی خۆی بەبکەرSubjekt دادەنێ و پیاوی لای ئێمە خۆی بەObjekt پیاوی ڕۆژئاوایی خۆی بەبوونەوەرێکی کۆنرتۆڵبار دەزانێ بەڵام پیاوی ڕۆژهەلاتی خۆی بەبونەوەرێکی ئاژەل ئاسای غەریزەیی.

لەویادا من پرسیارم ئەوەیە کە ئایا فرە ژنی یەکێك نیە لەو بەڵگانە بۆ پیاوی ڕۆژئاوایی کە پیاوی لای ئێمە تا کەنارەکانی پلەی ئاژەڵی و غەریزەیی ببا؟ بێگۆمان با، چونکە **مەسەلەی فرە ژنی ناچێتە خانەی پەیوەندیە مرۆییە یەکسانەکان**، بەڵکو ژیانێکی بەربەری غابەیی یە، کۆیلەداریە، پیاو یان ژن دەتوانن چەندین جار لەیەك جیاببنەوەو دیسانەوە ژیانی پێکەوەیی دروست بکەنەوە بەڵام ناکرێ لەیەك کاتدا پیاو دو ژنی هەبێ و هەر شەوە لای یەکێکیان بخەوێ. کەواتا ئەو پیاوانەی کە باوەریان بەفرە ژنی هەیە دەچنە خانەی ئەو بۆچونەی ڕۆژئاوایەکان کە بەتەواوی غەریزەین و فڕیان بەسەر پەیوەندیە مرۆیەکانەوە نیە. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ تیۆریەکی ڕاستەقینەی ڕەها نیە، هەموو شتێك رێژەییە، ئەکید لەکوردیشدا پیاوی وامان هەیە کە مرۆیانە لەژیان بروانێ و باوەری بەپەیوەندیە مرۆیەکان هەبێ.

بەڵام من زۆر ڕاشکاوانە پێت بڵێم **ئەو پیاوەی باوەری بەکۆیلەکردنی ژنان و فرە ژنی هەبێ لای من دەچێتە خانەی ئاژەڵانەوەو لەویادا لەگەڵ ئەو تیۆریەی ڕۆژئاوایەکان کۆك دەبم.**

**ئەرسەلان مەحمود:** سپاس بۆ ئەم کات بەخشینەتان.

**ئەڤین عەزیز:** سپاس بۆ ئێوە. لەبڵاوبوونەوەی ئاگادارم بکەنەوە.



## نەزەندە بەگیخانی:

## تۆ قەت خودات بینیووە!

**دەبێ لەحوکمی گشتگیریی و کلێشات دوور بکەوینەوە، دەبێ فێرە میتۆدی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون، فێرە دواندنی ئامارو فاکت و بنکۆڵکاری بابەتیانەو بێلایەنانەی ڕوداوەکان، فێرە لێکدانەوەی قووڵ بین، تا بتوانین باشتر بدەین بەدەستەوەو باشتر بیربکەینەوەو پلانی جوانترو مرۆڤانەتر بۆ داهاتوو دابڕێژین، خەڵکیش لەجیاتی تووڕەبوون و سادەیی و حوکمی پێشوەخت، بەرەو بیرکردنەوەی فراوان و عەقلانیەت ببەین.**

**نەزەند بەگیخانی**

دواندنی نەزەند، چێژێکی تایبەتی هەیە، بەڵام هەروا سادەو هەر بەتەنهاش گۆڕینەوەی بیرو رایەکی سەرچڵیانە نیە، ئەو بەشوێن نەناسراوەکانەوەیەو پێی وایە لەو رێگەیەوە یەکتایی رۆحی و فیزیکی و عەقڵی دەدۆزرێتەوە.

لەسەرەتای ئەم دیدارەدا، هەرچەندە وەك خۆی گوتی: حەز دەکەم زیاتر وەك شاعری بناسرێمەوە، بەڵام بەگیخانی خودێکی مرۆڤناسی هەستیارو نیانی خاوەن مەعریفەو گەڕیدەیە بەشوێن گێڕانەوەی ماف بۆ بێ مافکراوەکان و شیکردنەوەی ئەم واقیع و حەقیقەتەی دواجار دەمانباتەوە ئەو دیوی خودو ئەودیوی کۆمەڵگە، لەم بارەیەوە گوتی: ئیدی لێرەوەیە جوانیەکان شین دەبن.

لەوڵام بەهۆکارە بابەتی و بنەڕەتیەکانی چەوساندنەوەی ژن ئاوها بۆمان دوا: **چەوساندنەوەی ژن ڕەگی لەستروکتوری پاتریاکیدا (پیاو سالاری) داکوتاوە،** واتا بەشێکە لەهاوکێشەی هێزو دەسەڵات. پتر رونیکردەوە: لەعەقڵیەتی پاترپارکیدا پیاو بەجۆرێك پەروەردە دەکرێت و رادەهێنرێت کە دەبێتە خاوەن

دەسەڵات و هێز، دەبێتە توخمی زاڵ و بوارە گشتیەکانی وەك سیاسەت و کولتورو ئابوری کۆنترۆڵ دەکات. لەبەرامبەردا ژن وەك توخمی بێهێزو بێدەسەلآت پەروەردە دەکرێت و ڕام دەکرێت و لەخەیاڵی گشتی و ڕەفتاری ڕۆژانەشدا وەك مرۆڤی پلە دوو حیسابی بۆ دەکرێت.

بەگیخانی لای وایە لێرەوە ژن دەخرێتە لاوەو دەئاخندرێتە گونجی ماڵەوە، گوتی: **ژن لەچوارچێوەی هزری پیاو سالاری و ئەم پێکهاتەو ئەم عەقلیەتەدا توانستەکانی سنوردار دەکرێ و دەئاخندرێتە بوارە تایبەتیەکانی ناوماڵ، یانی لەبوارە گشتییەکەو بەدیاریکراوی لەئاڵوگۆری کولتوری و سیاسی و ئابوری دادەبڕێندرێت، یانی ڕۆڵ و مافی لەچوارچێوەی خێزان دیاری دەکرێت نەك لەسەر ئاستی سیاسی و ئابوری و یاسایی دا.**

ئەو دەڵێت: ئیدی چەوساندنەوەی ژن لەم زەمان و زەمینەیەوە سەرچاوە دەگرێ، بەلاَم خۆی دەگۆڕێ لەفۆرم و شێوازی جیاوازدا، یانی بەگوێرەی پێکهاتەو پێشکەوتنی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە، وەردەگرێت.

ئەم خانمە شاعیرە، سەبارەت بەپێگەی ژن لەئایینە ئاسمانیەکاندا، ئاوها وەلآمی دامەوە: ئێمە کتێبە پیرۆزەکان وەك دەقێکی مێژویی نابینین، بەڵکە وەك وتەو فەرمودەی خوداو حەقیقەتیکی ڕەها حیسابی بۆ دەکەین. ئەگەرنا **هەرسێ ئایینە خوداییەکە یەهودیەت، مەسیحیەت، ئیسلام، سوکتورێکی پاتریاکیان هەیە، ژن لەهەرسێکیاندا لەپەراوێز نراوەو ڕۆڵو مافی وەك دایك لەچوارچێوەی ناوماڵدا دیاریکراوە**، تەنها لەمەسیحیەتدا ئاماژەی مریەمی عەزرا جیاوازەو پایەی کەمێك زیاترە وەك ژنێك لەچاو پایەی ژن لەناو دو ئایینەکەی تردا.

گوتی: ئەم پرسیارەی تۆ، ئەوە دەگەیەنێت ئێمە تا چەند پابەندین بەئاینەوە لەرێکخستنی ژیانی رۆژانەو پەیوەندییەکانی ژن و پیاودا. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئێمە کتێبە پیرۆزەکان، بەتایبەتی قورئان وەك دەقێکی مێژوویی نابینین، بەڵکە وەك وتەو فەرمودەی خوداو حەقیقەتیکی رەها حیسابی بۆ دەکەین، یانی بەبێ پرسیارکردن و رەخنە وەریدەگرین و ژیانی ئێستای خۆمانی لەسەر دادەڕێژین.

بۆ دیاریکردنی پێگەی ژنیش لەکۆمەڵگە وەك بەشێك لەپرسیارەکەی تۆ، دەگەڕێینەوە بۆ ئاین، بۆ کتێبە پیرۆزەکان، بۆ شەریعە، **ئەمە گرفتی عەقڵی ئیسلامیە وا دەکا کۆمەڵگەو مرۆڤەکان هەردەم بۆ دیاریکردنی ژیانی ئێستایان بگەڕێنەوە بۆ رابردوو،** رابردویەك کەجۆرو ئاستی کۆمەڵگەو پێویستیەکان زۆر جیاواز بووە لەگەل ئێستا، لەم رابردوەدا ژن ستاتۆو پێگەیەکی نزمی هەبووە، **دەق و رێسا ئایینیەکان وەڵامی پێویستی و گۆڕانەکانی سەردەمی ئیمڕۆ نادەنەوە.**

سەبارەت چەندو چۆنایەتی ڕێکخراوەکانی ژنان، بەگیخانی، ئۆباڵی ئەم پەرت و پەرێشانییەی ئەوانی خستە سەر شانی کۆمەڵگەو لەم بارەیەوەو لەسەرەتادا گوتی: زۆر بەکورتی من پرسیاریك لەتۆ دەکەم:

کورد بۆ خەبات دەکا، بۆ حزب و رێکخراوی سیاسی هەیەو شۆرشی کردوە؟ دەی کورد لەباشور ئەمڕۆ خۆ نیمچە سەربەخۆیەکی هەیە، بەڵام لەبەشەکانی دیکەدا وانیەو خاوەن ڕێکخراوی سیاسین و خەبات دەکەن؟ دەمەوێ لەرێگەی ئەم پرسیارانەمەوە بڵێم:

کورد خەبات دەکات لەبەر ئەوەی چەوساوەیەو مافەکانی پێشێل دەکریٚ، لەبەر ئەوەی ئازادی داگیر کراوە، لەبەر ئەوەی سەربەخۆ نیە، کاتیٚ ئازادی مرۆڤ داگیر دەکرێت، کاتیٚ بچوکترین مافت پێشێل دەکرێت، وەك ئینسان، وەك کورد، وەك ژن، تۆ دەبیٚ بەرگری بکەی، دەبیٚ خۆت رێکبخەی، دەبیٚ داوای مافی خۆت بکەی، ژنانیش لەم لۆژیکەوە هاتوونەتە مەیدان خۆی ڕێکخستووەو ڕێکخراوی خۆیان دامەزراندووەو خەبات دەکەن.

بەڵام ئەگەر لەعەقلّیەتی گشتیدا ئەم خەباتە بەشێوەیەکی هەڵە وێناکرابیٚ، ئەوا پەیوەستە بەئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنی خەڵك کە مەرج نیە راست بێت.

**ئەوەی زۆربەی خەڵك شایانی لێدەنێت و پاکانەی بۆ دەکات هەموو کات راست نیە، بۆیە رۆڵی کەسانی رۆشنبیرە بیرو بۆچوونە سواوو باوەکان بخەنە ژێر پرسیارەوەو ڕەخنە بگرن و لەهەر شوێن و دەزگایەك بێت بوێرن بەهەڵە بلێن هەڵەو بەراست بلێن راست.**

بێگومان تەنها لەڕێگەی خستنە ژێر پرسیارو ڕەخنەوە ئاراستەی کۆمەڵگە دەگۆڕێت نەك گەڕان بەدوای چەپڵەو پیاداهەڵدانی کەسانێك کە بەهەڵە بیر دەکەنەوە.

سەبارەت بەوەی دامەزرێنەرانی زۆربەی هەرە زۆری ڕێکخراوەکانی ژنان پیاون و دروشمەکانیان پیاو دایناون و لەناو پیاوانیشدا پیاوی حزبی، بێگومان و بۆ ئامانجی حزبی نەزەند بەگیخانی گوتی:

من لەگەڵ ئەو حوکمە تەعمیمکراوانەدا نیم. پێش ئەوەی قسە بکەم، حەز دەکەم بچمە ناو وردەکاری و لەسەر فاکت و کارەکان قسە بکەم، ئەگەر حاڵەتێکی وەهاش هەبێت، **دەبێ سەیری ئەو عەقڵیەتە گشتیە بکەین کە کۆمەڵگەی کوردی بەڕێوە دەبات کەعقڵیەتی پاتراکیە.**

دەبێ لەحوکمی گشتگریی و کلێشات دوور بکەوینەوە، دەبێ فێرە مێتۆدی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون، فێرە دواندنی ئامارو فاکت و بنکۆڵکاری بابەتیانەو بێلایەنانەی ڕوداوەکان، فێرە لێکدانەوەی قووڵ بین تا بتوانین باشتر بدەین بەدەستەوەو باشتر بیر بکەینەوەو بەرنامەو پلانی جوانترو مرۆڤانەتر بۆ داهاتوو دابرێژین.

هەروەها خەڵکیش لەجیاتی تووڕە بوون و سادەیی و حوکمی پێشوەخت، بەرەو بریکردنەوەی فراوان و عەقلانیەت ببەین، **ئیمرۆ خەلکی ئێمە لەهەموو شتێك زیاتر پێویستی بەبیرکردنەوەی قووڵ و فراوان و عەقلانیەت و مێشکی کراوەو رەخنەگرانەی پابەست بەبنەمای ئەخلاقی و فیکری هەیە.**

شاعیر، سەبارەت بەحوکم و ڕۆڵی یاساکان بەم جۆرە هەڵوەستەی کرد: ئەگەر یاسا شەرعیەت بدات بەملکەچی و بێدەسەڵاتی ژن و مافەکانی پێشێل بکات، کەواتاو لەبەرامبەردا چینی کۆنەخواز پێش دەکەوێ و گۆڕانکاری پێویست ڕو نادا لەباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری، **ئەم دیموکراسیەتەی بانگەشەی بۆ دەکرێت لەکوردستان بەم نەفەسە پێی ناگەین، بۆیە من لەگەڵ یاسایەکی مەدەنی دام کە سنوری نێوان ئاین و دەوڵەت دیاری بکات و پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵات و هاوڵاتی دابرێژێت.**

کاتێکیش پرسیارو قسەم هێنایە سەر دوا کتێبەکەی، نەزەند بەگیخانی گوتی: ئەو کتێبەی تۆ ئاماژەی بۆ دەکەیت، من تەنها چاپتەرێکیم نوسیوە تیایدا. کتێبەکە بەرهەمی گروپێکی لێکۆلەڕی نێودەولەتیە. من لەسالی ٢٠١٤ دا هاتمەوە کوردستان، وەك لێکۆلەرێك کارم لەسەر هۆکارەکانی کوشتن و توندوتیژیەکانی بەناو ناموس پەرستی لەکوردستانی عێراقدا کرد، ئەنجامی لێکۆلینەوەکە لەو کتێبەدا وەك چاپتەرێك بلاوکراوەتەو، ئەوە پرۆژەیەك بوو لەلایەن زانکۆی لەندەن بەڕێوە چوو، ئەم کتێبە لەلایەن تیمێکی وەرگێڕەوە کراوەتە کوردی و ئەکید چاپ و بلاو دەکرێتەوە.

گوتم بۆچی تا ئێستا دکتۆراکەت تەرجەمەی سەر زمانی کوردی نەکردوە، بەئەسەفێکەوە گوتی: ڕاستییەکەی دەبوایە دکتۆرەکەم تا ئێستا بەزمانی کوردی بلاوکرابایەوە، بەلام بالێرەدا نهێنیەك بدرکێنم، دوای لەدایکبوونی نەوزادی کوڕم من ماوەیەك لەمالەوە دانیشتم، لەم ماوەیەدا کارم لەسەر وەرگێڕانی نامەی دکتوراکەم کرد، بەلام بەداخەوە دوای کارکردنێکی زۆر کە ڕاستەوخۆ لەسەر لاپتۆپەکەم تایپم دەکرد، لەسالی ٢٠١٤ لەویستگەیەکی میترۆی لەندەن لاپتۆپەکەم لێدزراو ئەوەی هەبوو لەگەلی ڕۆیشت ڕاستییەکەی لەبەر هەندێ هۆی تەکنیکیش بوارم نەبوو پێشتر داتاکان لەسەر سی دی و دیسکێت خەزن بکەم.

ئەمە خەسارەیەکی زۆر بوو، زۆریش خەمم لێخوارد، بەلام تازە ڕۆیشت. هیوادارم کاتی ئەوەم هەبێ لەداهاتوودا کار لەسەر وەرگێرانی بکەمەوە، دەبێ ئەوەشبلێم دکتۆراکەم بەناوی"وێنەی ژنی کورد لەناو ئەدەبیاتی ئەورووپی

سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیست"ـە بەقەبارەی ٣٥١ لاپەڕە بەزمانی فەرەنسی نووسراوە.

نەزەند بەگیخانی، ساڵی١٩٩١سەفەری کردوە بەرەو خۆرئاوا، لەوێیشەوە وەك خۆی گوتی بەردەوام لەسەفەردا بووە، وتم: موسافیرێکی باش دیاریت! بەنەرمە پێکەنینێکی گەرمەوە گوتی:

سەفەر!( وەك ئەوەی بیەوێ بڵێت: سەفەر یانی زۆر شت و هیچیش لەم بارەیەوە نەڵێت!). وتم دەتەوێ لەسەر سەفەر شتێك بەخوێنەر بڵێیت گوتی: **من بەحوکمی کارو وەك شاعیرێکیش بەردەوام لەسەفەردام! گوتی لات سەیر نەبێ گەر بڵێم نیشتەجێی ئاسمان منم!**

گوتیشی: سەفەر جۆرەکانی زۆرن، تەنها واتای شوێن گۆڕین نابەخشێت. بەرای من سەفەر وەك شوێن گۆڕین زۆر پێویستە، تۆ لەگۆڕینی شوێندا ئەگەر تێکەڵبیت بەژینگەو کولتوری کۆمەڵایەتی نوێ و ئابوری شوێنە نوێیەکان زۆر دەوڵەمەند دەبیت، دەکەویتە ناو دەورو دنیایەکی نوێ و ئازاد کە جووڵەو تەکانێکی نوێت پێدەبەخشیت بۆ خۆ گونجاندن، بۆ بەرەوپێش چوون و فێربوونی زمان و شێوازی دیکەی بیرکردنەوەو ژیان. ئەمە وات لێ دەکات تۆ دوبارە خۆت بنیات بنێیتەوە، خۆت نوێ بکەیتەوە. **سەفەر ئیرادەت پێ دەبەخشێ و فێرت دەکات خۆت بیت و لەسەر پێی خۆت بوەستی و سەربەخۆ بیت. ئەمەش بۆ هەمووان و تاکی کورد بەتایبەت ژنی کورد هەر زۆر زۆر گرنگە.**
بەڵام لێت ناشارمەوە کە ماندووبوونی زۆری تیایەو بۆ دایك ئاسان نیە.

ڕەنگە کەسمان لەعەشقبوونی نەزەند بەگیخانی گومانێکمان نەبێت، بەڵام ئەو زۆر عەدەمیشە، ئەگەرچی ئەو لەگەشتێکی شیعریدا بوو، پێویستی بەکات و پلانی تایبەتی خۆی هەبوو، بەڵام بەگرینگم زانی سەبارەت بەوەها بابەتێکیش بیهێنمە سەر قسان.

**نەزەند:** بەڵێ من عاشق و عەدەمیم، بەڵام هەردەم هەوڵیشم داوە بەکارکردن، بەفێربوون و بەنووسین خۆم ببەمە ئەو دیوی ئەم واقیعە سەخت و بێمانایە. بەمانایەکی دیکە من دەمەوێ واقیع بهێنمە ئاستی خەونەکانم و بپەڕمەوە ئەودیوی خۆم و کۆمەڵگە، ئەودیوی وجود، هەمیشە خۆم لەوەدا دۆزیوەتەوە مانایەك بدەم بەبوونم.

وتم: ئەمە چۆن و بەچیدەکرێ؟ گوتی: ئەمە بەوە دەکرێ کە پابەند نەبین بەپێوەرە تەسکەکانی ئاین و خێڵ و کۆمەڵگەی داخراوەوەو رێگە بەخۆمان بدەین ئازاد بین و بفڕێن، ڕێگە بەخۆمان بدەین ڕاستگۆیانە بێینە گۆو ڕاستگۆیانە عاشق بین، دیارە مەبەستم لەعەشق و عەشقبوون بەواتا رۆحی و سوفیستیەکەیەتی نەك بەواتا سواوە بازاڕییە نەرێتییەکەی وەك هەڵپەیەکی سێکسی و عاتیفی.

**لەعەشقێکی قووڵ و سۆفیانەدا تۆ تا ئەوپەڕی ئازاد دەبیت، دەفڕیت و سنورەکان دەبڕیت و هەردەم لەنوێبوونەوەدا دەبیت و دەتوانی ژیان بکەیت، یانی دەبیت بەوەحدەیەك لەگەڵ خودێکی باڵا. بەمەش دەتوانی تەجاوزی ئەو عەدەمییەتە بکەین، تەجاوزی ئازارە گەورەکانی مەرگ و غیابی هەمیشەیی کەسانی خۆشەویست بکەین.**

نەزەند بەشیعر دەستیپێکردوە: من بەشیعر دەستم پێکرد، شیعر یەکەم فۆڕمی نوسینەو هەر لەشیعریشەوە فێری وتن بووم، شاعیربوون هەموو شتێکە بۆ من.

وتم: شیعر چییە؟ گوتی: دەزانی دەبێ خوێنەر مانای شیعر دیاری بکات، من هیچم نییە لەسەر ئەوەی کە تۆ دەیلێیت، بەڵام ئەوەندە دەڵێم لەشیعردا من خۆم دەنوسمەوە، بەڵێ نەزەند بەگیخانی دەنوسمەوە، نەزەند بەهەموو ڕەهەندە جیاکانیەوە، یانی وەك ژن، وەك کورد، وەك مرۆڤێکی ڕاستەقینەو عاشق، وەك دایك و کەسێکی مەنفاویی و لێکۆڵەرو بەرگریکار لەمافی مرۆڤ. لەسەردەمی ئیمڕۆدا مرۆڤ هەمە ڕەهەندەو یەکانگیری و ڕاستگۆییش کۆت دەکاتەوە لەناسنامەیەکی یەککگرتوی تایبەتدا کەمنم ئەو(منە) لەشیعری نەزەندا ئامادەییەکی چڕو پڕ جووڵەی هەیە، ئیتر لێرە دەوەستێتە سەر خوێنەر چۆن دەیگرێت و لێکدانەوەی بۆ دەکات.

وتم حەزیش دەکەم بزانم ئەو نادیارییەی ئیلهامی نەزەند دەهێنێ و دەیباو ڕای دەژەنێ جگە لەعەشق چیترە؟ وتی: تۆ قەت خودات بینیوە؟وتم ئەمە ئەگەر وەك پرسیارێکی موجەڕەد وەربگرم، بێگومان نااا نەخێر. وتی دەی **خودا غیابێکی هەمیشەییە! بەڵام سەرچاوەی ئیلهامە، عەشقیش ئاوایە بۆ من.**

داوام کرد ڕێگەم پێبدات پرسیارێکی تایبەت بکەم: ببورن پێشتر قسەیەك کرد دیارە پەیوەندی بەتەوەری گفتوگۆکەمانەوە نیە بەلاّم بەلامەوە سەرنجڕاکێش بوو، ئا ناوی "نەوزاد"ت هێنا، هەر بەجیدی ئەمە چۆن لەیەك کاتدا کوڕو براشتە، ئەمە چۆن؟! ئەو کێیە؟ بەخەندەیەکی حەسرەتاوییەوە گوتی: بەڵێ **نەوزاد کوڕمە، بەڵام برام بوو!**

تەواوی منداڵیم لەگەڵ نەوزاد بەسەر برد، بەداخەوە بەر شاڵاوی ئەنفال کەوت، نەوزادی کورڕم درێژکراوەی ئەو مێژووەیە بۆمن، نەوزاد هیوایە، بەردەوامیە، هۆشیاریشم بەرامبەر بەو مێژووە. نەوزاد درێژکراوەی نەوزادە بەبێ ئەوەی ڕێگە بدەم باری قورسی ئەو مێژووە هەڵبگرێ.

زۆر باشە، گیانی کاکە نەوزادی برات شادبێ و بەهیوام کاکە نەوزادی کوڕیشتان ئایندەیەکی وەك خۆتان گەشی هەبێت، ئێستا دەمەوێ شتێکی تر بپرسم، وابزانم لەناو خانەوادەکەت بەناوێکی تر بانگت دەکەن؟ بەڵێ لەڕاستیدا کەسوکارەکەم بە"گزنگ" بانگم دەکەن، لەبەر ئەوەی دوای لەدایکبوونم کاتێ باوکم ناوی منی بەنەزەند تۆمار کردوە، خزمێکمان بەناوی (ڕۆستەمە فەندی) گوتویەتی خۆزگە ناوت دەنا (گزنگ)، باوکیشم گوتویەتی دەی با گزنگ بێت، کاتێ دەچێتەوە ماڵەوە بەدایکم دەڵێ کچەکەمان ناوی گزنگە ئەمە بەبێ ئەوەی دواتر بگەڕێتەوە بۆ فەرمانگەی نفوس و بیگۆڕێت، بۆیە لەناو خێزان و کەسوکار تا ئێستاش هەر بەگزنگ بانگ دەکرێم، خۆشم کەچوومە مەکتەب ئەوسا زانیم ناوم نەزەندە.

وتم تۆ دکتۆرات هەیە، وەك ئەوەی باوە لەکوردەواری، ئیتر ناوێکی تریش بۆت بووە بەپێشگری ناوەکەی خۆت. گوتی: بەڵێ، بەڵام دکتۆریم پلەیەکی زانستی و خوێندنەو پیشەو شارەزاییەکی باشی پێبەخشیوم، بەڵام قەت حەزم نەکردووە بەوە بانگ بکرێم.

**ئەرسەلان مەحمود**: زۆر ماندوم کردی و لەکاتم گرتیت، سپاس.

**نەزەند بەگیخانی**: زۆر سپاس بۆ ئێوەش خۆشحاڵبووم.




## مەرزە جەوانمەرد:

## کە مەمکم هات هەموو شتێك گۆڕا!

**کەس حاشا لەمە ناکات مرۆڤ لەڕوی بایولۆژییەوە دوو ڕەگەزە، بەڵام کاتێك ئەمە لەبری نێرو مێ بەژن و پیاو دابەش دەکرێ، هاوکات لەگەڵ دابەش کردنەکەش زۆر تایبەتمەندی نا ڕاست و نا یەکسان بەلایەنەکان دەدرێ، هەر ئەو کاتە تایبەتمەندییەکان دەتوانن لەسروشتی ئەو کەسە یان ئەو کەسانە زۆر دور بن.**

**مەرزە جەوانمەرد**

**ئەرسەلان مەحمود:** دەمەوێ لەئەزمون و فکرینی تایبەتی خۆتانەوە سەبارەت بەپرسی جێندەر بچینە ناو گفتوگۆکەمانەوە، لەم ڕوانگەیەوە دەتەوێ چیمان پێبلێیت؟

**مەرزە جەوانمەرد:** مرۆڤ گەر بیەوێ زۆر وردو بەدیقەت دەتوانێ لەڕێگەو ڕوانگەی جێندرییەوە لەجیاوازییە ڕەگەزییەکان تێبگاو بزانێ جیاوازی نێوان نێرینەو مێینە لەکۆمەڵگەدا چۆن ساز بووە، هەروەها دەتوانێ ببینێت پێوندیی نێوان ئەم دو ڕەگەزە چۆناو چۆنە. جێندەرو هزری جێندەری، دەتوانێ بناغەی ئەم بیرە چەوتانەمان بۆ شیبکاتەوەو نیشان بدات کە چۆن بەشێوەیەکی قووڵ لەکانگەی کۆمەڵگەی جیهانیدا جێگەی خۆی گرتوو بەڕێوەدەچێ.

**ئەرسەلان مەحمود:** ئەمە چۆن؟

مەرزە جەوانمەرد: قوڵی و بەرفراوانی پرسی جێندەر وەهای کردووە کە لەسەر ژیانی هەموو مرۆڤێك بەژن و پیاوەوە ڕەنگبداتەوە، دیارە ئەم پرسە لەژینگە تا ژینگەیەکی تر، بەپێی بارودۆخی کۆمەڵایەتی، ئاینی و ئابوری جیاوازی تێدا

وەدی دەکرێ، بەڵام ئەساسەکەی هەمان شتە. با لێرەدا کەمێك سەر سەرەکی باس لەئەزمونی خۆمت لەئاست پرسی جێندەر بۆ بکەم تا لەم ڕێگەیەوە وێناکردنێك بخەمە پێش چاو.

**ئەرسەلان مەحمود:** زۆر باشە، فەرموون.

**مەرزە جەوانمەرد:** کاتی منداڵی و خوێندنی سەرەتایی، وەك هەر هاوتەمەنێك کەمتر هەستم بەجیاوازیی نێوان خۆم و براکانم یان کوڕەکانی دەوروبەرو هاوتەمەنەکانم دەکرد. بەڵام ئیدی هەر ئەوەندەی کە مەمکم هات هەموو شتێك گۆڕدرا، یانی ڕاستەوخۆ هەم لەلایەن بنەماڵەکەمەوەو هەم لەلایەن خەڵکی گەرەکەوە **مەسەلەی بکەو مەکە عەیبەو عارەو ئابڕوت و ئابڕومان دەچێ و ئەم جۆرە قسە باوانە هاتە کایەکەوەو کەسایەتییەکی تازەی لێ ساز کردم.**

لێرەوە ئیدی ناچار کرام لەبەشێکی زۆر لەسروشتی خۆم مەسەلەن لەخەون و خەیاڵەکانم وەك هەر تاکێکی تری کوردەواری لەخواست و ویست و توانستەکانم سارش بکەم و دابڕێم و دوربکەومەوە لەخۆم وەك ئەوەی هەم، بێگومان وەك ئەوەی وتم ئەمە بەبێ ئەوەی ڕەزامەندیم وەربگرێ و بەبێ ئەوەی خۆم بمەوێ ببمە خۆمێکی تری خوازراو نەك وەك ئەوەی کەهەم و خۆم دەمەوێ بەم شێوەیەو لێرەوە ویشکایی کەوتە ڕەگ و ڕیشەی یەك بەیەکی خەونە تایبەت و کەسییە کانمەوە!

دەی ئەمە خۆ هەر منێك نییەو بەکۆتا هاتبێت لەخۆداو لەواقیعدا، ئەمە حاڵ و ئەحواڵی زۆرینەی هەرە زۆری مێینەیە لەکوردەواریدا، هەر بۆیە لەوکاتەوەی فامکردوەتەوەو ئێستاشی لەگەڵدابێ هەتا ئەو ئاستەی بتوانم و مشورم بیبڕێ

هەوڵ ئەدەم لەژیانی خۆم و دەروبەردا کاریگەری ئەم دیاردە فەرهەنگییە نەزۆکە کاڵبکەمەوەو بسڕمەوە.

**ئەرسەلان مەحمود:** کاتێك باس لەجێندەر دەکرێ، باسەکە بەتەنها هەر لەسەر جیاوازییە لاوەکییەکانە یان باسی پێوەندی و سنورو ئەرك و ناسنامەو هێمایە لەپرۆسە کۆمەڵایەتیەکاندا؟

**مەرزە جەوانمەرد:** دەی کەس حاشا لەمە ناکات مرۆڤ لەئاستی بایولۆژییەوە دوو ڕەگەزە، بەڵام کاتێك ئەمە لەبری نێرو مێ بەژن و پیاو دابەش دەکرێ هاوکات زۆر تایبەتمەندی ناڕاست و نایەکسان بەهەردو لادەدرێ، هەر ئەو کاتە تایبەتمەندییەکان دەتوانن لەسروشتی ئەو کەسە یان ئەو کەسانە بدەن و دوریان بخەنەوە لەخودی خۆیان، هەروەها هەوڵ ئەدرێ بەپێی تایبەتمەندییە هاوردە کراوو داڕێژڕاوە گشتییەکان کەسەکەو کەسەکان لەچوارچێوەو لەقاڵب بدرێن و لەجێگەیاندا باوەڕی بکەن بەجێگرەوەو نەسازی بخولقێندرێ.

**ئەرسەلان مەحمود:** ناوەرۆکی ئەم تایبەتمەندیانە چین؟

مەرزە جەوانمەرد: **کاکڵەی تایبەمەندییەکان ئەوەیە کە زۆربەی هەرە زۆری لێکەوتە باش و خاوەن بەها باڵاکان دەدرێ بەپیاو، لەبەرامبەردا جێکەوتە خراپ و کەم بەهاکان و ئەولاتریش دەدرێ بەژن!**

ئێ لەئاکام و ئەنجامی ئەمەشدا، هزری پاتریاکی سازو زاڵدەبێ. لەسەر ئەو تایبەتمەندییە دەستکردانە بناغەی هەست و ئەرك و حورمەتی کەسایەتی ئەم دو مرۆڤە بونیاد ئەنرێت، یانی خۆکار خاونی تایبەتمەندییە باشەکان واتا پیاو

دەبێتە باڵادەست و خاوەنی تایبەمەندییە کەم باش و نەباشەکانیش واتا ژن دەبێتە ژێر دەستە.

**تایبەتمەندییە باوەکان لەبناغەدا بەرهەمی بڕیاری چەوت و ناڕەوان، شعورو جەستەو ئاکاری مرۆڤ هەم لەژیانی تاکەکەسی و هەم ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەروەها لەئاست بابەتی لاوەکی و هەم لەئاست بابەتی سەرەکیدا سنووردارو داروشاو دەکەن.**

واتا لەسۆنگەی ئەم دابەشکردن و نایەکسانیەدا ئازادی و مافی مرۆڤ بریندارو لەکەدار دەکرێ، جیاوازی سایکۆلۆژی لەبەرچاو ناگرێت، دەسەڵات لەلایەن پیاوەوە مۆنۆپۆل دەکرێ، پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابوری سەربەخۆو زاتی لەژندا تابێ خاوەندارێتیەکەی لەدەست ئەداو دەسەلأت دەکەوێتە بندەست سیستمی باڵادەست کەپیاو سالارییە.

یانی لێرەوە عەقڵیەتی پیاو سالاری چ بەتاك و چ بەکۆو بۆ مسۆگەرکردن و بەهێزکردنی دەستکەوتەکانی هەوڵئەدا لەڕێگەی ئاین و نەرێت و بڵاوکردنەوەی زانستی درۆ سەپێندراوە یاسایی و ڕێسایی و نابەرامبەرەکان زیندوو ڕاگرێ و حوکمی ئیلاهییان پێدەدات، واتا **عەقڵیەتی پیاو سالاری بەخاتری ڕەوایەتیدان بەمانەوەی دەسەڵاتە ڕەهاکانی خۆی، لەبەرامبەر ئەوەی دەیخەیتە ژێر پرسیارەوە ئەو دێ بەهای ئیلاهییان پێ ئەدات**، بەلأم **جێندەرو هزری جێندەری ستروکتورێکی کۆمەڵایەتییە، نەك حوکمێکی سروشیت یان ئیلاهی.**

کاتێك دەگووترێ ژن و پیاو هەر ئاوا بووەو هەر دەبێ ئاوابێ، تەنیا چەواشەکردنی سروشتی ئەو مرۆڤەیە چ وەك تاك چ وەك کۆ، بەپێی لێکۆڵینەوە

ڕاستەقینەکان ئەمە دەرکەتووە هەر ئەوەندەی جیاوازی لەنێو پیاوو پیاوو ژن و ژن دا هەیە هەر ئەوەندەش جیاوازی لەنێو ژن و پیاودا هەیە.

**وێکچوونەکانی نێوان ئەم دووانە زۆر لەجیاوازییەکانی نێوانیان زیاترن،** بێگومان تا هۆشیاری و تێگەیشتن و ئاگایی تاك و کۆمەڵ لەنێو کۆمەڵگەدا لەسەر تر بێت ئا ئەوندەش باوەڕەی باوی هەر ئاوا بووەو هەر دەبێ ئاوا بێ، واتا پرسی جێندەر بەرو گەشەکردویی و بەرەو سەر دەچێی.

**ئەرسەلان مەحمود:** ئەی سەبارەت بەئابڕو وەك چەمك، ئابڕو وەك جەوهەرو ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی دەتانەوێ چۆن هەڵوەستەو هەڵسەنگاندێك بکەن، ئابڕو چییە؟

**مەرزە جەوانمەرد: لەکۆمەڵگەی ئێمەدا بەگشتی، چەمکی لەچەشنی ئابرو، حەیا، عەیب، شەرم و گوناە، شەرەف، ڕێك وەك هەڕەشەی بوونی چەکی ناوەکی وایە بۆ لەنێو بردن و سەرکوت و دەمکوت کردنی ژن!**

بەداخەوە بەهۆی بەهێز بوونی کارکردەی دیاردەی ئابروچوون و ئابروبردن و ئابڕوبەری بەپشتیوانی کۆمەڵگە وای لێهاتووە هەمووومان ئیزن بەخۆمان بدەین خۆمان تێکەڵاوی زۆر بابەتی تاکە کەسی ژیانی یەکتری و ئەوانی تر بکەین، وایکردوە تەخوین بەیەکتر بکەین و یەکتری بشکێنینەوەو حوکمی ناڕەوا بەسەر یەکتردا بدەین، بێگومان ئەم کردارە بێجگە لەوەی پێشێلکردنی مافی یەکترە، پێشێلکردنی مافی مرۆڤیشە، ئاستی نزمی تاك و کۆی کۆمەڵگەکەش نیشان دەدات، لەکۆمەڵگەی کۆنەپارێزدا ئەم چەمکانە زۆر بەهێزن.

ئەو کەسانەی لەکۆمەڵگەیەکی ئاوادا دەژین لەترسی سزای نەفسی و جەستەیی ئەم چەکە، بەردەوام پێویستە خۆیان بەناچاری مشورو ئازادی خۆیان سنوردار دەکەن. لەئاکامدا کەمتر دەتوانن خولقێنەر بن و زیاتر تووشی خۆخواردنەوەو نەسازی نەفسی و جەستەیی دەبن.

لەڕاستیدا تاك و كۆ، هەردوك زەرەمەندی ئەم دیاردەیەن. **لەکۆمەڵگەی سالم و پێشکەوتوودا تاك بۆخۆی بەمشوری خۆی، ویست خواست و پێویستییەکانی خۆی سنووردار دەکاو بریار لەسەر ژیانی خۆی دەداو کۆمەڵگەش پشتیوانی لێدەکات.**

**ئەرسەلان مەحمود:** هەستی خۆ بەکەمزانی ژنی کورد بەگشتی، بەلای منەوە زۆر پڕ سەرجنڕاکێشرتینە، ئایا ئەم دەرگرییە زاتی و دەرونییەیەی هێشتا سەراپای بوونی ژنانی کوردی داپۆشیوە کەچی دوای هەر پرینگانەوەیەکیش دیسان دەچێنەوە ناو هەمان ئەم دۆخەوە ئایا هەڵەم؟ یا ئەمە چییە؟

**مەرزە جەوانمەرد: سیستمی پیاو سالاری وەك هەموو سیستمێکی دەسەڵاتدار بەمەبەست بینا کراوە. لەئاستێکی بەریندا فەیلەسوف و زانایانی ئاینی هەر لەکۆنەوە هاوکات کە هەوڵیانداوە پیاو لەئاست ماف و دەسەڵاتەکانیان بەسەر ژندا وشیار بکەنەوە.**

هاوتەریب ئەو وشیارکردنەوە ئەم باوەڕە هەڵبەستراوەشیان لەنێو ژن و پیاودا بڵاوکردۆتەوە کە ژن ڕوحەن و جەستەن لەپیاو کەمترە، ژمارەی ئەو فەیلسۆف و زنایانەی کە باوەڕی لەم چەشنەیان بڵاوکردوەتەوە بەداخەوە هێندە زۆرن لەبژاردن نایەن.

بۆ وێنە ئەرستۆ، جیاوازی ژن و پیاو تەنها لەجیاوازی جەستەییدا نابینێت، ئەو دەڵێ: متافیزیکی ژن بەهای لەمتافیزیکی پیاو کەمترەو تێگەیشتن و شانازی مرۆیی و میتافۆریی تەنها هی پیاوە.

هەروەها دەڵێ: بەبێ ڕەچاوکردنی تەمەن، پلەو پایەی ژن لەژێر پلەو پایەی پیاوەوەیە، واتا بەلای ئەرستۆو لایەنگرەکانی پیاو ڕوحەن لەژن بەرزترە، هەروەها هەر وەها فەیلەسوفگەلێك تا ئایینەکانیش بەگشتی بەچاوی کەم ڕوانیویانەتە ژن.

بۆ وێنە هەڵبەستۆکی خولقاندنی ژن کەدەڵێن: خوداوەند ژنی لەئاخر پەراسوی چەپی پیاو خولقاندوەو تاوانی حەوا بوو ئادەم لەبەهەشت دەرکرا، دیسان ئەرستۆ دەڵێ: لەبەر ئەوەی توانای بیرکردنەوەی ژن لاوازە، بەهیچ هۆیەك نابێ ڕەچاوی بیرو ڕاو سەرنج و تێگەیشتنی ئەو بکرێ، سەربەرزی شەڕەفی ژن لەئاستەمی بێدەگی پیاودایە.

هەر بەم شێوەیە ئەم چشنە باوەڕانە لەنێو فەیلەسوف و زانایانی سەردەمدا لەداروینەوە تا فرۆیدو ڕوسۆو نیتچە، بەردەوام هەبووەو هەیەو کاری بۆ کراوەو دەکرێ کە باوەرەکە زیندوو ڕاگرێ، ڕوسۆ دەڵێ: ژن بەتایبەت بۆ ئەم مەبەستە خولقاوە کە لەزەت بەپیاو ببەخشێ. **لایەنگرانی ئەم باوەڕانە بۆ ئەوەی خەڵك ئەم چەشنە باوەڕانە بێململانێ پەسەند بکەن و بەکاری بهێنن، دێن ئەم درۆیانە بەزمانی خوداو پێغەمبەران و سەروەری مرۆڤ و مرۆڤ سالارییەوە دەکەن و هەڵدەبەستن.**

**ئەرسەلان مەحمود:** ڕەنگدانەوەی لەسەر پیاوی کوردیش داناوە؟

**مەرزە جەوانمەرد:** ڕەنگە ڕوانگە فەلسەفییەکانی ئەم بیریارو فەیلەسوفانە ڕاستەوخۆ بەکوردو بەکۆمەڵایەتی نەبووبن لەکوردەواریدا، بەڵام وابزانم کەس نییە لەکۆمەڵگەی کوردەواری ئەوەی نەبیستبێت کە دەڵێن:

پێغەمبەر فەرموویەتی، پرس بەژن بکە بەڵام بەقسەی مەکە. یان دەڵێن: پێغەمبەر فەرموویەتی، ژن وەك زەوی دەچێ دەبێ بیکێڵی. بەمەیش دەبینن توانیوایانە بێجگە لەوەی ژن لەلای پیاو بشکێننەوە، توانیویشیانە ژن لەنێو خۆیدا لەباری نەفسییەوە وەها بشکێنەوە کە زۆر بەهاسانی کەم یان زۆر ئەم چەشنە باوەڕانە پەسەند بکات، بەڵام ئەگەر بەتایبەت بێینە سەر خۆبەکەم زانینی ژنی کورد لەڕوانگەی من بێجگە لەبناغەی فیکری سیستمی دەسەڵاتی پیاوسالاری کە کاریگەری خۆی لەسەر ئێمە ژنی کوردیش وەك ژنانی دیکەی جیهان و ژنانی کۆمەڵگەی ئیسلامی داناوە، دەبێ بڵێم سیستمێکی دیکەی سالاری واتا **شوینیستی فارس، تورك، عەرەب کاریگەری نەرێنی هەم لەسەر کەسایەتی ژنی کوردو هەم کەسایەتی پیاوی کورد کردووە**. ئەوەش شتێکی سەیر نییە ئەگەر بێتوو ئەم هەستە لای ئێمەی ژنی کوردیش خۆی بەرچاوتر نیشانبدات.

**ئەرسەلان مەحمود:** بۆچی سەیر نیە؟

**مەرزە جەوانمەرد:** چونکە شوینیستی فارس، تورك، عەرەب لەسایەی دەسەڵاتی نارەوایان بەسەرماندا، توانیویەتی لەباری نەفسی ژن، پیاوو منداڵی ئێمە وەك نەتەوە بریندار بکەن و بشکێنەوە، ئێمە خۆمان شاهیدین چۆن وەك نەتەوە مافمان دەخۆن و چۆن گوشارمان دەخەنە سەر، چۆن پاشەکشەمان پێدەکەن.

من ئەم پرسە واتا **خۆبەکەم زانین وەك کێشەیەکی نەفسی نەتەوەیی دەبینم،** ئەوەش ئەرکی کۆمەڵناس و دەروونناسانی کۆمەڵگەکەمانە بەگشتی کار لەسەر ئەم کێشەیە بکەن، چونکە خۆبەکەم زانینەکە کاریگەری لەسەر تەواوی بوونییە مرۆییەکەی کورد داناوە، جیاوازییەك ئەگەر هەبێ پەیوەندی بەستەمی دولایەنی دەرەکی و ناوەکییەوە هەیە کەوای کردوە پتر بەژنی کوردەوە دیاربێ تا پیاوی کورد.

**ئەرسەلان مەحمود:** بەخوێندنەوەی من ئامادەگی ژن لەڕێکخراوەکانیاندا، تا ئێستاش ئامادەگییەکی وەزیفییە، ئەمە بەو مانایەی لەڕێگەی حزبەوە هێشتا لەتاوانەکانی فیودالیزم ئەنتی ژن دەپارێزرێت، تۆ ئەمە چۆن لێکدەدەیتەوە؟

**مەرزە جەوانمەرد:** دیارە دەبێ ئەوە بۆ هەموو کەس ڕەوا بێ کە خۆی لەنێو هەر بیرو باوەڕو شوێنێك ببینێتەوە، ئەمە بەو مەرجەی بیرو باوەڕەکە دژە ئینسانی و بەها ئینسانییەکان نەبێ، یانی بتوانێ چالاك بێ.

بەڵام **ڕەوا نیە دیکتاتۆر خۆی بەئازادخیواز ناوبەرێ و لەوەش خراپ تر خیانەت بەو کەسانە بکات کە متمانەیان پێکردوەو بەنوێنەری خۆیان داناوە.** لەوڵامی پرسیارەکەشت دەبێ بڵێم، منیش تەواو لەگەڵ بۆچوونەکەی بەڕێزتانم. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو کەس خۆی، کە چەندە زانیاری لەسەر ئەوبابەتە هەیە کەپێ هەستاوەو چەندەش باوەڕی پێی هەیە، تا بتوانێ خۆی پێوە ماندو بکات و لەسەری سوربێ.

**کەسی بەئاگاو هۆشیار قەت نایە دژ بەخۆی بریاربدا. بۆ وێنە ژنانی پارلمانتار لەتاوتوویییەکانی پێشنیاری یاسای میسارو لەدەرکردنی یاسای دووژنەدا،**

**دەبوایە بەهەڵسەنگاندن و خوێندنەوەو لێکدانەوەی سەردەمی و پێشکەتوانە بوایەو لەڕوانگەی جێندەرییەوە بابەتەکانیان شیکردبایەوە.**

ئەوان ئەگەر بەپێی پێویست پێشکەوتوو بوان بێگومان دەیانتوانی لێزانانەو مرۆڤ دۆستانە ڕوبەڕوی پرسەکە ببنەوە، **تاکەی دەبێ مێرد نەکردنی کچان و کچ نەهێنانی کوڕان شتێك بێ ناڕەوا دابندرێ. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ئەو تێگەیشتنە چەوتە نەمێنێت کە دەگووترێ کچ دەبێ مێردی بکات و کوڕ دەبێ ژنێ بهێنێت؟!**

**ئەرسەلان مەحمود:** ببورن دەمەوێ ڕاتانگرم، دەتەوێ بڵێی زەواج وەها پێویستییەك نیە حەمتی یا مەسەلەیەکی ئیختیارییەو نابێ کردن و نەکردنی وەك عەیب و عار ئەژمار بکرێ و نەکرێتە پاساوی ڕەوایەتیدان بەفرە ژنی و زەواج لەناو زەواجدا؟

**مەرزە جەوانمەرد:** نا هەرگیز نامەوێ بڵێم زەواج پێویست نیە، دروست دەمەوێ بڵێم مەسەلەکە پەیوەندی بەئازادی تاکە کەسیەکانەوە هەیەو نابێ بکرێتە بیانوی ڕەوایەتیدان بەناڕەوایی جێندەری.

فرە ژنی ڕێك وەك خولڤاندنی حکومەتە لەناو حکومەتدا، ئێمە دەبێ بڵێین هەم کچ دەتوانێ بێ مێرد بژی و هەم کوڕ دەتوانێ بێ ژن بژی. بەتایبەت ئەگەر قسەو قسەلۆکی وەك قەیرەو هەتیوباز لەلایەن ئێمەو ئێوەیەك لێیان بگەڕێ و بەچاوی سووك تەماشایان نەکەین.

**ئەرسەلان مەحمود:** حەز دەکەم ئەم پرسیارەم لەهەر کەسێك بکەم، ئایا هۆکارە بابەتی و فەلسەفیەکانی چەوسانەوەی ژن چین، کامانەن؟ ژنان بۆ دەچەوسێندرێنەوە؟

**مەرزە جەوانمەرد:** من زۆر بەگشتی لەوەڵامدا دەتوانم بڵێم هەستی سەروەری و هەست قازانجخوازی لەهەستە ئاساییەکانی مرۆڤەو بەردەوام بۆ وەدەسهێنان ڕاگرتنی هەموو هەولێکی داوە.

وابزانم ئەوەیە کە سیستمی پیاو سالاری سیستمێکی چەوسێنەرانەیەو کەس نیە قسەی لەسەر نەبێ. **سیستمە چەوسێنەرەکانی جیهان لەکۆیلەیی ڕابگرە تا دەگات بەفیودالّی، دیکتاتۆری، پرۆلتاریایی، کۆلۆنیالیسیت، کاپیتالّیسیت، سەرەڕای شێوەی جیاواز لەبوونیاندا، لەقۆناغی جۆراو جۆرداو لەئەساسدا لەسەر هەمان هۆکارو فەلسەفە واتا سەروەری و قازانج بنیانکراون.**

**سەروەری و قازانج کەم یان زۆر لەسەر پێوەندییەکی ناڕەوا بنیانکراوە. پیاو ژن دەچەوسێنێتەوە چونکە خۆی بەسەروەری ژن دەزانێ و ئەو سەروەرییە بەقازانجی خۆی دەبات. پیاو بەدرێژایی مێژوو هەولّیداوە قازانجی خۆی بپارێزێ.**

**ئەرسەلان مەحمود:** سپاس بۆ ئێوە.

**مەرزە جەوانمەرد:** هەروەها بۆ ئێوەش، هەر بژین.



**میدیا عوسمان:**

## لەهەندێ تێکستی ئاینییدا ژن وەك ئادەمیزادێکی پیرۆز باسکراوە کەچی بەپێچەوانەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ!

**ئەوەی مافی ژنانی پێشێلکردوە پیاوە، پێویستە پیاوان شێوەی بریکردنەوەی خۆیان بگۆڕن. گرنگیدانی پیاوان بەکێشەی ژنان کاریگەریەکی ئەوتۆی نییە بۆ دروستبوونی گۆڕانکاری، دەبێ زیاتر ڕێگە بەژنان بدرێ کێشەی ژنان چارەسەر بکەن.**

**میدیا عوسمان**

**ئەرسەلان مەحمود:** با لەدەردەشە کردنی پرسی ژنانی کورد لەدەرەوەی وڵات، بڕۆینە نێو کرۆکی گفتوگۆکەمان، گوزەرانی ئەوان چۆنە؟ ئایا لەوێش گیرۆدەی بەندوباوە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەکەی خۆیانن؟ هۆکارە بنەڕەتییەکە چییە هێشتا ژمارەگەلێك قوربانی لەم چەشنە هەن، ئەمە بۆ؟

**میدیا عوسمان:** کاتێك ژنانی کورد وڵاتەکەی خۆیان واتا کوردستان بەرەو دنیای دەرەوەو هەندەران جێدەهێڵن، بارودۆخیان بەتەواوی و کتوپڕ دەگۆڕێ، چونکە دەکەونە ناو دنیاو ژینگەیەکی نوێی فەرهەنگی و ژیاری و پەیوەندی تازەو پێوەری جیاواز ترەوە.

لێرە لەدەرەوەی وڵات مرۆڤ بەگشتی یا دەچێتە قوتابخانە یانیش کار دەکات، یانی زۆرینەی جار مرۆڤ بێئەوەی خۆی بیەوێ سیستمەکە دەتخاتە بەردەم بەریەککەوتن، واتا تێکەڵاو بوون بەکۆمەڵگەی ئەورپی بەر لەهەر شتێك یانی ناسینی خەڵکانی جیاوازو ئاشنایەتی نوێ لەگەڵ یاساو پێوەرە تازەکان، ئەم هەژموونە دواجار تا چەندو چڕادەیەك دەتگۆڕێ، بێگومان ئەمە پەیوەندی بەبەرەوپێشەوە چوونی مرۆڤ خۆیەوە هەیە وەك تاك.

هەیە زو کاتێکەرو هەشە زوو کارتێکراو دەبێت، لەبەر ئەوە وەك وتم لێرەوە ئیتر ئەمە پەیوەندی بەتێگەیشتنی تاك خۆیەوە هەیە بۆ ئەم کۆمەڵگە تازەیەی داخڵی بووەو دەبێت، پەیوەندی بەئامادەبوونی ئەو کەسەوە هەیە لەوەرگرتن و دانەوەی زانیاری، لەکارلێك و بەرکەوتەو لێکەوتەکانی درستکردنی گۆڕانکاری لەژیان و شێوەی بریکردنەوەی خۆیدا.

بەڵام لەسەروی ئەمەوە پێم وایە ژنی کورد لەهەردو باردا دوچاری زەحمەتی زۆر تر دەبێت، واتا هەم لەکوردستان و هەمیش لەدەرەوەی وڵات، **هاتنی ژنانی کورد بۆ دەرەوەی وڵات، واتای ئەوەی نییە ئێش و ئازارو نەهامەتیەکانی راستەوخۆو بەشێوەی ئوتوماتێك چارەسەر دەبن.**

بەڵکە لێرەوە پێویستی بەوە هەیە شێوازێکی نوێی ژیانکردن و هەڵسوکەوت بدۆزیتەوە کەبتوانیّ وەك ژنێکی ئازاد هەڵبکاو کار بکات، هاوکات نزیك بێت لەکۆمەڵگەو نەریتە کوردیەکانیش. ژن لەکوردستان ناتوانێت بڕیار لەسەر ژیان و شێوە ژیانی خۆی بدات، کەچی لەئەورپا پێچەوانەکەی راستەو ژنیش وەك هەر بوونەوەرێکی دی، وەك پیاو بڕیار لەسەر ژیانی خۆی دەدات. پێم وایە **هونەری گەورە ئەوەیە ژنی کورد بتوانیّ هاوسەنگی جێندەری دروست بکات لەژیانی خۆیدا، بەبیّ ئەوەی لەبوونی خۆی وەك کورد دور بکەوێتەوە، یانی هاوکات بتوانیّ ماف و ئازادییەکانی خۆی لەدەست نەدات.**

زۆربەی هەرە زۆری ڕوداوەکانی کوشتنی ژنان لەئەورپا بۆیە ڕو دەدەن چونکە ئەو ژنانە دەیانەوێت وەك ژنانی ئەورپی بڕیار لەسەر ژیانی خۆیان بدەن، دیارە ئەوەش تا ئێستا لەلایەن پیاوانەوە پەسەند ناکرێت دەیانەوێت ژنان پەیوەست

بن بەكولتوری خۆیان، بەبیّ گوێدانە ئەو گۆڕانكاریەی لەژیانی مرۆڤدا دروست دەبێت بەدەركەوتن لەكوردستان نیشتەجیّ بوون لەوەڵاتێكی ئەورپی.

**ئەرسەلان مەحمود:** ژنانی كۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی، لەو نێوەشدا ژنانی كورد بۆ نەیانتوانیوە ببنە خاوەن كەسیەتیەكی سەربەخۆی زاتی، یان بۆچی پێگەیان بەتەواوەتی لەیاساو ڕێسا نوسراوو نەنوسراوەكاندا ئەوەندە نادیارو بزرە؟

**میدیا عوسمان: پێموانیە ژنان لەڕۆژهەڵاتدا فێری سەربەخۆیی بكرێن.** ژنان هەر لەمنداڵیەوە بەشێوەیەك پەروەردە دەركرێن كە باوك و برا وەك پیاو لەبری ژن بڕیار ئەدەن.

**هەر لەمنداڵیەوە كچ ئاگاداری ئەوەیە كە باوك لەبری دایك بڕیار ئەدات، بەمەش هەیمەنەو زاڵبوونی پیاو لەلای كچەكانیش دەبێتە دیاردەیەك سروشتی و لەمیشك دەرونیاندا دەچەسپێت. تەنانەت بەشێكی دایكانیش وەك باوك و پیاو بیردەكەنەوە، بەنمونە كاتیّ هاوسەری كچەكەی لەكچەكەی بدات، دایكی كچەكە لەبری بەرگری و بەدەنگەوە چونی كچەكەی، بەكچەكەی دەڵیّ هیچ نییە كچم ئارامت بیّ لێدانی پیاوان شتێكی ئاساییەو ماڵ بەجیّ مەهێڵە!**

هەتا ئەگەر ژنێك بیەویّ سەربەخۆ بژی و بڕیارەكانی خۆی بدات، كۆمەڵگەو دەوروبەرەكەی دژی دەوەستنەوە. **ژنی كورد هەم بەڕێگەی یاسا مەدەنیەكان و هەم لەلایەن كۆمەڵگەوە دەچەوسێتەوەو مافەكانی پێشلدەكرێن.** بۆیە دەرگەو ڕێگەكان لەبەردەم ژناندا ئاواڵە نین، چەندین قۆناغیان لەپێشە بۆ ئەوەی ئازادی خۆیان و یەكسانی لەگەڵ پیاواندا بەدەست بیهێنن.

**ئەرسەلان مەحمود:** پیاو لەهەمبەر پرسەکانی ژن، چۆن دەتوانن ببێتە بەشێك لەگۆڕان و گۆڕاوی دنیابینی و تێگەیشتن لەجیهانی ژن وەك خۆی؟

**میدیا عوسمان:** هەرچەندە ئەوەی مافی ژیانی پێشلکردوە پیاوە، بەڵام پێم وایە دەبێ ژنان خەباتی خۆیان ڕێکبخەن و بەئەرکی خۆیان هەڵسن. پێویستە پیاوان شێوەی بریکردنەوەی خۆیان بگۆڕن. گرنگیدانی پیاوان بەکێشەی ژنان کاریگەریەکی ئەوتۆی نیە بۆ دروستبوونی گۆڕانکاری وەك ئەوەی میدیاکان پێی هەڵدەستن و تەبلیغاتی لەسەر دەکەن، بەنمونە کاتێك ڕۆژنامەیەك ستوونێك یان هەتا لاپەڕەیەك تایبەت بەژنان تەرخان دەکات، زیاتر دەبێ ڕێگە بەژنان بدرێت کێشەی ژنان چارەسەر بکەن. پێم وایە لەپێشدا **پێوستە پیاوان ئەو گۆڕانکاریە نوێیانەی لەدیدو ڕوانینیاندا باسی دەکەن، هەر لەچێوەی بیر کردنەوەیاندا نەمێنێت و بەکردەوە پڕاکتیزەی بکەن، پاشان پشتگریی کێشەی ژنان بکەن.** پێم وایە تەنیا باسکردن و نووسین بەش ناکات هەر چەندە قسەکردن بەهەنگاوی یەکەمی گۆڕانکاری دادەنرێت.

**ئەرسەلان مەحمود:** دەمەوێ بزانم پێگەی ژن لەناو بیرو باوەڕە ئاسمانیەکان لەڕوانگەی میدیا عومسانەوە تێبگەین و بزانین چییە؟

**میدیا عوسمان: ئاشکرایە ئاینەکان بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن پیاوانەوە ئافرێنراون، بۆیە ژنان هەمان مافی پیاوانیشیان نییە لەناو لەئاینەکاندا. ڕاستە لەهەندێ تێکستی ئاینییدا ژن وەك ئادەمیزادێکی پیرۆز وەسف کراوە، بەڵام لەڕاستیدا بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ ژناندا ناکرێت.** ئازادی ژنان سنوردار کراوەو پیاوان زیاتر ئازادیان پێدراوە.

کاتێك **لەکیتابێکی پیرۆزی ئاینییدا باسی مافەکانی پیاوان بکرێت و ئازادی هەڵبژاردن بەپیاوان بدرێت و بەهەمان شێوە باس لەمافەکانی ژنان نەکرێت، ئەمە واتای جیاوازی کردنە لەنێوان ژنان و پیاواندا.** ئەمەش لەقۆناغێکدا چەوساندەوەی ژنان بەدوایدا دێت.

بەڵام پێم وایە **لەم سەردەمەدا گۆڕانکاری لەزۆر شتدا دەکرێت و خوێندنەوەی جیاواز بۆ تێکستەکانی ئاینیش دەکرێت، پێم وایە پێویستە ژنانیش سوود لەو گۆڕانکاریە وەربگرن و خودی خۆیان ئەو ئەرکە بگرنە دەست نەك پیاوانی ئاینی ئەم کار لەبری ئەوان بکەن.** ڕاستە وەك دەڵێن تێکستی ئاینی فەرمودەی خودایەو فەرمودەی خوداش ناگۆڕدرێت بەڵام لەپراکتیکدا زۆر گۆڕانکاری لەخوێندنەوەو تێگەیشتنی تێکستەکانی قورئانیشدا کراوە.

**ئەرسەلان مەحمود:** ئەو تایبەتمەندی خەسڵەتانەی پیاو دەبێ سەبارەت پێکهاتەو بەدنیای ژن بیزانێ لەچیدا خۆیان دەبیننەوە، کامانەن؟

**میدیا عوسمان:** پێم وایە پیاوان زانیاری باشیان لەسەر شێوازی ژیانی ژنان و کێشەکانی ژنان هەیە، بەڵام ئەوەی پێویستە ئەوەیە کە پیاو خۆی لەجێگەی ژن دابنێ و ددان بەهەڵەکانی خۆیدا بهێنێ و ئەو ئازادیەی لەژنانی وەرگرتووە پێی بداتەوە.

**ئەرسەلان مەحمود:** ئاخر مەسەلەن ئەمە چۆن؟ ژنی کورد هێندەی چارەنوسی خۆی بەشتگەلێکی لاوەکیەوە بەستۆتەوە، ئەوەندە وابەستەی شێوە ژیانی بابەتی خۆی نەبووەو نیە، پێتان وایە بۆ ئەم مەبەستە دەبێ چ ئاڕاستەیەك هەڵبژێرێت، لەکاتێکدا دەبینین ئێستا لێوان لێون لەوێنەو وشەو دروشم و

خواست، پەیامەکانی خۆشیان ئەو دۆخەی دروستکردووە، ئایا ژنی کورد چۆن دەتوانێ لەدۆزینەوەی خۆیدا سەرکەوتوبێت؟

**میدیا عوسمان: ژنی کورد لەژێر کارتێکردنی دابونەریت و نورمەکانی پیاواندا دەژیت. ئەو دابونەریتانەی بۆ کۆمەڵگەیەکی پیاو سالار دروستکراون سەرەوەری و ڕێگەیان لەژنان بزر کردوە.**

دوای هەزاران ساڵ لەچەوساندنەوە وای کردوە کە زۆرێك لەژنان حاڵەتی ئەمڕۆ بەسروشتی بزانن. پێم وانییە کێشەی ژنان لەکێشەکانی تری ژیان جیاوازتر بێت. هەر وەکچون ڕزگارکردنی کوردستان پێویستی بەخەباتێکی بێ وچانە بەڵام هەموو کوردان لەو خەباتەدا بەشداری ناکەن، بەهەمان شێوە لەخەباتی ژناندا بۆ یەکسانی هەموو ژنان بەشداری تێدا ناکەن، ئەوە پەیوەندی بەڕادەی هوشیاری ژنانەوە هەیە. هەر وەکچۆن بەشداری کورد لەخەباتی ڕزگاری کوردستاندا پەیوەندی بەڕادەی وشیاری گەلەوە هەیە.

ئەگەر سەیر بکەین ئێستا لەباشوری کوردستان هەندێ کەس هەن دەڵێن کێشەی کورد لەباشوری کوردستان نەماوە لەکاتێکدا کێشەکە هێشتا دەیان قۆناغی ماوە چارەسەر بکرێت.

**ئەرسەلان مەحمود:** تەواوی ڕێکخراوەکانی ژنانی کورد لەدەرەوەو ناوەوەی کوردستان چۆن و لەژێر چ چەترێکدا پۆلێن بکەین، ئایا بوونەتە مایەو ئەو ئامرازە کاریگەرو ڕۆشنکەرەوەی ڕێگەی خەباتی جێندەری؟

**میدیا عوسمان:** دەمەوێت ئەوە بڵێم دیارە لەباشوری کوردستان زۆر کار کراوە بۆ دوروستکردنی گۆڕانکاری لەژیانی ژناندا، چەندین ڕێکخراو کاریان کردوە بۆ

گۆڕینی یاساکان و خستنە بەرچاوی کێشەی ژنان. بەڵام ئەمەبەس نییە، هێشتا ژنان لەکۆمەڵگەیەکی یەکساندا ناژین. لەوانەیە بەشێکی کێشەکە بۆ لاوازی باری فەرهەنگی ڕێکخراوەیی ژنان بگەڕێتەوە لەباشوری کوردستان.

هاوکات ئێمە ناتوانین باسی ئەوە بکەین ژنان ئارەزوومەندانە نایانەوێت خۆیان ڕێکبخەن و گلەیی لەنەبوونی ڕێکخراوی بەهێزی ژنان بکەین، چونکە کۆمەڵگە هیچ هەڵبژاردەیەکی تری باشتر لەبەر دەستی ژناندا دانەناوە. ئەگەر سەیری ژنان و ڕەوشی ژنان بکەین لەکوردستان دەبینین کە ژن دەبێ بخوێنێت کار بکات و منداڵیش بەخێو بکات. پیاوانیش لەدەرەوە کار دەکەن و زۆربەیان ئەگەر نەڵێم هەمووان کاتێك دەگەڕێنەوە ماڵەوە بەهیچ شێوەیەك هاوکاری ژنان ناکەن.

**ئەگەر پیاوان هاوکاری ژنان بکەن و ئەمە ببێتە دابونەریتێك لەخێزانی کوردیدا، ئەکید بواری زیاترو نەوعی تر بۆ ژنان دەرەخسێت تا بەشداری باشتر لەکایەو کاری ڕێکخراوەییدا بکەن.** ڕاستە بەشێك لەژنان خەریکی کاری لاوەکین، بەڵام ئەوە پەیوەندی بەئامانج ناسییەوە هەیە هەروەها پەیوەندی بەپەروەردەو دەوروبەرەوە هەیە.

ئەگەر سەیر بکەین لەو خێزانانەی خوێندن تیایدا کارێکی پیرۆزە کچەکانیشیان لەپرۆسەی خوێندن و کارکردندا بەشدارن و هەست بەوە دەکەن کە بەشێکن لەکۆمەڵگەو بەشداری لەگۆڕانکاری و پشکەوتندا دەکات، هەر زۆریش **گرنگ و کاریگەر دەبێت ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان لەباشوری کوردستاندا هەبێت.**

**کاتێك دەڵێم هەبوونی ڕێکخراوی سەربەخۆ ژنان گرینگ و کاریگەر دەبێت، ئەمە بەواتای ئەوەی ئیتر ژنان خۆیان ستراتیژی کاری ڕێکخراوەیی خۆیان دابڕێژن و هاوسەنگی و یەکسانییەك لەپرنسیپە جێبەجێ کراوەکانی تیادا هەبێت.** هەروەها ئەمە واتای ئەوەش نییە کە تەنها بۆ ژنان هەبێت ببن بەئەندام لەو ڕێکخراوانەدا. پێویستە ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لەمافەکانی ژنان خەریکی کێشە بنەڕەتیەکانی ژنان بن نەك وەك پاشکۆیەك بن.

بەڵێ **مەرج نییە ڕێکخراوی تایبەت بەمافەکانی ژنان تەنها ژن بەڕێوەی ببەن و دەست بەکاربن، بەڵکە دەکرێت ئەو ڕێکخراوانە هەردو ڕەگەزی نێرو مێی تێدابن بەمەرجێك ئەو پیاوانە لەپراکتیدا باوەڕییان بەیەکسانی ژنان و پیاوان هەبێت.**

ئەرسەلان مەحمود: خۆکوژی لای ژنی کورد دەرهاویشتەو هەڵگری چ جۆرە تێگەیشتن و لێکدانەوەیەکە، ئێوە پێتان وانیە خۆکوژی لای ژنی کورد بەجۆرێك لەجۆرەکان لەنائاگامەندییەوە سەرچاوە گرتبێت؟

**میدیا عوسمان:** خۆکوشتنی ژنان بۆتە دیاردەیەك، ئەمەش خۆی لەخۆیدا واتای ئەوەیە کە ژنان لەبارودووخێکی باشدا ناژین. خۆکوشتن دوا ڕێگەیە بۆ هەر کەسێك، کاتێك مرۆڤ چارەسەری بۆ کێشەکان نادۆزێتەوە، ئەو کاتە بڕیاری لەناو بردنی خۆی دەدات.

**ئەگەر حکومەت و کۆمەڵگە لەڕێگەی یاساوە هاوکاری ژنان بکەن، خۆکوژی کەم دەبێتەوە. لەهەر وڵاتێك چەوسانەوەی ژنان کەم بێت ژنان پەنا بۆ خۆکوژی نابەن.** زۆر گرنگە هۆکارەکانی خۆکوژی دەستنیشان بکرێن.

**هۆكاری خۆكوشتنی ژنانی كورد هۆكارێكی سروشتی نییەو زیاتر پەیوەندی بەچەوسانەوەو باری ئابوری و نەبونی یەكسانی و ئازادییەوە هەیە.** بۆیە بەچەند بڕیارێكی دادوەرانەو دابینكردنی هاوكاری ئابوری دەتوانیٚ هاوكاریەكی باشی ژنان بكرێت.

**ئەرسەلان مەحمود:** ژنی كورد چۆن و كەی دەبنە ژنگەلێكی ڕەچەشكێن و هەڵگری پەیامێكی یاخیگەراییانە بەڕوی بەندوباوە فەرهەنگی و كۆمەڵایەتی و تێكڕای ئەو توندوتیژیانەی دەكرێنە سەریان بەگشتی؟

**میدیا عوسمان:** پێم وایە كە ژنان دەبیٚ زیاتر لەزانكۆ بخوێنن و خۆیان بگەیەننە پۆستی بەرزو بڕیاردەر. هەروەها پێویستە خۆیان ڕێكبخەن و هەوڵی جددی بدەن بۆ گۆڕینی یاساكان و وردە وردە تێگەیشتنی كۆمەڵگە بۆ كێشەی ژنان و مافەكانیان باشتر بكرێت، ڕاگەیاندن بەشێكی تری زۆر گرنگ و كاریگەرە لەدروستكردنی گۆڕانكاری لەبارودۆخی ژنان و ژیاندا بەگشتی، پێویستە هەوڵ بدرێت بەڕێگەی میدیاوە شێوە بیركردنەوەی خەڵك بگۆڕدرێت پێویستە ژنان بەهێز تربن و ئامانجەكانی خۆیان بزانن پێویستە كەسێك خۆی بكاتە قوربانی چونكە **گۆڕانكاری لەپێشدا لەپراكتیكدا دەكرێت نەك لەتیوریدا.**

**ئەرسەلان مەحمود:** ڕێگە بدەن بپرسم حەزدەكەی هاوسەر یا ئەو كەسەی خۆشتدەویٚ چ شتێك دەربارەی جیهانی تایبەتی ئێوە وەك ژنێك بزانێت؟

**میدیا عوسمان: ئەو پیاوەی دەیەوێت ژیان لەگەڵ من بباتە سەر، پێویستە بەهەمان شێوەی ئەو دەیەوێت مامەڵەی لەگەڵ بكرێت، مامەڵەم لەگەڵ بكات.** نامەوێت زۆر بەنەرمی مامەڵەم لەگەڵ بكات لەبەر ئەوەی ئافرەتم، هەروەها

نامەوێت زۆر بەڕەقی مامەڵەم لەگەڵ بکات لەبەر ئەوەی ئەو پیاوە. چونکە دواجار هەردوکمان مرۆڤین و پیوستە هاو ماف بین. هاوسەرەکەم پێویستە بزانێت کەمن بەشێویەکی تایبەت مامەڵەی لەگەڵ ناکەم تەنیا لەبەر ئەوەی من ژنم. ڕێککەوتن لەهەمووشتێك گرنگترە. ڕێزگرتن لەحەزو ویستی یەکتری خاڵێکی زۆر گرنکەو پێویستە لەو شتانە دوربکەوینەوە کە ڕقمان لێیەتی. نامەوێت وەك قوربانیەك سەیرم بکات هاوکات نابیٚ مامەڵەی قوربانیم لەگەڵ بکات.

**ئەرسەلان مەحمود:** دواجار دەمەویٚ ئەوەش بپرسم ئەگەر ئێوە نوسەر، یا ڕۆژنامەوان و مامۆستا لەخوێندنی باڵا نەبوان پێتان خۆشبوو چێشتلێنەرێکی لێهاتوو یان چ شتێکی تر بونایە؟

**میدیا عوسمان:** جگە لەڕۆژنامەوانی، زۆر کاری تر هەیە حەزم لێیەو دەمەوێت بیان کەم، بەنمونە هاوکاریکردنی خەڵك و دانی هیواو هێز پیان. **کاتێك هاوکاری مرۆڤێك دەکەم باشتر هەست بەبەهای ژیانم دەکەم.** چوون بۆ وڵاتانی هەژارو هاوکاریکردنی خەڵك، چوون بۆ کوردستان و دابەشکردنی زانیاری لەگەڵیان دوکاری ترن کە زۆر حەز دەکەم بیانکەم. هەروەها کێشە سیاسیەکانی جیهان کێشەی ژنان و کێشە ئەتنیکی چەند بوارێکی ترن کە دەمەوێت کاریان تیادا بکەم. **زۆر حەزم لەچێشتلێنانە بەڵام نەك ئەگەر بەزۆر بێت، یان بەزۆری خواردنم پێدروست بکەن و ببێتە بەشێك لەکاری من وەك ژن. بەڵام حەزم لەوە نییە وەك جێشتلێنەرو تەباخ کاربکەم.** من زیاتر حەز دەکەم خواردن لەدەرەوە بکڕم کە زۆربەی جار لەلایەن پیاوانەوە دروست کراوە.



## گۆنا سەعید:

## هەر ژنێك خۆی دەسوتێنێ مانای وایە

## لەم ژیینگەو کۆمەڵگەیەدا بەرگەی ژیان ناگرێ!

## ژنان دەبێ لەلێکدانەوەو خوێندنەوەدا بنکۆڵی دەورو کاریگەری هەریەك لەڕیشە فەرهەنگی و مەزهەبی و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان هەروەها ڕێسا ئاینیەکان و جۆری دەوڵەت و دەسەڵات بکەن لەژیاندا.

**گۆنا سەعید**

**ئەرسەلان مەحمود:** ئەو کاتەی بڕیاری ئەم گفتوگۆ ڕۆژنامەوانیەماندا پرسیاری زۆرم لەلادروست بوو، ئەگەرچی هەندێ لەپرسیارەکان لەوەیە دوبارەو کلاسیك بن، بەلاَم خۆشتان ئەزانن پرسەکە هەر یەك پرسەو مەعلومیشە هەردەم خوێنەری نوێ هەن. ئێستا با بزانین منداڵی و گەورەیی و ژیان بەگشتی، هەروەها بیرو ماناکانی جوانی و حەقیقەت، لای گۆنا سەعید چۆن بالاَیانکردوەو چی دەگەیەنن؟

**گۆنا سەعید:** سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە، من لەسالاَنی حەفتاکان تەمەنی منداڵیم بەسەر بردوەو هەشتاکانیش تەمەنی هەرزەکاری و گەورە بوون و کرانەوەی بیرو هۆشم بووە بەروی دنیاو کۆمەڵگەی کوردستاندا.

**ئەرسەلان مەحمود:** ئەی چۆن دەستتان بەخوێندنەوەکرد؟

**گۆنا سەعید:** لەتەمەنێکی زۆرو زوی سەرەتایدا خوێندنەوەی کتێب و گۆڤارە جۆراو جۆرەکانم دەستپێکرد، کەی؟ بێگومان ناتوانم بەدیاریکراوی پێت بڵێم چونکە **مرۆڤ سەرەتای ئاشنایەتی بەدیدگە جیاوازەکان ماوەیەکی زۆری دەوێ تا بیروراکانی ساغ دەکاتەوە**، ئەمە بۆ منیش هەر وابوو، لەڕاستیدا زۆری برد تاخۆم ساغکردەوەو ڕێگەی خۆم دۆزیەوە.

**ئەرسەلان مەحمود:** ڕەنگە زۆرینەمان لەسەر ئەوە كۆك بین سەفەر مرۆڤ فێر دەكاو گۆڕاكاری گەورە بەسەر دنیابینییە تایبەتییەكەیدا دەهێنێت، ئایا ئێوە سەبارەت بەوەها باسێك دەڵێن چی؟ ئەو هۆكارو ئامرازانەی ژن لەكونجی ژورو ماڵەكانەوە دەهێنێتە دەرەوەو دەیخاتە سەر كارو چالاكی نواندن چین؟

**گۆنا سەعید: سەرەتایترین ئامرازی هاتنە دەری ژن لەماڵەوە، كاركردنەو پشت بەخۆبەستنە وەك مرۆڤێكی ئازادو بەئیرادە، تێپەڕاندنی هزرو دەسەڵاتی تەقلیدی پیاو سالارییە بەسەر داهاتی خێزان و موڵكایەتی كردنی بۆ هەموو شتێك.**

**لەكۆمەڵگەیەكی وەك كوردستاندا بۆ ئەوەی ژن بتوانێ دەركەوێتە دەرەوەی ماڵەوە، پێویسی بەپاڵپشتی و دابینكردنی خزمەتگوزاری جۆراو جۆر هەیە، لەوانە دایەنگە بۆ منداڵ لەشوێنی كاركردن و یەكسانی لەكرێ لەگەڵ پیاوان و دەستەبەری مافە سەرەتاییەكانی بەیاساو پاراستنیەتی لەدەست تەحەڕوش و گێچەڵ پێكردن و توندوتیژی جۆراو جۆری تری ناو ماڵ و كۆمەڵگە.**

**ئەرسەلان مەحمود:** بەڵام لەبەرامبەردا دەگوترێ نەخێر گەنجی كورد بەهەردو ڕەگەزەكەیەوە هێندەی خوازیاری خۆخاڵیكردنەوەی غەریزەییە، ئەوەندە پەیوەستی زانین و خۆشەویستی كۆمەڵایەتی و خۆشەویستی بەشداری كردن و نواندن و داهێنان نیە، ئەی ئەم گوزارشتكردنە هەڵگری چجۆرە حەقیقەتێكە؟

**گۆنا سەعید:** ڕاستییەكەی ئەمە كاردانەوەیەكی هەر زۆر سروشتییە بێگومان لەبەرامبەر دوو مەسەلەدا، یەكەم بەوەی كە ناكۆكییەكی گەورە هەیە لەنێوان ڕۆیشتنە پێشەوەی كۆمەڵگە لەروی زانست و تەكنەلۆژیاو ئاستی تەوەقوعی

گەنجان و ئەو ئامرازانەی بەر دەستیانە بۆ گەیشتن بەدنیای دەرەوە، ئەمە بەڕەغمی ئەوەی مەسەلەی سێکس و هەر پەیوەندیەکی تری شەخسی لەنێوان ئینساندا ئەوەندە سەرکوتکراوەو سانسۆری لەسەرە لەلایەن خێزان، کۆمەڵگە، دین و دەوڵەتەوە کە دەستی ناوەتە قوڕگی گەنجان و لەئەنجامدا هەر فرسەتێك دەقۆزنەوە دور لەو سانسۆرانە کە خۆشی ببین لەشتێك کە بۆ ئەوان هەمیشە یاسەغەو نەکەی بڤەیە، دووەم ئەوەیە **گەنج لەکوردستان فرسەتی گەشەو دەست ئاوەڵابون و داهێنانی زۆر کەمەو هێشتا دەبێ ڕۆژانە دەست و پەنجە لەگەڵ بێکاری و هەژاری و نەداری و نزمی ئاستی خوێندن و کێشەی حزبایەتی کردن و بێکارەبایی بێئاوی و بێبەنزینی و بێ موچەیی و دانەمەزراندنی نەرم بکات**، ئیتر چۆن بتوانێ سەرگەرمی داهێنان و زانست بێت.

**ئەرسەلان مەحمود:** ئایا ژنی کورد، دەنگ و ئەدای خۆی دۆزیوەتەوە؟

**گۆنا سەعید:** ژنی کورد زۆر لەمێژە دەورو کاریگەری گرنگیان لەکۆمەڵگەدا نواندوەو نیشانداوە، لەگەڵ یەکەم فرسەتدا بەلێشاو بەرەو پۆلەکانی خوێندن کەوتونەتەرێ و چوونەتە مەیدانی خوێندن و کارکردنەوە، بەڵام هەمیشە ڕێگری گەورەیان بۆ پێش هێنراوە چ لەلایەن خێزانەوە بێت یان کۆمەڵگەو دەوڵەت، هیچ کات وەك ئینسانی یەکسان لەگەڵ پیاوان لەبوارە جۆراو جۆرەکانی ژیاندا سەیر نەکراون.

**ئەو ئامرازو پشتیوانیانەی پێویستیانە بۆ دەورگێران و کاریگەربوونیان وەك کارەکتەرێك لەکۆمەڵگەدا نەك هەر دابینو بەردەست نەکراوە، بەربەستکراون و بەردەوامیش بەرتەسك و تەنگەبەرتر دەکرێن لەبەردەمیاندا.**

بەنمونە: کاتێ ژنان دەناڵێنن بەدەست کێشەکانی وەك بێ مافی و هەڵاواردن وەك کوشتنیان لەسەر شەرەف و توندوتیژی و نەسازی یاسایی و ئیهانەو سوکایەتی پێکردنی کۆمەڵگە ئیتر چۆن دەتوانن ئەدای کارکردن و کاریگەری خۆیان لەوەها فەزاو ژینگەیەکدا بسەلمێنن. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەبینین کە بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان بەرێ کەوتووەو فراوانەو کەسایەتی خۆی ناساندوە.

**ئەرسەلان مەحمود:** کەوابێ تێگەیشتن و خوێندنەوەی ژنی کورد لەکوێی پەیوەستبوونە جیددی و عاتیفیەکان و وەرگرتنی ئامۆژگاریە باوەکاندایە، یان بابڵێم لەکوێی کردارو دەردەشەکردنی ڕەوشی ماف و خواستەکانی خۆیدایە؟ ئایا لەتەك ڕیشە کولتوری و مەهزەلە کۆمەڵایەتیەکان، لەگەڵ بابەتە ئابوری و ڕێسا ئاینیەکان، دەبێ ستایش یان چجۆرە شەڕێك بەرپا بکەن؟

**گۆنا سەعید:** ژنان دەبێ لەلێکدانەوەو خوێندنەوەدا بنکۆڵی دەورو کاریگەری هەریەك لەڕیشە فەرهەنگی و مەزهەبی و نەرێتە کۆمەڵایەتیەکان هەروەها ڕێسا ئاینیەکان و جۆری دەوڵەت و دەسەڵات بکەن لەژیاندا.

بۆچی؟ چونکە دەبێ ورد لەوە تێبگەین هەریەك لەوانەی سەرەوە لەبەرامبەر یەکسانی ژنان و پیاوان لەمافە مەدەنی و مەعنەوی و مادییەکان، لەکۆتایی هێنان بەتوندوتیژی بەرامبەر بەژنان، لەئازادی تەواوی ژنان لەژیانی شەخسی و هەڵبژاردنی هاوسەرو ئازادی بیرو ڕاوو بۆچون و دەربرین و ئازادی ڕێکخراوبون لەڕوی تیۆری و فکری و ئایدیاییەوە دەڵێنچی، ئایا پاڵپشتی ئەم مانیفێستۆیەی رزگاری ژنان دەکەن یا لەدژی راوەستاون، بەپێی ئەمە ژنان شەر یا ستایش لەبەرامبەر ئەم بەشانەدا دەبێ دیاری بکەن.

**ئەرسەلان مەحمود:** ئەم هۆكارانەی مرۆڤ بەرەو خۆكوشتن و خۆسوتاندن دەبەن چین، دواجار بلّێی ئەم دوانەیە ژنانی كورد بەرەو كویّ بەرن، ئایا ئەمە جۆرێك لەشێتی و خۆبەدەستەوەدان نیە بەقەدەر بەهەموو ڕەهەندەكانیەوە؟

**گۆنا سەعید:** نەخێر هەرگیز ئەوە شێتی نییە، ئەوە پەیامی ژنانە بەرامبەر بەم شێوە ژیانە پاترياكییەی بەسەریاندا سەپێنراوەو نایانەویّ قبولّی بكەن، هەر بۆیە كاتیّ هیچ ئاسۆو چارەسەرێك نامێنێتەوەو نابیننەوە لەبەردەمیاندا ناچار بەخود ڕوبەڕووبوونەوەی گیانی خۆیان دەبنەوەو لەم ڕێگەیەوە پرۆتستۆی ڕەوشەكە دەكەن!

**هەر ژنێك بەهەر هۆیەك خۆی دەسوتێنێت، مانای ئەوەیە لەكۆمەڵگەیەو لەم ژینگە كۆمەلآیەتیەدا شتێكی جەوهەری نوقسانەو ناتوانیّ تیایدا بەرگەی ژیان بگرێت. لەبەر ئەوە خۆسوتاندنی هەر ژنێك لەكەیەكی شەرمهێنەر جێدەهلّیّ بەناوچەوانی سیستمی دڕندەی پیاو سالارییەوە،** كەبریتین لەسیّ كوچكەی دەسەلآت داب و نەرێت عەشیرەتی و ئاینی و حزبەكانی نێو دەسەلآت.

**ئەرسەلان مەحمود:** بەلّام ئایا پێتان وانیە خودی پەرلەمان، حزب و حكومەت درێژكراوەی هەمان ئەم داب و نەرێت و فەرهەنگە كۆمەلآيەتييەن كۆمەلّگەی لەسەر وەستاوەو بونیاد نراوە؟

**گۆنا سەعید:** ڕاستیەكەی ئەوەیە كە پەرلەمان و حزب و حكومەت نەك تەنها درێژكراوەی داب و نەرێت و كولتوری كۆمەلّگەن بەلّكو ئەمانە بونەتە پارێزەرو پاسەوانی ئەم فەزایەش، من بەپێچەوانەی ئەو قسەیەی تۆ دەلّێم مەسەلە ئەوە نییە توانای تەجاوز كردنیان نەبێت، بەلّكە نایانەویّ تەجاوزی بكەن، چونكە

ئەمان لەپێناو پتر سەقامگیر کردنی دەسەڵاتی خۆیان پشتیان بەعەشرەت و لایەنی دینی قایمە. ئەمە تۆمەتبار کردن نییەو ئەوەتا بەواقعی قانون و پۆلیس و دام و دەزگاکانیان خستووەتە خزمەت پاراستنی سیستمی عەشرەتی و دەسەڵاتی دینیان زاڵکردووە لەنێو کۆمەڵگەداو خەڵکی ئازادخیواز سەرکوت ئەکەن و لەبەرامبەر هەوڵی ڕۆشنبیران و یەکسانیخوازاندا دەوەستنەوە بۆ هەر گۆرانکاریەك لەم داب و نەریتەدا بیانویۆ بیکەن.

**پارلمان و حزب و حکومەت لەبری ئەوەی کە پاراستنی گیانی ئینسانەکانی نێو کۆمەڵگە بەئەرکی خۆیان بزانن کە ئەمە سادەترین ئەرکی هەر دەسەڵات و حکومەتێکە پاراستنی سیستمی عەشرەت نەریتە دواکەوتووەکانیان کردۆتە ئەرکی خۆیان.**

بۆ سەلماندنی ئەم قسانەم ئەوەندە بەسە تەنها سەیری قانونەکانیان بکەیت ئەوسا ورد تێدەگەیت چەندە دژی ژنانە، سەیری ئەوە بکەن چۆن مەسەلەی تیرۆری هەموو ڕۆژێی ژنان مەسەلەیان نییەو هیچ کارێکی جدی ناکەن بۆ نەهێشتنی.

**ئەرسەلان مەحمود:** ئەی باشە ئەم بزوتنەوە بەرفراوانە پشت ئەستور بەخەڵك و پشتیوانییە نێودەوڵەتیەی لەدیمانەیەکی ترتاندا سەبارەت بەڕەوشی ژنان باستان کردوە کوا لەکوێی ئەم کێشەو ئاریشەو تەنگژە مرۆییەدا ڕۆڵ دەبینێت پێتان وانیە هەموو لایەك بەتایبەت نوسەران و چالاکانی مەدەنی و ڕۆشنبیران پێویستەو دەبێت بەدیقەتر قسە بکەن؟

**گۆنا سەعید: بەرپا بونی وەها بزوتنەوەیەکی بەرفراوانی یەکسانیخوازی پشت ئەستور بەهێزی ناڕازی جەماوەر لەکوردستان و پشتیوانی هێزە ئینساندۆستە نێودەوڵەتیەکان تەنها ڕێگەیەکە بۆ فشار خستنە سەر دەسەڵاتی ئێستای کوردستان تا بکارێ گۆرانکاری جیددی بکات لەوەزعی ژنانداو کۆتایی بهێنێت بەتیرۆرو رەشەکوژی هەموو رۆژەی ژنان بەبیانوی شەرەف.**

سەرهەڵدانی ئەم بزاوتە پەیوەندی بەدەست پێشخەری لەیەکخستنی تەواوی ئەم هەوڵانەوە هەیە لێرەو لەوێ بەهێزی بچوکەوە دەدرێت، بەنمونە هەر ئێستا ریزێکی بەرفراوان لەنوسەران و رۆشنبیران هاتوونەتە مەیدان دژی کوشتنی ژنان جا لەژێر هەر برو بیانوێك دابێ.

چەندین رێکخراوەی ژنان بەشێوەی جۆراو جۆر کار دەکەن و پرۆژەیان هەیە بۆ خزمەت بەژنان لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان، میدیاکان لەهەموو کات زیاتر سەرنجیان خستۆتە سەر ئەم مەسەلەیەو لەنزیکیشەوە ئاگادارم کە لەسلێمانی کۆنفرانس و کۆبوونەوەی جۆراو جۆر ئەنجامدراوە بۆ مەحکوم کردنی کوشتنی ژنان، چەندان جار خۆپیشاندان سازدرا بۆ بەردەم پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران، کەمپەینی نێودەوڵەتی راگەیەندراوە لەدژی تیرۆری ژنان.

کۆی کاری هەموو ئەمانە ئەو بزوتنەوە فراوانە پێك دەهێنن بەمەرجێك سەرێکی رابەری بۆ دروست بێت و رێکخراوەکان و کەسایەتیەکان جیاوازییە ئایدۆلۆژی و حزبیەکانیان بخەنە لاوەو پێکەوە کار بکەن بەپێی پلاتفۆرمێکی یەکگرتوو کە ئامانجی سەرەکی کۆتایی هێنان بێت بەتیرۆرو ڕەشەکوژی سەر ژنان

لەکوردستاندا، پێویستە ئیتر هەموو کارو چالاکیەکان لەپێناو بەدیهاتنی ئەو ئامانجەدا بێت.

ئێستا بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی هەفتانە بەڕێوە دەبەم، تیایدا هەوڵ ئەدەین هەر هەفتەیە ڕێکخراوێك بناسێنین بەکۆمەڵگەو ڕێکخراوەکانی تر تا فرسەتی پەیوەندی کردن و کاری هاوبەش پەرە پێبدەین، دیارە بەئاڕاستەی پێکهێنانی نێتۆرکێکی فراوانی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان کار بکەین حەتمەن ئەمە تەنها یەك سەرەتایەو چاوەڕوانی شێوەی تری داهێنان و کاری هاوبەشم هەیە لەڕێکخراوەکانی ترو باقی هێزەکانی تری نێو ئەم بزوتنەوە فراوانە.

**ئەرسەلان مەحمود:** کات و شوێن، ژینگەو ڕەنگی وەرزەکان، جوڵەی ماسولکە جەستەیی و توانایی خانە هزریەکان، کۆمەڵێك جیاوازی و پێکهاتەی تایبەتی هەرتاك و گەل و نەتەوەیەکن، ئایا خەباتی ئێوە یا سەنتەرەکەی ئێوە لەم دوری دورەوە باوەڕ دەکەن چی پێ لەبارودۆخی ژنانی کورد بگۆڕێت؟ هەر بەڕاست ئەوەی لەپێشەوەی پرسیارەکە باسمان کرد دەتانەوێت کۆپی بکەن، ئایا ئەوەی پەیوەندی نێوان ئەم دو مەودایە پێکەوە گرێدەدات چین و لەسەر چ ڕێنامەیەکن؟

**گۆنا سەعید:** پەیوەندی نێوان کوردستان و دەرەوە لەمەسەلەی ژناندا زۆر پەیوەندیەکی توندوتۆڵ و فراوانە لەچەند ڕووەوە، یەکەم ژنانی کورد لەدەرەوە بەرەو ڕوی هەمان ئەو کێشانە دەبن بەتایبەت توندوتیژی و کوشتن لەسەر شەرەف کە لەکوردستان تووشی دەبن.

تا ئێستا چەندین تاوانی کوشتن بەپاساوی شەرەفپارێزی لەئەورووپاو لەناو خێزانە کوردییەکان ڕوی داوە. دووەم ڕێکخراوەکانی ئێمە لەسەرەتاوە بۆ ئەوە دامەزراوە پشتیوانی و یارمەتی پێشکەشی ئەو ژنانە بکا کە تووشی توندوتیژی دەبنەوە یا لەژێر خەتەری کوشتنی شەرەفن و هەڵدێن، واتە **بۆ هەمان مەبەست و ئامانج کار دەکەین کە ڕێکخراوەکانی ژنان لەکوردستان کاری بۆ دەکەن.** سێیەم ئێمە لەوێ هەوڵێکی زۆر دەدەین بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە ژن دەکوژن بگیرێن و بدرێن بەدادگەو سزای خۆیان وەرگرن تا ببن بەعیربەت بۆ ئەوانەی تر کە جورئەت نەکەن، بەڵام **کێشە گەورەکەمان ئەوەیە کە تاوانباران کە لەوێ ژن دەکوژن دێنەوە بۆ ژێر سەقفی سەلامەتی دەسەلاتی حکومەتی هەرێم** تا لەدەست پۆلیس دادگە رابکەن، ئێمە بەشێ لەکارەکانمان لەوێوە بەرەو ڕوی حکومەتی هەرێمە بۆ داڵدە نەدانی تاوانباران.

دوا خاڵیشم ئەوەیە کە ناساندنی مەسەلەی توندوتیژی لەسەر ژنان و دانانی فشاری نێودەوڵەتی لەسەر حزب یەکێکە لەوەسیلە گرنگەکانی خەباتی ژنان بۆ کۆتایی هێنان بەتوندوتیژی لەکوردستان، چونکە **حزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستان لەهەموو جێکایەکی دنیا خۆیان بەوە دەناسێنن کە دیموکراتین و مافی مرۆڤ دەپارێزن، کاتێك ئێمە لەبەرامبەردا ڕاستیەکان و بێدەربەستیان دەردەخەین بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، زۆرێك لەڕێکخراوە ئینسان دۆستە چەپ و ڕادیکاڵەکان نامەی نارەزایەتی دەکەنە سەر دەسەڵات لەکوردستان و داوایان لێدەکەن ڕێزی مافی مرۆڤ بگرن.**

لەهەموو ئەمانەش زیاتر ئەگەر لەکوردستان مەسەلەی ڕەشەکوژی ژنان لەسەر شەرەف ڕێگەی پێبگیرێ و تاوانباران بەتوندی سزابدرێن ئەوا مەسەلەی

کوشتن بەبیانوی شەرەف لەدەرەوەو لەنێو جالیەی کوردیدا زۆر کەم دەبێتەوە ئەمەش ئامانجێکی سەرەکی ڕێکخراوەکانی ئێمەیە لەدەرەوە.

**ئەرسەلان مەحمود:** کامانەن ئەو بوارانەی سەنتەرەکەتان چالاکی تیادا ئەنجام داوە، خوێندنەوەو پەیوەندیتان بەڕێکخراوەکانی بواری ژنان لەکوردستان لەچ ئاست و پەیوەست و مەبەستێکدایە؟

**گۆنا سەعید:** بەرنامەکانمان زیاتر بریتین لەهوشیارکردنەوە، بێگومان ئەمە لەسەر دو ئاستی جیاواز، یەکێکیان هوشیارکردنەوەی جالیە خۆرهەڵاتیەکانە لەسەر مەسەلەی مافەکانی ژنان، ئەوەیتریان هوشیارکرنەوەو مەشقپێکرنی پۆلیس و دامودەزگا خزمەتگوزاریەکانە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتنیان لەوەزعی ژنانی خۆرهەڵاتی و موسڵمان و ئەم جۆرە توندوتیژیانەی بەرەو روی دەبنەوە.

بەرنامەی هوشیارکردنەوە لەڕێگەی مەشق کردن، سیمنارو کۆنفرانس و وۆرك شۆپ هەروەها لەڕێگەی وێب سایت و گۆڤارێکی مانگانەوە بەناوی ئەلنیسا، هەروەها هاوکاری گۆڤاری ئاوێزە دەکەین بەزمانی کوردی.

بەرنامەکانی ترمان بریتین لەکەمپەین کردن بۆ یەکسانی ژن و پیاو، کارکردن بۆ قەدەغە کردنی حیجابی منداڵان و هەروەها یارمەتیدانی ئەو ژنانەی کە لەدەست توندوتیژی هەڵدێن.

**ئەرسەلان مەحمود:** سپاس بۆ ئێوە، ماندونەبن.

**گۆنا سەعید:** ئێوەش هەر بژین و سەرکەوتووبن.



## کەژاڵ ئادەمی:

## دنیای ئێمە پێویستی بەهەزاران هەزار چرایە.

# کاتێك دڵ قسەی زۆری پێ بێت بۆ وتن، بەهەموو شێوازێك تێدەکۆشی بەیانی بکات، منیش هەموو هەست و خەفەت و شادیەکانم بەباشترین شێوە لەئامێزی مۆسیقاو شیعرو گۆرانیدا دەتوانم بدرکێنم

**کەژاڵ ئادەمی**

**ئەرسەلان مەحمود:** بەهرەی ئێوە پتر لەبوارێکە شاعیر مۆسیقار هونەرمەندی گۆرانی بێژ، با بزانین دەتانەوێ چیتر بخەنە سەر کۆی خەرمەنی بەهرەکەتان زیاتر بەچییەوە خەریکن چیدەخوێنن چۆن هاوسەنگی نیوان مۆسیقاو گۆرانی، نوسین شیعر دەپارێزن؟ کامیان زیاتر کاتی ئێوەی بۆخۆی دەبا؟ پێتان وایە دواجار لەکامیاندا سەرکەوتوترن؟

**کەژاڵ ئادەمی:** هەردەم هەولم ئەوە بووە شیعرەکانم زایەڵەی هەست و ئاوات و هاوارو ئەوینی ژنی کۆمەڵگەکەم بێت. دەنگم هاژەی ڕوباری خۆشەویستی و عەشقی نەتەوەکەم بێت، مۆسیقاکەم چرۆیێك بێت لەباخی بەرینی میوزیکی کوردیدا.

لەئێستادا لەپاڵ چالاکیە هونەریەکانم لەزانکۆ سەرقاڵی خوێندنم، بێگومان لەبواری مێژوی مۆسیقا، هەروەکچۆن کاریش دەکەم. ڕاستییەکەی **مۆسیقاو شیعرو گۆرانی سێ کۆڵەکەی ژیانی منن و دەست لەملانێی یەکتر دەبنە هۆی هیوای من بەداهاتوو، بەمانایەکی دی هەرسێکیان ئۆقرە گری ڕۆحی ئاڵۆزی من و هاورێی شەوگاری تەنیایی منن.**

ڕاستییەکەی زۆربەی کاتەکانم لەئێستادا تەرخانی گۆرانی کردوە. هەردەم تێکۆشانم ئەوەیە بەرهەمەکانی داهاتووم دوپاتکردنەوەی بەرهەمەکانی پێشوم نەبێت، بەردەوام لەهەوڵدام تەکنیکی دەنگم بەرمە ئاستێکی باشترو بەرزترو بەرهەمەکانم خاوەنی ئاستێکی بەرزی هونەری بن. سەبارەت بەوەی لەکام بواردا سەرکەوتوو تر خۆم دەبینم، کات و زەمەن دەبێ وەلامی ئەمە بداتەوە، بەڵام دەتوانم بەدڵنیایەوە پێت بڵێم شیعر تا دوایین هەناسەکانم هاورێم دەبێت و لەگەڵمدا دەمێنێتەوە.

**ئەرسەلان مەحمود:** ئەوەندەی بزانم زۆر منداڵ بوویت کاتێ شاری سەقزی شوێنی لەداکبوونت جێهشتووە، پێش دەستپێکردنی گفتووگۆکەشمان وتت ماوەیەکی زۆرە لەوڵاتی سوید دەژیت، کەچی لەهەست و سۆزێکی نزیك و بەرزی فەرهەنگی خۆمانەوە گۆرانی دەچڕن، ئەم هۆکارو کاریگەریانە کامانەن وایکردوە خامنە ئادەمی لەم ئاستەدا ببینین؟

**کەژاڵ ئادەمی:** کاتێك دڵ قسەی زۆری پێ بێت بۆ وتن، بەهەموو شێوازێك تێدەکۆشی بەیانی بکا منیش هەموو هەست و خەفەت و شادیەکانم بەباشترین شێوە لەئامێزی مۆسیقاو شیعرو گۆرانیدا دەتوانم بدرکێنم. **دور لەوڵاتەکەم دەژیم بەڵام هەرگیز ئەوەم فەرامۆش نەکردوە کێم و لەکوێوە هاتوم.**

شیعرو گۆرانی و مۆسیقا دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان من و ڕابردوی من و نیشتمانی من، **ڕابردو نیشتمانێکە خۆشم دەوێت و شانازی پێوە دەکەم، هەر ئەم هۆکارەشە وایکردوە ڕەسەنایەتی ون نەکەم.**

**ئەرسەلان مەحمود:** ئەمە زۆر باشە. بەڵام چۆن بوو بواری گۆرانی گوتنت هەڵبژارد، لەکوێیەوە دەستت پێکرد، ئایا چاوەڕوانی هەڵکشانێکی لەو چەشنە بوون لەخۆتاندا؟ هەر چەندە لەسەرەتادان بەڵام قۆناغێکی باشیشتان بڕیووە؟

**کەژاڵ ئادەمی:** من هەر لەتەمەنی منداڵیەوە بەنوسینی شیعر یەکەم هەنگاوم بەرەو دنیای هونەر هەڵگرت. لەتەمەنی زۆر سەرەتایدا بۆ فێر بوونی ئامێری کەمانچە چومە خزمەت مامۆستا عەلی شەکوری. کاتێك مامۆستا ئاگادار بوو لەوەی شیعریش دەنوسم داوای لێکردم کەگوێبیستی دەنگیشم بێت. بەبیستنی دەنگم هەستی بەوەکرد کە ئەم دەنگە بۆ ئەوە دەبێ پەروەردە بکرێ و گۆرانی بچڕێت. لەگەڵ ئەو خۆشەویستیەی کە بۆ مۆسیقا هەمبوو بەڕێنوێنی مامۆستا بڕیارم دا کەشیعرەکانم ئاوێتەی مۆسیقا بکەم و لەئامێزی گۆرانیدا بیگەیەنمە گوێی خەڵکەکەم.

یەکەم ئەلبومی گۆرانیم "جوانترین وشە" کە سەرجەم تراکەکانی هۆنراوەی خۆم بوون پێشکەشی جەماوەر کرد، من هەر لەسەرەتاوە بەدڵێکی پاکەوە کە خۆشەویستی بەهونەر تێیدا شەپۆلی ئەدا دەستم دایە گۆرانی وتن و ئیمان و بڕوام بوو بەم ئیشەی دەیکەم. **هەر وتەیەك لەدڵەوە بێتەدەر بێگومان دەنیشێتە سەر دڵی خەڵکیش.**

بەخۆشیەوە لەبەرهەمەکانم پێشوازی باش کراوە، بەڵام ئەمە بەو مانا نیە ئیدی من بەمەبەستەکەی خۆم گەیشتوم و پێویست ناکات درێژ بەتێکۆشانم بدەم، ئەم پێشوازیە هاندەرمە زۆرتر لەڕابردو هەوڵ بدەم بۆ پێشکەشکردنی بەرهەمی ڕازاوەتر تا بەم شێوە وڵامدەری ئەو هەموو عەشق و خۆشەویستیەبم کە خەڵکە ئازیزەکەم دەرحەق بەمن هەیانە.

**ئەرسەلان مەحمود:** ئێوە چۆن دەڕواننە ئاستی هونەری مۆسیقاو گۆرانی پارچەکانی تری کوردستان؟ بەرزو نزمی یان با بڵێم سەرەڕای وێکچوویی دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکان لاوازی و بەهێزییەك ئەبینرێ، ئەمە بۆ؟ هۆکارەکان ژینگەیی یا پەیوەستی چ دەرهاویشتەیەکن؟

**کەژاڵ ئادەمی: لەگەڵ ئەوەی کوردستان دابەشکراوەتە سەر چوار پارچەو هەر پارچەییێکیش چەندین زاراوەی تێدا بەدی دەکرێت، دەتوانم بڵێم کە مۆسیقای کوردی ئەو ڕێگەیەی بۆ خۆش کراوە کە پەرەی پێبدرێت و زۆر لەوەی کەئەمڕۆ هەیە باشترو بەهێزتر بێت.**

بەداخەوە لەگەڵ ئەوەی کەنەتەوەکەمان بەدرێژایی مێژو لەلایەن دەوڵەتانی عەرەب و تورك و فارسەوە چەوسێندراوەتەوەو ستەمەکەش هێشتا بەردەوامی هەیە، هەر بەم بۆنەیەوە ناتوانین لەکاریگەری مۆسیقای ئەم دەوڵەتە چەوسێنەرانە لەسەر مۆسیقای کوردی حاشا بکەین. بەڵام ئیدی ئێستا **زەمەنی ئەوە هاتوە کەپێش بەتێزۆری مۆسیقای نەتەوەکەمان بگریدرێ.**

من **لەسەر ئەو بڕوام هونەر سنوری نیە**. کەواتە ئێمە دەبێت بەکەڵك وەرگرتن لەخاڵە بەهێزەکانی مۆسیقای کوردی و بەکارهێنانی ئەزمونی مۆسیقای نەتەوەکانی دیکە لەچوارچیوی مۆسیقای نەتەوەکەماندا هەنگاو هەڵبگرین و بۆ پەرەپێدانی تێبکۆشین.

**ئەرسەلان مەحمود:** جیاوازی بەرهەمهێنانی کارێکی هونەری یا پێشکەشکردنی کۆنسێرتێك، لەدەرەوەی وڵات لەباری تەکنیك و دەربرینەوە، کامیان لەپێش و پاش و بەچێژ ترن؟ ئەگەر جیاوازییەك هەیە بۆچی؟

**کەژاڵ ئادەمی:** بەداخەوە من هەرگیز لەناوخۆی کوردستاندا کاری هونەریم بەرهەم نەهێناوە، هەر بۆیەش زۆر شارەزای بارودۆخی ئەوێ نیم و ناتوانم وەڵامێکی ڕون بدەمەوە بەم پرسیارەتان، بەڵام ئەو جۆرەی کە بیستومە چەند کەسانێك هەستاون بەسازکردنی ستۆدیۆی مۆدێرن و پێشکەوتوو لەکوردستان کە من هیوای بەردەوامی و سەربەرزیان بۆ دەخوازم.

**ئەرسەلان مەحمود:** حکومەتی هەرێم، چ ڕۆڵێك لەپێش و پاشخستنی کاری هونەری دەگێڕێ؟ سەرەڕای موزیسیانێکی زۆر بەتوانا لەم هەرێمە، کەچی هێشتا ئێوەی هونەرمەندان بۆ بەرهەمهێنانی کارەکانتان وڵاتانی بیانی دەکەن بەئامانج و هەڵدەبژێرن، بۆچی؟

**کەژاڵ ئادەمی: وەزارەتی ڕۆشنبیری دەسەڵاتێکی مەزنی لەسەر هونەرو ئەدەب و مۆسیقای نەتەوەکەمان هەیە. ئەگەر ئەوان پشتیوانی هونەرمەندی ڕاستەقینە بکەن بێگومان هونەری ڕاستەقینەیش دەخولقێ و گەشە دەکات.**

دەبێت گرینگی بدرێت بەوەی کە هەموو کاربەدەستانی بەشی هونەری دەزگەکانی ڕاگەیاندن و هەروەها وەزارەتی ڕۆشنبیری کەسانێك بن پسپۆر کە زانیاریان لەبواری هونەریدا هەبێت و دڵسۆزی هونەری نەتەوەکەمان بن.

من **دژی ئەوەم لەبوارە هونەریەکاندا تاکەکەس بڕیاردەر بێت.** دەبێ بڕیارەکان لەلایەن لێژنەیەکی زانیارو شارەزاو بێلایەنەوە بدرێت. هیوادارم ئەم خاڵە گرینگە لەداهاتودا بەهێزتر لەئێستا بێت.

**ئەرسەلان مەحمود:** بۆ بەرهەمهێنانی کارێکی هونەری پرۆفیشناڵ، هەرێمی کوردستان پێویستی بەچی هەیە، ئەرکی کۆمپانیاو سەرمایەگوزارە نێوخۆیی

و بیانیەکان دەبێ چیبێت، لەباری پێشخستنی ئەو بوارەدا دەبێ کێبێ ئەوەی ڕۆڵی پێشەنگی بکەوێتە سەر شان؟

**کەژاڵ ئادەمی:** ڕەنگە دروستترین کار ئەوەبێ هەموو بەرهەمە هونەریەکان لەژێر چاودێری وەزارەتی ڕۆشنبیریدا تۆمارو بڵاو ببێتەوە. هەر کۆمپانیایەکیش بیەوێت بەرهەمێك بڵاو بکاتەوە دەبێت ڕاو ڕەزامەندی وەزارەتی لەسەر بێت. بەم شیوازە سانسۆرێك ساز دەکرێت کەپێش بەبڵاوبونەوەی بەرهەمی نەشیاو دەگرێت.

**لێرەدا خاڵی زۆر گرینگ ئەوەیە دەبێ خەڵکانێك لەبەشی مۆسیقای وەزارەت بن مامۆستاو شارەزای بوارەکەبن و زانیاری وردیان لەسەر میوزیکی کوردی هەبێت، یانی ئەوندە زاناو پسپۆر بن کەبزانن چ بەرهەمێك خزمەت بەمۆسیقای کوردی دەکات و چ بەرهەمێك ڕوخێنەرەو هەروەها بڕیارەکان دەبێ بێلایەنانە بێت.**

خاڵێکی دیکەی گرنگ تەرخانکردنی بودجییەکی دیاریکراوە لەلایەن وەزارەت. کاتێك پارەی باشمان ببێت و لەژێر چاودێری مامۆستایانی لێهاتووی مۆسیقادا بین بەدڵنیایەوە بەرهەمەکانیشمان لەئاستێکی بەرزتردا دەبن.

**ئەرسەلان مەحمود:** پەیوەندیتان بەگۆرانیبێژو شاعرانی تر لەچ ئاستێکدایە، هەستناکەی ئەم جۆرە پەیوەندییانە لەناو هونەرمەنداندا زۆر لاوازن؟ ئایا مەودا دوری نێوانتان جگە لەزیانی هونەری ناشبێتە مایەی مافخوراوی هونەرمەندان؟

**کەژاڵ ئادەمی:** من خۆم بەهاوڕێی هەمو هونەرمەندێکی هۆشیارو زاناو دڵسۆز دەزانم، هەروەك چۆن بەگەشەکردنی بەرهەمەکانیان دەگەشێمەوە، لەگەڵ

هەندێك لەهونەرمەندەكانیش پەیوەندیم هەیە بەڵام ئەم سەرنجەی ئێوە زۆر ڕاستەو **دەبێ پەیوەندی نێوان هونەرمەندان بەهێز تر بێت** بۆ ئەوەی **هاودەنگ** خزمەتی باشتر پێشكەش بكەین و بتوانین باشتر بۆ مافە ڕەواكانی خۆمان تێبكۆشین. من یەك وتەم هەیە بۆ هەمو هونەرمەندان. هەرگیز لەدرەوشانەوەی چرایەك جگە لەخۆمان با نەترسین چونكە دنیای ئێمە پێویستی بەهەزارەها هەزار چرا هەیە.

**ئەرسەلان مەحمود:** ئەوەی بەرهەمتان هێناوە، خەرجیەكەی لەسەر كێبووە؟ دەكرێ راشكاوانەو كەمێك زیاتر باسی ئەرك و خەرجیەكانی بەرهەمهێنانی بەرهەمێكی هونەری خۆتان و بەگشتیمان بۆ بكەی؟

**كەژاڵ ئادەمی: خەرجی بەرهەمهێنانی گۆرانیەك بەڕاستی قورسە. لەپارەی ئاواز دانەر، مۆسیقاژەن، ستۆدیۆ تا دەگاتە كلیپ و ریكلام ئەگەر كۆمپانیایەك پشتیوانی نەكات هەمووی دێتەوە سەرشانی گۆرانیبێژ.**

هەموو بەرهەمەكانی من لەگۆرانی و كلیپ تا بەئەمڕۆ لەسەر ئەرك و ماندوبونی خۆم بووەو پشتیوانی دارایم لەهیچ كەس و لایەنێك پێ نەگەیشتوە، هەموو بەرهەمەكانم لەپێناو خۆشەویستی بۆ خەڵك و نیشتمان و هونەری نەتەوەكەمدا خۆلقاندوە، ڕەزامەندی جەماوەرەكەم هەموو ماندویەتیم دەحەسێنێتەوە.

**ئەرسەلان مەحمود:** تێبینیمكرد ئێوە خاوەن سەلیقەو توانایەكی بەرزن، كەچی زۆركەم دەردەكەون، ئەمە بۆ؟ ئایا ئەمە پەیوەندی و پێویستی كەسێتی هونەرییە یا تەكنیكی كارو شتانی تری تایبەت بەخۆتان؟

**کەژاڵ ئادەمی:** لەڕاستیدا من هەرگیز **بۆ خۆ دەرخستن ئیش ناکەم. ڕێگەی هونەریم بەنەرم و نیانی گرتوەتە بەر.** ئەرکی سەرشانی من ئەوەیە بەرهەمی هونەری نوێ بخولقێنم و ئامانجم ئەوەیە بەرهەمەکانم خاوەنی بایەخی بەرزی هونەری بن. من **لەمێژو کەڵك وەردەگرم و بۆ داهاتوو ئیش دەکەم.** هیوادارم بەرهەمە هونەریەکانم بتوانم بگەیەنمە ئەو ئاستەی کەنەوەی داهاتویش بتوانن کەڵکی لێ وەربگرن. هەر کەناڵك و دەزگەیەکی ڕاگەیاندنیش بانگهێشتی منی کردبێت لەهیچ یارمەتییەك درێغیم نەکردوە.

**ئەرسەلان مەحمود:** عاشقانی گوێگری میوزیك و گۆرانی، هێندەی بزانم زۆر کات حەز بەزانینی تایبەتمەندییە کەسییەکانی هونەرمەندان دەکەن، دەمەوێ بپرسم ئایا گوێ لەگۆرانیەکانی خۆت دەگری؟ وا هەست ناکەی لەکاتی ئەدا کردندا جوڵەی جەستەیتان کەمە؟ بەبڕوای تۆ هونەرمەندی گۆرانیبێژ تا چەند دەبێ لەگەڵ ریتمی گوتندا لەش و لاری جوڵاوو بزوێنەر بێت؟ بێگومان بزوێنەر بەمانا هارمۆنیکیەکەی.

**کەژاڵ ئادەمی:** من بەرهەمەکامنم خۆش دەوێ، مەسەلەن وەك چۆن دایکێك ڕۆڵەکانی خۆی خۆشدەوێت، هەندێك جاریش گوێیان لێدەگرم. بەبڕوای من گۆرانیبێژ ئازادە هەر چۆن حەز دەکات لەش و لاری بجولێنێ، بێگومان ئەوە کاریگەری لەسەر بینەریش دەبێت. هۆی ئەوەی کە من زۆر جوڵەی لەش بەکار ناهێنم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زۆربەی گۆرانیەکانم ریتمێکی هێمنیان هەیەو جوڵەی زۆر لەگەڵ ڕیتمی گۆرانیەکانمدا ناگوجنێت. هۆیەکی دیکەیشی ئەوەیە کەمن بۆخۆم کەسایەتییێکی ئارام و هێمنم هەیەو ئەمەش لەگەڵ شێوازی دەربڕین و ئەداکردن نایەتەوەو ڕەنگدانەوەی لەگۆرانییەکانیشمدا هەیە.



## سەنتەری ژنانی کورد لەئەڵمانیا:

## سکۆلار بوون مەرجی سەرەکی مسۆگەر بوونی کۆمەڵگەیەکی ئازادە

**سەیرکەن سەرەڕای ئەوەی هاوتەریبی و بەرامبەری و بەرگری لەمافەکانی مرۆڤ لەدنیای پێشکەوتوودا بەیاساو چەسپاوە، هەر ئێستا لەئەمریکا هەر شەش دەقیقە جارێك دەستدرێژی جنسی دەکرێتە سەر ژنێك، لەسوید لەهەفتەدا ژنێك لەژێر شەق و لێداندا دەمرێت، لەئەڵمانیا لەزۆربەی شارە گەورەکانماڵی ژنان پڕیەتی لەو ژنانەی دەستدرێژی کراوەتە سەریان و ئەشکەنجەی ڕۆحی و ڕەگەزی دراون و ڕەوانیان ئازار ئەدرێت!**

**سەنتەری ژنانی کورد لەئەڵمانیا**

**ئەرسەلان مەحمود:** زۆرێك هەڵسوراوی بوارەکانی جێندەر، تایبەت ئێوەیەکی هاوشێوەو نیشتەجێی ئەوروپاو خۆرئاوا بەگشتی کاتێك دێنە قسە تەنها نەقدی دۆخی ژن لەکوردستان و خۆرهەڵات بەگشتی دەکەن، ئایا دەتانەوێ وابنوێنن ئێوە لەدنیایەکی پۆست فێمینیست دا دەژین؟ هەر بەجیددی وەها مەیلێکتان هەیە؟ وەها شتێك بەرقەرارە؟ ئایا ئەمە بەدەستهاتووە؟

**سەنتەری ژنانی کورد:** بزوتنەوەی ژنانی دنیای پێشکەوتوو، بزوتنەوەیەکی نوێ نیە، ڕیشەیەکی مێژویی دورو درێژی سەدانساڵەی هەیە، یەکەم چەمخاخەو چریکەی بەرانبەرخوازی بەدەستپێکردنی بزوتنەوەی کرێکاری چارتیستەکان لەبەریتانیا سەری هەڵداو بەڕاپەڕینی ژنانی کرێکار لەئەمریکا درێژەی بەکارو چالاکییەکانی داوە، بەهەمان شێوەش وڵاتانی دیکەی ئەوروپایی گرتەوە، **ئەم بزاوتە لەگەڵ گوڕانکاریە ئابوریەکان قۆناغ بەقوناغی تێپەڕکردوەو گەشەی**

**کردوەو دەرهاویشتەی میژوییەك لەخەبات وچالاکی ژنان و پیاوانی ڕۆشنبیرە، هەر بۆیەش تا هاتووە گەشە کردو تر بووە.**

**ئەرسەلان مەحمود:** کەواتا بزوتنەوەیەکی بەنەخش و سەرکەوتووە؟

**سەنتەری ژنانی کورد:** بەڵێ، بەئەندازەیەکی زۆریش سەرکەوتو بووە، بەڵام ئەمە بەو مانایەش نا تەواوی ئامانجەکانی خۆی لەهێنانە دی کۆمەڵگەیەکی بەرامبەرخوازدا هێنابێتە دی، ئەم خەباتە درێژەی هەیە، چونکە ئێوە حەتمەن دەزانن هزری زاڵی پیاو سالاری زۆر لەوە ڕیشەدارترە هەروا ئاسان بتواندرێ پاشەکەشەی پێبکرێ و کاڵبکرێتەوە.

سەیرکەن سەرەڕای ئەوەی هاوتەریبی و بەرامبەری و بەرگری لەمافەکانی مرۆڤ لەدنیای پێشکەوتوودا بەیاساو چەسپاوە، هەر ئێستا لەئەمریکا هەر شەش دەقیقە جارێك دەستدرێژی جنسی دەکرێتە سەر ژنێك، لەسوید لەهەفتەدا ژنێك لەژێر شەق و لێداندا دەمرێت، لەئەڵمانیا لەزۆربەی شارە گەورەکان ماڵی ژنان پڕیەتی لەو ژنانەی دەستدرێژی جۆراو جۆر کراوەتە سەریان و ئەشکەنجەی ڕۆحی و ڕەگەزی دراون و ڕەوانیان ئازار ئەدرێت، ئێستاش لەم وڵاتانەدا ژنانی ئازادو یەکسانیخواز درێژە بەکاری خۆیان ئەدەن و تێدەکۆشن هاوتای ئەوەی یاساش داکۆکی لەمافەکانیان دەکات، هەر جۆرە یاسایەك نەشازو نەگونجاو بێت، پێداچونەوەو هەمواری لەسەر دەکرێت.

**ڕاستییەکەی کاتێك باس دەهێنینە سەر کومەڵگەی کوردی، مەسەلەکە تەواو پێچەوانە دەبێتەوە، بابەتەکە دەبێت بەقسە کردن لەسەر ژن تیایدا کەوتووەتە داوێن و پەراوێزی هەڵسوکەوتە کومەڵایەتیەکان، یانی ژن تەواو وەك ئامرازێك**

**چاو لێدەکرێت**، ژن کاتێ پارەو دەست مایەو سەرچاوەی سەربەخۆی ئابوری نەبوو هەبوونە جێندەرییەکەی دەکەوێتە ژێرباری بەندوباوە کۆمەڵایەتییەکان و لەویشەوە پیاو دەیفرۆشێ و پارەی پێ پەیدا دەکات!

**ئەرسەلان مەحمود:** ئەگەر بکرێ ئەمە ڕونتر بکەنەوە سپاستان دەکەم.

**سەنتەری ژنانی کورد: پیاو کاتێك بیەوێ هەست بەبونی تواناکانی خۆی بکاو دەسەڵاتی خۆی بسەلمێنێت لەواقیعدا، هەرچی ڕقی بێتوانایی بێدەسەڵاتی خۆی هەیە لەوەها دۆخێکدا بەسەر ژندا دەبارێنێ و خاڵی دەکاتەوە، کەی بەپێویستی بزانێت سکسی پێدەکات، کاتێکیش هەست بکا پێوستی نەماوە تەنها بەخاتری نیشاندانی مۆرکی پیاو بونی خۆی بەناوی دیفاع لەشەرەف و ناموس دەیکوژێت.**

**ئەرسەلان مەحمود:** ئەمە بەڕەهاییەوە، وایە؟

**سەنتەری ژنانی کورد:** ئەمە وەك حەقیقەتێك نکۆڵیهەڵنەگرەو وجودی هەیە، ئێمە ڕۆژانە شاهیدی بیستن و بینینی ئەم هەواڵ و ڕوداوانەین، کۆمەڵگەیەك سەرەتایترین مافەکانی ژنان ژێر پێبخات، ئێمە دەبێ هەوڵ بۆ تێپەڕاندنی ئەم قوناغانەی بدەین، دیارە دەمێك ساڵە ژنانی وڵاتانی پێشکەوتوو ئەم قۆناغەیان تێپەڕاندووە.

**ئەرسەلان مەحمود:** بەڵام تائێستاش ئەو ژنانەی شانازی بەلاوازییەکانیانەوە دەکەن لەبەرامبەر وەها عەقڵیەت و حوکمێکی پیاو سالاردا زۆرینەن، باشە ئەم قۆناغە چۆن تێدەپەڕێندرێ، ئایا ئەم خۆ بەکەم زانینەی وەها ژنانێك لەکوێ

و لەچییەوە سەرچاوەی گرتووە؟ ئەم بابەتە بەلای منەوە زۆر سەرنجڕاکێشە، ئاخر ئەم دەرگرییە زاتییە، دەرونیە سەراپای زۆرینەی ژنانی داپۆشیوە!

**سەنتەری ژنانی کورد:** بۆ لێکۆڵینەوی پرسەکانی ژن و ڕۆڵی ژن لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا، بەدیاریکراویش سەبارەت بەوەی بۆ ژنانی کورد خۆیان بەکەم دەزانن، دەبێ لێکدانەوەیی بنەڕەتی و بنچینەیی فەرهەنگی و زانستیانەی بۆ بکرێت، کێشەی ژنان و شێوازی هەڵسوکەوتی کۆمەڵگەی کوردەواری لەگەڵ ئەم گرێیە یەکێك لەسەرەکیترین ئەم کێشە بنچێنەیانەیە هەوێنەکەی خولقاوی کۆمەڵگەو پەیوەندی بەغیابی پێگەی تاکەکانیەوە هەیە.

**بۆ دەردەشە کردنی ئەم حەقیقەتە مێژوییە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ شەنکردنی هەژموونی ئەو واقیعە سەپێندراوە تائیفی و عەشرەتی و مەزهەبی و سیاسی و ئابوریانەی بەردەوام ڕۆڵی لەپەروەردە کردنی شتێك بەناوی پیاو بەمانای تاریفکراوی کۆمەڵگەی ئێمەو ئەو دەسەڵاتە فەرهەنگی و داب و نەرێتگەرایە سەرسەختەی ئەم کۆمەڵگەیە دەیداتێ.**

**ئەرسەلان مەحمود:** مەسەلەن ئەمە چۆن؟

**سەنتەری ژنانی کورد:** نەریتێك لەپرۆسەو مێژویەکی دورو درێژدا بێ سەرنجدان لەگۆڕانکارییە ئابوریی و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی دنیا، وەها سەخت ڕێگەی داگرتووە نابینێ و گوێ بەهیج گۆڕانکارییك نادات، دەبێ پرۆسەی پێکهاتنی دەیان و سەدان قانونی نوسراوو نەنوسراوی تانوپۆ داکوتاو شتێك بەناوی ژن بەم مانا تاریفکراوەی کۆمەڵگە لەناخی خۆیدا پەروەردە دەکات لێکبدرێتەوە.

**ئەم خۆ بەکەمزانینەی ژنانی کورد ڕیشەی لەمێژوی سیستمێکدایە ژنی تەنها ئاوا دەوێت، تەوای هەوڵی خۆی بکار دەهێنێت لەسەر ئەو بنەمایە چوارچێوەی سیستمی پەروەردەیی دابڕێژێت.**

**ئەرسەلان مەحمود:** کەواتا هۆکارە بابەتی و فەلسەفیەکانی چەوساندنەوەی ژن کامانەن، ئایا ژنان بۆ دەچەوسێندرێنەوە؟

**سەنتەری ژنانی کورد: توندوتیژی بەگشتی ڕەفتارێکە لەپێوەندی و ڕەوابتە کۆمەڵایەتیەکان وەرگیراوە لەڕێگەی ئیرسیاك ژنێتیەك بەئینسان ناگات**، بەڵکە ڕەگی لەڕەفتارو هەڵسوکەوتی کۆمەڵگەو ئەو شتانەدایە داکۆکی لەبەڕێوەبردن و پارێزگاری لەنەشونماپێکردنی دەکەن، یانی بۆتە چەمکێکی تەواو چەسپاو، ئەمە لەمەودای زەمنێکی درێژخایەن بۆتە فەرهەنگ، سنور بڕین وشکاندنی ئەم فەرهەنگەش مرۆڤ دەخاتە بەردەمی لێپرسینەوەی دین، مەعلومە ئاینیش ڕۆڵێکی هەرە گەورە لەداڕشتن و ڕەنگرێژ کردن و خستنەوەی ئەم جۆرو چەشنە توندوتیژیانەدا دەبینێت. لێگەڕێ با برێك زیاتر ئەمە ڕونبکەینەوە.

**ئەرسەلان مەحمود:** بفەرموون، کات و قسە بۆ ئێوەیە.

**سەنتەری ژنانی کورد:** ئەگەر ئێمە ئاوڕێك لەدەورانەکانی پێشوو بدەینەوەو چاوێك لەدەورو دەورانی ژنان لەپێوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی قۆناغی سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵگەی بەشەری بدەین و چۆنیەتی گواستنەوە لەقوناغیك بۆ قوناغێکی ڕەچاو بگرین لەوانەیە بتوانین وەڵامێك بۆ ئەم پرسیارە بدۆزینەوە.

لەدەورانی ئاژەڵداری، ژنان لەداهێنان و دەسکەوتە ئابوریەکان هەر وەك پیاوان بەشدار بوون و شان بەشانی ئەوان، تەنانەت بەهۆی بەڕێوەبردنی ئەرکی منداڵ

زیاتر لەپیاوان بۆ بەڕێوەبردنی ژیان کاریان دەکرد، تەنانەت لەباری جەستەیی و توانای بەدەنیەوە فەرقێکی ئەوتۆیان لەگەڵ پیاوانی ئەو سەردەمەدا نەبوو، بۆیە وەك پیاو خاوەنی دەسەڵات بوون و دەیانتوانی بڕیاردەر بن، بەگوزەری بەشەری بەسەر ئەم قۆناغە ئابوریەداو هاتنە ناوەوەی قۆناغی کشتوکاڵی و نێشتەجێبوونی ژنان لەماڵەوە ڕۆڵ و دەوری ژنان ڕواڵەتێکی تری بەخۆی گرت.

تەنانەت ئەو شتە لەسەر دروستبوونی جەستەی ژن بەو شێوازەی ئەمڕۆ ئێمە دەیبینین کاریگەرییەکەی بووە بەهەنگاوێك بۆ قەتیس کردنی ژنان لەناو چوارچێوەیەکی تایبەت کە گرفتی تایبەتیشی لەناو خۆیدا پەروەردە کردو ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە ژن ئیتر وەك پێشوو بەشداری ڕاستەوخۆی لەسەر ئابوری بنەماڵە نەما.

یەکێك لەم هۆیە هەرە گرینگانەی کە بەستراوە بەم میژووە تا هاتووە ژنانی پتر خستەوەتە ناو داوی یاساو ڕێساکانی زەمینی و ئاسمانییەوە، باری ئابوری و سەربەخۆ نەبونی ژن لەم بارەیەوە بوو ڕێگەی بەپێوەندیە کۆمەڵایەتیەکان ئەدا دۆخی ژن بهێننە ئەو ئاستەوە کە ژێر دەستە بێت.

**ئەرسەلان مەحمود:** پیاو لەهەمبەر پرسەکانی ژن، چۆن بتوانیٚ ببێتە بەشێك لەگۆڕان و گۆڕاوی دنیابیین و تێگەیشتن لەجیهانی ژنان وەك خۆی؟

**سەنتەری ژنانی کورد:** بۆ وڵامی ئەم پرسیارە باش وایە بێین ورد چاو بەمێژوی بزوتنەوەی ژنانی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بخشێنین، لەوانەیە لەو ڕۆچنەوە بتواندریٚ تیشك بخەینە سەر چۆنیەتی ئەو دەورەی پیاو دەتوانیٚ لەپرۆسەی گورانکاریە کومەڵایەتیەکان ببینێت.

**ئەرسەلان مەحمود:** پێتان وایە ئەمە دوا ڕێگەبێ و بتواندرێ وەها بەیەکەوە سازان و هاوخەباتییەك بەمانا بکرێ لەواقیعدا؟

**سەنتەری ژنانی کورد:** بەڵێ بێگومان، سەر هەڵدانی بزوتنەوەی ژنان لەدونیادا هەر لەسەرەتاوە بۆ مافی بەرانبەریخوازی و حەقدەستی بەرانبەر لەگەڵ پیاوە کرێکارەکاندا دەستی پێکرد، هۆکارەکانی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئەم بزوتنەوەیە ڕاستەوخۆ بەمەسئلەی ئابوریەوە گرێدراو بوون.

**ئەرسەلان مەحمود:** دەتوانن نمونەی ترمان بدەنێ؟

سەنتەری ژنانی کورد: پرۆسەی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی کرێکاری لەئەڵمانیا بووە مایەی ئەوەی بۆ هەوەڵینجار ڕاستەوخۆ تیشك بخرێتە سەر گرینگی یەکسانی مافی ژنان و پیاوان.

موریس مولێر خاوەنی کارخانەیەکی پیشەسازی بەباسکردنی چوار خاڵی سەرەکی پێوستیەکانی ئەم بەرانبەریخوازیەی شیکردنەوە، ئەگەر بەگرینگی بزانن دەیخەینە بەر دەستتان.

**ئەرسەلان مەحمود:** بۆنا، ئەکید بێسود نابێت، بفەرموون.

**سەنتەری ژنانی کورد:** بێگومان، زۆر باشە.

**یەکەم:** هیچ سەرکەوتن و بەرەو پێش چوونێك لەکۆمەڵگەدا، بەبێ بەڕەسمیەت ناسینی توانستەکانی ژنان و دابین کردنی مافی یەکسانی جێندەری بەدی نایەت.

**دووەم:** فاکتەرەکانی بیر کردنەوە پێوەندیان بەچۆنیەتی ڕەگەزی جنسیەوە نیەو لەنیوان ژنان و پیاوان یەکسانن و دەبێت بیروڕاکان جیا لەوەی ژن یا پیاو دەیلێت وەك یەك ڕێزی لێبگریدرێت.

**سێهەم:** تەواوی بوارەکان و قۆناغەکانی ژیانی ڕۆژانەی ئێمە ڕۆژ بەڕۆژ زۆر تر گرینگی هێنانە مەیدانی ژنان و پەروەردەکردنی ئەوان بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی ئاکتیڤ و چالاك لەپەروەردەکردنی کۆمەڵگەدا ببێنن ڕوبەڕو دەکاتەوە.

**چوارەم:** دەوڵەت دەبێت بۆ دابینکردنی یەکسانی لەنێوان ژنان وپیاوان و پێکهێنانی سیستەمێکی پەروەردەیی مۆدێرن بەبەرنامەو پلانی گونجاوەوە هەوڵ بدات و پیاوانی کرێکاریش دەبێ پێبەپێی ئەم هەوڵە بۆ پێشکەوتنی ئەم پرۆسەیە هەنگاو هەڵبگرن.

**ئەرسەلان مەحمود:** بەڵام دەوافع جەختکردنەوەی ئابوری بوو تا جێندەری.

**سەنتەری ژنانی کورد:** ئاخر پێشکەوتنخوازی ئابووری لەوڵاتە پێشکەوتوەکان هەلێکی گەورەی بۆ گەشەکردنی بزوتنەوەی ژنان خولقاند. دیارە لەوانەیە لەو سەردەمەدا پێشکەوتنە ئابورییەکان زۆر تر مەبەست بوو بێت بەڵام چونە ناو ناخی دەردە کۆمەڵایەتیەکان چ لەباری ئابوری وچ لەباری کۆمەڵایەتیەوەو ئەوەی پیاوانی ڕۆشنبیری ئەو سەردەمە بەپشتیوانی لەم پرۆژانە بوون بەپاڵپشت و هیوایەك بەپێشکەوتنی بزوتنەوەی ژنان کۆمەکی دەکرد.

**بۆ دەستەبەر کردنی بەرژەوەندیە کۆمەڵایەتیە ئابوری و سیاسیەکان دەبی ژنان و پیاوانی ڕۆشنبیر کۆمەڵگە بەیەکەوە قۆڵی هاوخەباتی لێ هەڵماڵن، ئەم**

**کێشەیە یەکێك لەو کێشە بنچینەییانەیە تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگە بەژن و پیاو دەگرێتەوە.**

جا لێرەدا پێوستیەکانی ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ ئەم بارودۆخە ناهەموارەی کۆمەڵگەی ئێمە تیشك دەخاتە سەر گرینگی ڕۆڵی ژنان و پیاوانی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە بۆ پێکهێنانی کەرەستەی پێوست بۆ گۆڕانکاری بناغەیی، لەپێناو دۆزینەوەی سیستمێکی نوێ تا مانایەکی نۆی بدا بەپیوندەیە کۆمەڵایەتیەکان.

**ئەرسەلان مەحمود:** پێگەی ژن لەکوێی بیروباوەڕە ئاسمانیەکاندا دەبینن؟ ئایا وا هەست ناکەن سکولارەکانیش بەگشتیانەوە بەردوامییەکبن لەجوینەوەو وێناکردنەوە ئاکاری و ڕەفتاری و پێکهاتەگەلێکی تری باوگەرای دەقخواز؟

**سەنتەری ژنانی کورد: دەبێ ڕاستەوخۆ تیشك بخەینە سەر ئاینی ئیسلام و باس لەجێگەی ژن لەناو بازنەی توندوتیژیەکانی پێوەندیدار بەم ئایینەوە بکەین، ئەگەر لێکدانەوەێکی زانستی لەسەر ئاینی ئیسلام بکەین و بچینە ناو ناخی ئەم ئایینەوەو مەسئلەی ژن لەم ئایینە هەڵاوێرین لەوانەیە ئیتر شتێکی ئەوتو بۆ باسکردن نەمێنێت!**

**ئەرسەلان مەحمود:** ڕەنگ خوێنەر حەز بکات ڕونتر لەم بارەیەوە بدوێن.

**سەنتەری ژنانی کورد:** بەڵێ بۆ نا. کاتیك ئاینی ئیسلام لەجێگەیەك سەقامگیر دەبێت، هەوەڵین هەنگاو بۆ پێداگرتنی خۆی ڕوبەڕوبونەوە لەگەل مەسئەلەی ژنانە، **کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لەدەسپێکی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات سەرکوتکردنی ژنان و جیلی نوێی کردە یەکێك لەئەمانجە سەرەکیەکانی، یانی بۆ سەقامگیر بوونی خۆی هەر چەشنە توندو تیژییەکی گرتە بەر.**

هیچ جێگەی گومان نیە کوماری ئیسلامی بەبەرنامەو پلانی تایبەتەوە لەگەڵ مەسئەلەی ژناندا ڕوبەرو بۆوە جا لەبەزۆر لەچك بەسەرداداني ژنانەوە بگرە تا هەڵاوێردی جنسی و بەردبارانکردن و هەڵواسین و ڕاوەدونان و کوشتن، هەمووی بۆ دەستەمۆ کردنی ژنان بووەو لەهیچ چەشنە توندوتیژییەك تا ئەم ساتانەش کۆتایی نەکردوە.

**ئەرسەلان مەحمود:** بەڵام ئایا وەها دەرئەنجامێك بەسە بەسەر تەواوی جیهانی ئیسلام و ئیسلامیدا بگشتێندرێت؟ ئایا ئەمە لەهەر واڵتێکدا بەفۆرم و بنەما ئیسلام ئەمە هەروایە؟

**سەنتەری ژنانی کورد:** سەقامگیر بوونی دین و ئاینی ئیسلام لەم ناوچەیەداو بەدیاریکراوی لەخۆرهەڵات ڕۆحی دەسەڵات بەپێوانەی پێوەرە ئاینیەکان دیاریکراوەو کاری پێدەکرێت، ئەمە بەیاسا تەنزیم کراوە. بەڵام بەپێچەوانەوەو لەڕاستیدا **ئازادی ژن هیچ کاتێك لەچوارچێوەی ئاین و شەریعەی ئیسلامیدا دەستەبەر نابێت، تەنها بەپێکهێنانی سیستمێکی مەدەنی و دمیوکرات لەسەر بنەمای ئازادی تاکە کەسی بەژن و پیاوو منداڵەوە تیادا پاریزراو بێ و هەوڵ بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئازادو یەکسان بدرێت،** بۆ پێکهێنانی کەرەستەی ئەم گۆڕانکارییە دەبێ لەهەموو لایەکەوە چ لەباری یاسایی بەجیاکردنەوەی دین لەسیاسەت چ لەباری کۆمەڵایەتی بەپەروەردە کردن و ناشتنی بیرۆکەی بەرانبەرخوازی کاری بۆ بکرێت.

**ئەرسەلان مەحمود:** دامەزراندنی وەها سستمێك دەبێتە چارەسەر؟

**سەنتەری ژنانی کورد: بەدامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی مافی تاکەکانی تیا بپارێزرێت و بنەمای سیستمی حکومەت بەبەرپرس بوون و بەرگری لەمافی مرۆڤ و لەسەر چوارچێوەی دیموکڕاسی دامبەزریٚ، سیستمێك یاساو قانون تیایدا سەروەری بکات دەتوانیٚ ڕیٚ خۆشکەر بێت بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی پێشکەوتوو، ئەوە بەو مانایە نا دەبیٚ حەتمەن چەپ لەسەر حکومەت بێت بەلأم سیکولار بوون و جیایی مەزهەب لەحکومەت یەکێك لەو مەرجە سەرەکیانەیە یاریدەرە بۆ مسۆگەر بوونی ئاواتی کۆمەڵگەیەکی ئازاد تا حکومەت بخاتە خزمەتی قانونی بەشەری نویٚ.**

**ئەرسەلان مەحمود:** خۆتان وەك سەنتەرو ڕێکخراوەکانی ژنانی کورد چۆن دەبینن، ئایا ئەوە تاقەو توانای تەواوەتی ئێوەی ژنانی ئەم میللەتەن؟ ئێستا با نەخشی سەنتەرەکەی ئێوە لەتاراوگە واتا دور لەواقیعی سیاسی کۆمەڵایەتی ئابوری و فەرهەنگی لەکوردەواری بزانین چ نەخشێکە؟ ئاماجنەکانی ئێوە بەتەنها هەر پرسی ژنە یا مەسەلەیەکی بەمنونە هەڵگری ئایدیۆلۆژی؟

**سەنتەری ژنانی کورد:** سەنتەر سەربەخۆیەو لەسەر بنەمای یەکسانیخوازی و بەرانبەری ماڤی ژنان و پیاوان پێکهاتووەو پێوەست بەهیچ حزب و ڕێکخراوێکی سیاسی و دەوڵەتی نیە. بەئامانجی گەشتن بەکۆمەڵگەیەکی یەکسان و ئازاد کار دەکاو ئەم چالاکیانەی ئەنجامداوە:

بەشدارمیان وەك سەنتەر لەبەرەو پێش بردنی پرۆسەی ئینتگراسیون بەدانانی کۆڕو سمینار بۆ هاولأتیان و پێوەندی لەگەڵ لایەنە ئەڵمانیەکان بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی ئەوان و هاندانی ژنان و منداڵانی هاولأتی بۆ ناسینی هەرچی زۆر تری ئەم کۆمەڵگەیە.

داکۆکیکردن لەماف ژنان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو بەو مەبەستە پێوەندی و یارمەتی وەرگرتن لەڕێکخراوە نێونەتەوەیەکان و یارمەتی کردنی ئەو ژنانەو کچانەی هەڕەشەی خێزانیان لەسەرە.

پێوەندیگرتن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردستان لەبواری کێشەی ژناندا چالاکن و ڕێگەیەك بین بۆ گەیاندنی دەنگی ئەوان بۆ مێدیای جیهانی. هەروەها پێوەندیگرتن لەگەڵ سەرجەمی ڕێکخراوە کوردیەکان بەتایبەت ڕێکخراوەکانی ژنان لەدەرەوی وڵات و هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی کاری هاوبەش.

ویستومانەو هەوڵئەدەین دەنگێك بین بۆ دەرخستن و مەحکوم کردنی هەر چەشنە توندوتیژییەك بەرانبەر ژنان و کچان دەکرێت چ لەدەرەوەو چ لەناوەوەی وڵات.

پێوەندیکردن بەڕێکخراوەکانی ژنانی بیانی لەبواری کێشەی ژنانداو کار کردن بۆ ئاڵوگۆڕ کردنی بیرو ڕاو دیالۆگ و یارمەتی وەرگرتن لەئەزمونی یەکتری.

**ئەرسەلان مەحمود:** هەربژین و دەستانخۆش بێت، ئایا خۆکوژی لای ژنی کورد دەرهاویشتەو هەڵگری چ جۆرە تێگەیشتن و لێکدانەوەیەکە؟ ئێوە پێتان وانیە خۆکوژی لای ئەوان جۆرێك لە نا ئاگامەندییەوە سەرچاوەی گرتبێت؟

**سەنتەری ژنانی کورد: خۆکوشتن و خۆسوتاندنی ژنان توڕەبوونە، یاخیبوونە لەو ژیانە، لەوژیانە بێ ژیانەی هەیانە، بێ هیوابوون و دابڕانە. کاتێك زەخت و گوشار دەگاتە ترۆپکی خۆی و حەسانەوەو بەئاسایش گەشتن خۆی تەنها لەئامێزی مەرگدا دەبینیتەوە، خۆکوشتنی ژنان کێشەیەکی کۆمەڵایەتیە تاك تاکی ئەندامانی کۆمەڵگە لەخولقاندنی سیناریوی پەلەقاژە کردنی ژنێك**

**لەئامێزی ئاگردا بەسەمای کلّپەکانی ئاگر ڕۆح و ڕەوان و جەستەی سەمای مەرگ دەکات تاوانبارن، تاك تاکەی کۆمەڵگە لەوەها لێکەوتەیەك بەرپرسیارو تاوانبارن دەبینن لوتیان پڕە لەبۆن کڕوزو گوێیان پڕە لەقرچەقرچی سوتان، پڕە لەهاوار بەڵام هیچ ناڵێن و بێدەنگن، بێدەنگییەکی نامۆو کش و مات باڵی بەسەر ئەم وڵاتە تەم گرتووەدا کێشاوە، خۆکوشتنی ژنان بێ دەرەتانیە، شکاندنی سنورو بێ بڕواییە بەو سنورە دەستکردانەی ئەم نیزام و سیستمە چوارچێوەیان داڕشتووە.**

**ئەرسەلان مەحمود:** ژنی کورد چۆن دەبنە مرۆگەلێکی ڕەچەشکێن؟

**سەنتەری ژنان:** بێگومان بەهاتنە دەرەوە لەو چوارچێوە دەستکردانەو بەهەند وەرگرتنی مافی ئینسانی خۆیان وەك هەر مرۆڤێکی ترو بەبڕوا بەتوانایەکانیان هەوڵ بدەن بۆ داڕشتنی ئاسۆیەك ئەوانیش لەدیاری کردندا دەوریان هەبێت، بەهەوڵ بۆ بردنە سەرەوەی ئاستی زانیاری و سەر بەخۆیی بونی زاتی و ئابوری.

**ئەرسەلان مەحمود:** ئایا ژن حەز دەکا هاوسەر یا ئەو کەسەی خۆشی دەوێ چ شتێك دەربارەی جیهانی تایبەتی ئەو بزانێ؟

**سەنتەری ژنانی کورد:** ڕەنگە ڕاست دەرنەچێ لەبری هەر ژنێك واڵم بدەمەوە، هەروەکچۆن بەهۆی ئەوەی وەك نوێنەری سەنتەرەکەمان واڵم ئەدەمەوە، نامەوێ بچمە سەر قسەو باس و ڕای خۆم، بەلاّم دەتوانم بڵێم هەرتاکێك بەرپرسیارەو دەتوانی ڕۆڵی لەدروستکردندا هەبێت، هیوادارم هەموو پێکەوە من و هاوسەرەکەم و ئێوەو هاوسەرەکەتان هەوڵ بدەین ئازادی و بەرانبەری

لەچوارچێوەی وشەی جوان و بریقەداردا نەمێنێتەوە لەنێوانمانداو بەکردەوە بیسەلمێنین.

**ئەرسەلان مەحمود:** وەك ئەوەی لەکوردەواری و کۆمەڵگەی خۆرهەڵاتی دا بەگشتی زیاتر باوە، ئایا دەکرێ پیاوی ژندار وەك دەسەڵاتدارێك سەیر بکەین؟

**سەنتەری ژنانی کورد:** بەهیچ جۆرێك ئەو ڕوانگەیە دروست نیە. هەوڵی کۆمەڵگە دواکەوتوەکان بۆ سەپاندن و بەردەوام بوونی ئەم بیرۆکەیە بەدرێژایی مێژوو زیان و زەرەری تەنانەت لەپروسەی جوڵانەوی نەتەوەیش داوە. ژنان پایەی ئەساسی گۆمەڵگەن چۆن دەتواندرێت چاوەڕوانی ئەوە بکرێت لەناو کۆمەڵگەیەك دەسەڵات تەنها لەکوشتن و بڕی ژنان بەردە بنەڕەتیەکان دادەنێن و بنەمان و لەسەر ئەو بنچینەیە چوارچێوەی ئەو کۆمەڵگەیە دروست دەبێت ژنان تیایدا بندەستەن و تەنانەت مافە سەرەکیەکانیشیان لێ زەوت دەکرێت منداڵانی ژیرو وریا پەروەردە بکەن و ڕۆڵی پێوست لەسیستمی پەروەردەیدا ببینن.

**چۆن دەتواندرێ بۆ نەتەوەیەك ڕزگاری نەتەوەیی دەستەبەر ببێت لەکاتێکدا ئەم نەتەوەیە لەناخی خۆیدا بندەستە بوون پەروەردە دەکات و لەسەر ئەو چوارچێوە سیماو پەیکەرەی داڕژاوەو بەڕێوە چوونی ئەو داب و نەریتانەی بەردەوام بوونی ئەو بریۆکەیە یاری ئەدەن بەئاسایی دەبینێت.**

بەئەزمونی تەوای مێژوو ڕابردوی وڵاتانی پێشکەوتوو، پێشکەوتن تەنها بەیەك ڕەگەز دەستەبەر نابێت و تا ئەو کاتەی وشەی دەسەڵاتداربون بەجۆرێکی تر مانا نەکرێتەوە بەرژەوەندیەکان قەتیس دەبێت لەناو زیندانی بیرو باوەرە کۆن

و ژەنگاویەکان. دەبێ لەنوێ پێوەندیەکان مانا بکرێنەوە، دەبێت سیستمێکی نوێ دابڕێژین وشەی دەسەڵات چیتر کارەسات نەخولقێنێت.

**ئەرسەلان مەحمود:** بەشداریی ژن لەنێو حزب و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەچ ئاستێکدا دەبینن؟ ئایا وەك ئەوە وایە پێویستە؟

**سەنتەری ژنانی کورد: یەکێك لەو گرفتانەی هەموو کات لەمپەری خستۆتە بەر بزوتنەوی ژنان ئەوە بووە ژنانی چالاك لەکوردستان بەگشتی هەوڵیان داوە لەناو حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکاندا کار بکەن و پرۆسەی بزوتنەوەی ژنانیش هەر بگونجێننە ناو ئەو چوارچێوەوە. وەك پاشکۆی حزب و ڕێکخراو کارکردن زیانێکی زۆری لەپڕۆسەی بزوتنەوی ژنانی کورد داوەو لەوانەیە ئەگەر بەراوردێك بکەین ژنانی کوردی ڕۆژ هەڵات و باشوریش زۆر زیاتر لەوەی خۆیان بۆ بزوتنەوەی ژنان تەرخان کردبێت زیاتر لەخزمەت حزب و ڕێکخراوە کوردیەکان بوون.**

باشترە ئاماژە بدەینە سەر ئەوەی مەسئەلەی رزگاری نەتەوەیی ڕۆلێکی گەورەی لەوەدا بینیوە بزوتنەوی ژنان بخرێتە پەراوێزەوەو هەموو کات گرێ بدرێ بەڕزگاری نەتەوەیی.

**ئەرسەلان مەحمود:** زۆر لەکاتتانم گرت، زۆر سپاس سەرکەوتووبن.

**سەنتەری ژنانی کورد:** ماندو نەبن. تکایە لەبڵاوبونەوەی ئاگادارمان بکەنەوە.

**سەنتەری ژنان، سەنتەری ژنانی کورد لەئەڵمانیا دامەزراوەیەکی یەکسانی خوازی سەربەخۆیەو لەسەر بنەمای بەرانبەری مافی ژنان و پیاوان پێکهاتووەو پەیوەست بەهیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی و دەوڵەتییەوە نییە.**



## ڕێکخراوی مافی ژنی کورد، مافی مرۆڤ / کۆڵن:

## دەبێ ژن و چێشت لێنان، ژن و مەتبەخ لەیەک جیا بکرێتەوە

**ستەم و چەوساندنەوەی مرۆیی هەر بەرامبەر بەژنان نییە، لەکۆمەڵگەیەکی چینایەتییدا پیاوانیش دەکەونە بەر زەبری چەوساندەنەوەو ستەمکاری. جیاوازییەکە ئەوەیە ژنان لەبەردەمی چەوساندنەوەیەکی دولانەدان. ستەمکارو و چەوسێنەرەکان کێن، بێگومان ئەو توێژو گروپانەن خاوەن دەستەڵاتن. ژنان بەدرێژایی هەزاران ساڵە لەبەردەم وەها ستەمگەلیك و چەوساندنەوەیەکدا ژیان بەسەر دەبەن.**

**ڕێکخراوی مافی ژنی کورد، مافی مرۆڤ/ کۆڵن**

لەهەمبەر هۆکاری چەوساندنەوەی ژنان ئەم ڕێکخراوە لەسەرەتادا گوتیان: لەڕوانگەی تیۆری و جوڵانەوەی فێمێنیستییەوە، ستەمی جنسی و ململانێی دژی ستەمی جنسی بوعدێکی قوڵی فکری و فەرهەنگی هەیەو یەکێك لەکۆنترین دیاردەکانی مێژوی مرڤایەتییەو هەزاران ساڵ ڕەگ و جێکەوتەی هەیە.

**ڕێکخراوی مافی ژنی کورد، مافی مرۆڤ/ کۆڵن**، گوتیان: شەپۆلی فێمێنیزم وەك ئالتەرناتیڤی شەپۆلی یەك زۆر بەراشکاوی لەسەر بنەمای ئەو گووتارە هاتە مەیدان، چونکە خەباتی ژنان بۆ یەکسانی و هاوتاخوازی لەمافدا تەنها هەر دوبارە وێناکردنی جوڵانەی سیاسی بۆ یەکسانی کۆمەڵایەتی نییە، مەسەلەکە فراوان ترەو سەرئەنجامەکەی مرۆڤ ئامانجە.

**سەرچاوەی ئەم هزرینەی بزوتنەوەی فێمێنیزمی ڕونە لەتێگەیشتنی شەپۆلی یەکەمەوە هاتووە، جوڵانەوەی فێمێنیستی دەبێت جووڵانەوەی ژنان لەهەموو بوارەکانی ژیاندا پەرەگرتوو تر بکات و مرۆڤ بەئامانج بگرێت.** هەر بۆیەش

قەسە لەسەر هۆکارە بابەتییەکان و فەلسەفیەکانی ستەم لەسەر ژنان یا چەوساندەنەوەی ئەوان رەنگە بەتێڕوانینێکی ئاوا سەرپێییانە نەکرێ وردو بەدیقەتەوە بهێندرێتە بەر باس و قسە لێکردنەوە، بەڵام بەکورتی دەتوانین بڵێین:

بزوتنەوەی فێمێنیزمی، لەدوای شەپۆلی دووەمەوە زۆر تر سەرنجی چالاکانی ئەم بوارەو جوڵانەوەی ژنانی بۆ هۆکاری بایۆلۆژی ڕەگەزی مێینە کێشکردوە، بەنمونە: لەم ڕوانگەیەوە تایبەتمەندی منداڵبوون و ڕەنگدانەوەی ئەم دیاردەیە شەرعییەتدانە بەستەم و چەوساندەنەوەی ژنان، ئەم باسە زۆر بەوردی لەڕوی بایۆلۆژییەوە شیکراوەتەوە.

ستافی ئەم رێکخراوە گوتیان: پێش شۆرشی پیشەسازی بەهیچ شێوەیەك مەسەلەی تەکنۆلۆژیاو ئامرازی بەربەستکردن و کونتڕۆڵی منداڵ تۆمار بوون لەئارادا نەبوو، تا ئەو سەردەم بەرپرسی منداڵ و گەورەکردنی منداڵ بەتایبەت منداڵی نێر، کە پێگەیەکی بەرچاوی هەبوو لەبارهێنانی ئابوری و لەشێوازی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی ئەو کاتەدا بەرپرسی سەرەکی ژنان بوون. مەسەلەی بەربەرەکانی و ململانێی ژنان لەدژی ستەم و زۆرداری ڕەگەزی تەنیا وەك دیاردەیەکی تاکی و زۆر بەدەگمەن سەری هەڵدەداو دەبیندرا.

ئەوان وتیان: شۆرشی پیشەسازی تەنها شۆرشێك نەبوو لەپانتایی ئامرازی بەرهەمهێناندا، بەڵکە کۆمەلێك گۆرانکاری گەورەو ڕیشەیی بەدوای خۆیدا هێنا، مەسەلەن پیداویستی کۆنترۆلی نەفووس لەو لەسەردەمدا هاتە ئاراوە. لەناوەراستی سەدەی ڕابردو بەولاوە لەئەوروپاو ئەمریکادا پیشەسازییەکی هەمەلایەنانە پەرەی سەند، جۆڵانەوەیەکی جیددی فێمێنیستی سەری هەڵدا،

ئەم جووڵانەوەیە هێرشێکی توندیان دەکردە سەر خانەوادە، خێزان، کلیساو دەوڵەت و یاسا چەسپاوەکان، وەك سەرچاوەی بەرهەمهێنانی ستەم و زۆرداری لەدژی ژنان ئەژماریان دەکرد.

**لەزیهنییەتی ئەم فکرین و هەژموونەدا، بەرەو پێشەوەچوونی پێگەو ڕۆڵگەی ژنان لەئابوری و نیزامی بەرهەمهێنان سەتەم و چەساندنەوەی سەر ژنان کەم دەکاتەوە.**

لەرۆژئاوا، ژنان بێگومان دوای خەبات و قوربانیدانێکی زۆر دورو درێژو دژوار ئەوسا توانیویانە پێگەیەکی دیار لەئابوری و بەرهەمهێناندا بەدەست بهێنن، ئێستا بەشێکی زۆری لەخواست و ویستەکانی ژنان جێگر بووە، هەروەها تا ئەندازەو ئاستێکی زۆر سەرجنراکێشیش ستەم لەسەر ژنان کەم بۆتەوە، هەر چەند دیاردە نەگریسە هێشتا ماویەتی بەتەواوی بنەبڕ بکرێت.

کاتێك پرسیمان: ژنانی کۆمەڵگەی خۆرهەلاتی، لەم نێوەندەشدا ژنانی کورد بەتایبەتی بۆ نەیتوانیوە ببێتە خاوەن کەسیەتیەکی سەربەخۆو ڕەچەشکێن، یان بۆچی پێگەیان لەیاساو ڕێسا نوسراوو نەنوسراوەکاندا بزرە؟

گوتیان: کۆمەڵگەی کوردی تا ئەم ساتەیش کۆمەڵگەیەکی سوننەتییەو تا ئێستاش دابو نەرێتە خێلەکی و عەشایرییەکان کاریگەرییەکی بەرچاویان هەیە، ژنی کورد تەنیا لەو چەند دەیەی دواییدا مەودای بۆ رەخساوە بێتە دەرەوەو بکەوێتە سەر چالاکی نواندنی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی، لەکوردستان ئاستی پەروەردەو تێگەیشتن هاوچەرخ و سەردەمیانە نیە تایبەت لەگوندەکان ئەمە تا ئێستاش نزمە، لەشارەکاندا ئاستی پەردەردەی ژنان تا ئەندازەیەك

جیاوازترەو ( لێرەدا پتر مەبەست لەژنانی ڕۆژهەلأتی کوردستانە) گەیشتوەتە ڕادەی پیاوان بەڵام کۆمەڵێك بەربەست و ڕێگری کۆمەڵایەتی کەپاشماوەی کولتوری پێش مۆدێرنەن لەسەرەوی هەمووشیان دوڵەتی ئێسلامی و کولتوری زاڵبووی دینی دەرفەتەکەیان لەژنان بەرتەسك کردووە بۆ هاوبەشی ژیان و مافی یەکسانی.

**جووڵانەوەی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێستا بووە بەپاشکۆی جووڵانەوەی ژنان لەئێراندا بەگشتی، ئەمە سەرەڕای سیاسەتی داپلۆساندن تیرۆری کۆماری ئیسلامی بەراستی جووڵانەوەیەکی بەدەستەڵاتی دژی ڕژێمی حاکمە، لەبەراورد لەگەل پارچەکانی تری کوردسان کۆمەڵێك گەشەسەندنی زیاترو نەوعی تری بەخۆیەوە دیوە.**

بەڵام لەهەمان کاتدا ئەم پرسیارەی ئیوە کەبۆ جووڵانەوەی ژنانی کوردستان نەیتوانیوە خاوەن کەسایەتیەکی سەربەخۆ بێت راستی تێدایە، هۆکارەکانی زۆرن لەوانە هەلومەرجی نا ئاسایی لەئێران بەگشتی و لەڕۆژهەلأتی کوردستاندا بەتایبەتی بووەتە بەربەستی بەردەم سەرهەڵدانی ڕابەران و ئالیەتی سەربەخۆ کە تواناو هێزی رابەری ئەو جووڵانەوەیان هەبێت.

هەڵبەت ئەوە تەنها هەر بزوتنەوەی ژنان نییە ئەم گرفتەی هەیە، جووڵانەوەی سیاسی کورد بەگشتی لەرۆژهەڵاتی نیشتمانەکەی خۆی لەئەزمەو قەیرانی قوڵی ناڕونی ناسنامەو ستراتیژی و بۆشایی رابەرێکی کارامەدا دەخولێتەوە. **نەبوونی رابەرانی شارەزاو کارامە بووەتە هۆکاری ئەوەی تا ئێستاش ئێمە لەرۆژهەڵات نەتوانین خۆمان کۆبکەینەوەو خۆمان لەم قەیرانە دەرباز بکەین.** سەرەرای ئەوەش لەژێر سیاسەتی داپلۆسێنەرانەی ڕژێمی ئیسلامیدا ژنانی

کورد لەرۆژهەڵات لەکۆمەڵێك بواری کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و هونەری وەك سینەما رۆمان و داستان نووسیدا بەشیوازێکی بەرچاو کۆمەڵێك دەستکەوی بەرچاویان بووە.

هەڵبەت وەك خۆتان ئاگادارن چالاکی سیاسی لەئێران و رۆژهەڵاتدا لەبەردەم بەربەست و مانعی مەزندایەو مرۆڤ تەنیا دەتوانێ بەشێوازی نهێنی بەردەوامی بداتە کارو چالاکی ناندنی جۆراو جۆر بەتایبەت حزبی و ڕێکخراوەیی و سیاسی، ئەکید کاری نهێنیش هەروا ئاسان و سادە نییەو هەڵگری کۆمەڵێك خەتەرو مەترسییە.

بەشێکی بەچاوی ژنان هێزو توانای خۆیان بۆ سەرەتایترین ویستی یاسای تەرخان کردوەو لەهەمان کاتدا کێشەکانی تەڵاق زواج و چەند هاوسەری گرینگترین سەرقاڵی ژنانن و ئەوەش لەرادەیەك رێگر بووە لەسەرهەڵدانی رابەرانی سەربەخۆ لەناو ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەم رێکخراوە پێیان وایە دنیابینی پیاو لەهەمبەر پرسەکانی ژنان، بۆئەوەی ئەوانیش ببنە بەشێك لەگۆڕان و گۆڕاوی دونیاو تێگەیشتنی لەجیهانی ژن وەك خۆی، دەبێ بەریگریکارێکی سەرسەختی ئازادی و پارێزەری مافەکانی مرۆڤ بن، لەم بارەیەوە گوتیان:

**مرۆڤایەتی و بەگشتی ئەو کەسانی کەلەرێبازو ڕەوتی ئازادی، دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ خەبات دەکەن بۆ وەدیهێنانی هەلومەرجێکی باشتری ژیان بۆ هەموو کەس هەنگاو هەڵدەگرن، لەراستیدا بۆ ئازادی و رزگاری ژنانیش خەبات دەکەن.**

**ئەم پیاوانەی لەرێگەی پەرەسەندنی ئازادی و دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ خەبات دەکەن تەنیا ژیانی پیاوان نا بەڵکە ژیانی ژنانیش بەرەو ئاسۆیەکی باشتر دەبن. بەرگری کردن لەمافی مرۆڤ و ئازادی و دیمۆکراسی، لەیەك کاتدا دەبێ دیفاع بێ لەهەموو کەس و ژنانیش بەهۆی ئەو ستەم و زەختە زۆرو دو لایەنەی کەبەسەریاندا سەپاوە دەبێ لەو خەباتە بەهرەو سود وەرگرن.**

ئەم ڕێکخراوە، دەربارەی هۆکارەکانی خۆد کوژی لای ژنانی کورد ئاخۆ دەرهاویشتەو هەڵگری چ جۆرە تێگەیشتن و لێکدانەوەیەکە گوتیان: پێویستە بلێین کە **خۆکوژی ژنان نەدیاردەیەکی بەس کوردییە بەڵکە وەك زۆر شتی دیکەی دنیای ئەمڕۆ دیاردەیەکی جیهانیە بۆیە هویەکانیشی تارادەیەکی زور دەتوانێ یەکسان بێت.**

بەڵام بەرای ئیمە هۆی خۆکوژی تەنیا لەنا ئاگامەندییەوە سەرچاوە ناگرێت. چونکە زۆرێك لەپیاوانیش تووشی نائاکامی دەبن بەڵام ئەی بۆ خۆیان ناکوژن یا ئەگەر روداوێکی وا هەبێت ئەوندە دەگمەنە کەبەرچاو ناکەوێت. لێدوان لەم بارەوە بۆ پێزانینی هۆیەکانی ئەم یاردە پێویستی بەکات و لێکۆڵینەوەی تایبەتە.

تەنها ئەتوانین بلێین **خۆکوژی ژنان ریشەو هۆ کارەکەی لەدڵی مێژو دایە. قەت مێژوی ئەو کومەڵگەیەی ژنی وەك مرۆیەکی سەربەخۆو خاوەن حەقی بەرانبەر نەناسیوە بەڵکە وەك خزمەتکاری پیاو، دایکی منداڵان، بەجێهێنەری ئەرکە تاقەت پروکینەرەکانی ماڵ و هەروەها ئامرازێکی جنسی چاوی لێکردوە.**

کەوا بوو ئەم کویلە بەرواڵەت ئینسانیە کەدەرونی لەم هەموو زەخت و زۆرە سارێژ دەبێت بەکووشتنی خۆی وەك بۆمبێك بەڕوی کۆمەڵگەدا دەتەقێتەوە، راستییەکەی ئەمە شەرمەزاریەکی زۆرەیە بۆ کۆمەڵگەکانی سەردەم.

**چ خۆکوژی ژنان و چ کوشتنی ژنان لەهەر شوێنێك ببێت بەروداوێکی ئاسایی هەموو بنەماکانی ئەو کومەڵگە لەمێژووەوە بگرە تا ئاین و کولتورو نەریت و حکومەت و یاسا هەمووی ئەکەونە ژێر پرسیارەوە.**

وتم: ژنانی کورد چۆن و کەی دەبنە ژنگەلێکی هەڵگری پەیامێکی جیددی و نەوعی یاخیگەرایی بەڕوی بەندوباوە کۆمەڵایەتییەکان و ئەم توندوتیژیە هەمەجۆرانەی دەکرێتە سەریان بەگشتی؟ نوێنەری قسەکەری رێکخراوی مافی ژنی کورد، مافی مرۆڤ لەکولن، بەم جۆرە وڵامیاندایەوە:

هەر ئێستاو دەمێکە رچەشکێنی دەسیتپێکردوە. پێکهاتنی سەدەها رێکخراوی جۆراو جۆری ژنان باس و بابەت و ئەنجامدانی هەزارەها توێژوینەوەو لێکۆڵینەوەو دەرهێنانی رۆژنامەو چاپەمەنی سەبارەت بەکێشەی ژنان لەلایك و پەرەسەندنی کوشتن و برین و ئازاری ژنان لەلایەکی ترەوە ئەمانە هەمووی سەلمێنەری هەڵچونی بزوتنەوەی ژنانن دژ بەدابوو نەرێتە سواو وەستاوەکان و بنەبەرکردنی توندوتیژی گەیشتوەتە ئاستیکی بەرز.

بەڵام ئەوەی ئەم خەبات و تێکۆشانە کەی و چۆن بەئامانجەکانی خۆی دەگات بەستراوەتەوە بەچەند هۆیەکی سەرەکی وەك دامەرزاندنی یەکەو بنەماکانی دیموکراسی لەناو کۆمەڵگەدا، پەیوەستە بەجێگیربونی شارستانیەتی مۆدێرن پەیوەستە بەهەڵکشانی فکری و هزری و بیرو بۆچونی پێشکەوتو خوازانەی ژن

وەك خزمەتكاری پیاو یان بەخێوكەری منداڵ یا چێشتلێنەر نابینێت، بەڵكە وەك ئینسانێكی خاوەن حەقی بەرانبەر لەگەڵ پیاودا لەهەموو بەشەكانی ژیاندا دەبینێت، بۆچی هەر چێشتلێنان بەئەركی سەرەكی ژنان چاو لیٚ دەكرێت؟ ئەم بۆچونانە ئەگەرچی بۆچوونێكی زاڵە لەبیرو رای گشتیدا بەنسبەت ژنانەوە، بەلاّم ئەگەر بەوردی سەیری لێهاتویی ژنان بكەین، بۆمان دەر دەكەویت ژنانی پلەو پایە زانستی زۆر بەرزیان لەجیهاندا هەیەو لەبەشە جۆراو جۆرەكانی كومەڵگەدا ئەركی قورسیان لەسەرشان دایە.

بەكورتی **بەهیواین ئاستی هۆشیاری و زانیاری فكری خەڵك بەعام و بەتایبەت رۆشنبیران بەرادەیك بگات كەلانی كەم ژن و چێشت لێنان و ژن و مەتبەخ لەیەك جیا بكرێتەوە.**

**ریكخراوی مافی ژنی كورد، مافی مرۆڤ/ كۆڵن، دامەزراوەیەكی مەدەنی داكۆكی مافەكانی ژنی كوردەو لەئەڵمانیا، درێژە بەكارو چالاكیەكانی خۆی ئەدات، ستاف: شورنگیز رحیمی، بەهار زەندی، روفیار رمزان علی، بەدریە تەوحیدی، فریشتە گوڵپەروەر، ژینا توتاخچی، ناهیدە بەهمەنی، پرشەنگ بلوری، شادی ساڵحی.**